دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر
مصلح جەلالی

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

لەم ژمارەیەدا
ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسێ لە دهۆکەوە دەربارەی وەڵام دانەوە توندەکەی عیراق لە ٢٢ی ئەیلولی/ ١٩٨٠دا /ل٥

پێنج شەممە ١٩٨٦/٩/٢٥ ژمارە ٨٥٨ | ١٢ لاپەڕە | بە ٥٠ فلسە | الخميس ١٩٨٦/٩/٢٥ العدد ٨٥٨

سەرکردە: ئەم عێراقە، زۆری فێری جیهان کرد

فەیلەقی سێیەم دووپەلاماری دوژمن تێکدەشکێنێت



بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین چاوی بە عرفات دەکەوێت دووپات کردنەوەی هەڵوێستی عیراق لە پشتگیری کردنی خەباتی گەلی فەلەستین

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین چاوی بە بەڕێز یاسر عرفات سەرەکی لیژنەی راپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی کەوت.

لە چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز یاسر عرفات دووپاتی کردەوە کە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین پشتگیری عیراق دەکات لەو لە خۆبەرگری کردنە ڕەوایەی لە پێناوی سەر بڵندی و سەربەرزی نەتەوەی عەرەب دا دژ بە دەستدرێژی ڕژێمی داخ لە دڵی ئێران دەینوێنێت.

هەروەها ڕێزی لە هەڵوێستی عیراق نا سەرباریەت بە چاك ڕەفتار کردنی لەگەڵ ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی لەلایەن دەستەو ڕێکخراوە ناوچەیی و نێو دەوڵەتی یەکانەوە دەدرێن بۆ ڕاگرتنی جەنگ و هەڵوێستی بەردەوامی عیراق بۆ گێرانەوەی ئاشتی ی دادوەرانەو سەر بڵندانە.

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی هەڵوێستی عیراقی کردەوە بۆ پشتگیری کردنی مەسەلەی فەلەستین و پشگیری کردنی خەباتی گەلی فەلەستین لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا بە سەرکردایەتی کردنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەوەی کە تەنیا نوێنەری ڕەواو ڕاستەقینەی گەلی فەلەستینە.

سەرەکی فەرماندە مەدالیای ئازایەتی و نیشانەو نازناوی پاڵەوانی قادسیە بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و دەستەیەك لە فروکەوانەکان دەبەخشێ

سەرەکی فەرماندە موهیب ڕوکن صدام حسین فەرماندەی گشتی ی هێزە چەکدارەکان ئەوەی دووپات کردەوە کەکاتی ئەیلوولی هەموو ساڵێ دێ ئەو تێروانینە خۆ بەزل گرتووەی دەستەی خومەینیان دێتەوە یاد کە دەڵێ هەرچی خراپەی دەروونی ئەمیزادو هۆکارەکانی کینەیە لای هەندێ کەس لە خۆیا کۆی کردوەتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەی خراپەو لە سنوورلادان و دەستدرێژی کردنە سەر عێراق بیتەقێنێتەوە.

هەروەها ئەو قسەیەی خۆمانیان دێتەوە یاد کە دەمانوت خەیاڵتان خاوە ئەگەر لاتان وایێ دەتوانن عێراق داگیرکەن.

هەروەها لەکاتی بەخشینی مەدالیاو نیشانەی ئازایەتی و ناوی پاڵەوانی قادسیە بە فەریقی فروکەوان فەرماندەی هێزی ئاسمانی و بەرگری ی ئاسمانی و ژمارەیە لە ئەفسەرە فروکەوانەکان وتی ژیان وا پێویست دەکا لە ئادەمیزادە چاکەکان کە گیان بەخت کەن لەپێناویا دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە لە ل ٣ دایە.

هێزەکانی حسین داستانێکی نوێ تۆمار دەکەن

سەرکردەی هێزە پاڵەوانەکانی حسین: بەنەخشەیەکی ڕێك و پێك دوو هەوڵی دوژمنمان هاڕی

سەرکردەی هێزەکانی حسین دەرخست کە هێزەکانی لەو پەڕی ئامادەیی دایە بۆ لەناوبردنی هەموو هەوڵێکی ڕژێمی ئێران کە دەیەوێ زیان بەخاکی پاکمان بگەیەنێ.

لە دوانێك دا بۆ بەرنامەی هێزە چەکدارەکان کە پێرێکە بڵاوکرایەوەوتی هێزەکانی دوژمن شەوی ٢٣/٢٢ لە سەعات هەشت و نیودا ویستیان لە بەربەستی ڕۆژهەلاتی دوورگەی مەجنون نزیك ببنەوە، بەڵام هێزەکانمان بەو پەڕی ووشیاریەوە زوربەی بەلەمەکانیان کەپێی هاتبون لەناو بردو زوربەی سەربازە پیادەکانیشیان کوشت و بریندار کرد.

دوژمن جارێکی تر لە سەعات یەك و نیودا هێرشی هێنایەوە بەڵام ئەمجارە هێزەکانمان بەپێی نەخشەیەك کە بۆ لە ناو بردنیان دانرابوو ڕێیان دان بێنە پێشەوەو دوای ئەوە بەتوندی پەلاماریان دان و ناچاریان کردن خۆیان بدەن بەدەستەوە بەیاخی سپی هەڵبکەن بەم جۆرە هەر دوو هەوڵەکەی دوژمن زینده بەچاڵ کرا.

عیراق بەشداری ی کۆنگرەی ئیسلامی جیهانی دەکات

عیراق لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ئیسلامی ی جیهانی دا بەشداری دەکات کە لە سەرەتای مانگی ئایەندەدا لە شاری باکۆی پایتەختی کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت دا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ساز دەدرێت.

کۆنگرەکە لە دەوری ئیسلام لە ئاشتی ی جیهان و مەسەلەو باسی ئیستای نێو دەوڵەتی و دەوری ووڵاتە موسوڵمانەکان لە پاراستنی بیرو باوەڕو نەریتی ئیسلامی و بنیاتنانی پەیوەندی چاك لە نێوان ئەو ووڵاتانەدا دەکۆڵێتەوە.

وەفدی عیراقیش لێکۆڵینەوەیەك پێشکەش بە کۆنگرەکە دەکات لەو لایەنە ناڕاکاریانە دەکۆڵێتەوە کە ڕژێمی خومەینی لەسەریان دەروات بۆ تێکدانی بیرو باوەڕی ئیسلامەتی و سووربوونی لەسەر بەردەوام بوونی دەستدرێژی یەکەی بۆ سەر عیراقی موسوڵمان.

بەڕێز طارق عزیز لە نیۆیۆرك چاوی بە ژمارەیەك لە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان دەکەوێت

بەڕێز طارق عزیز جێگری سەرەك وەزیران وەزیری دەرەوە لە نیۆیۆرك چاوی بەوەزیری دەرەوەی بولگاریا پیتەر مالدنۆف و وەزیری دەرەوەی کوێت صباح الأحمدو وەزیری دەرەوەی تونس هادی مبروك کەوت هەرکەسەو بەتەنیا.

بەڕێز طارق عزیز لە کاتی چاوپێکەوتنەکانیدا بە هەر سێ وەزیرەکە لە ڕووداوەکانی جەنگی نێوان عیراق و ئێران و پەیوەندی ی دوو قۆڵو مەسەلە نێو دەوڵەتی و بەرنامەی کاری کۆمەڵەی گشتی ی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆڵایەوە.

ئەوەبوو بەڕێز جێگری سەرەك وەزیران وەزیری دەرەوە شەمەی ڕابوردوو گەیشتە نیۆیۆرك بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی دەورەی چل و یەکی کۆمەڵەی گشتی ی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری بکات.

مانگرتن لە بەندیخانەی ئیڤین دا

بەندکراوە ئێرانی یەکانی بەندیخانەی ئیڤین لە نان خواردن مانیان گرتووە ئەویش بۆ نارەزایی دەربڕین دژ بە ئەو ستەمکاری و ئەشکەنجەدان و پاڵەپەستۆیانەی خوێنخۆرەکانی سەر بە ڕژێم لە بەندیخانەکەدا دەیانسەپێنن.

ڕادیۆی موجاهیدی ئۆرگانی ڕێکخراوی موجاهیدی خەلقی ئێرانی ی بەرهەڵستکاری ئەوەی بڵاوکردووەتەوەو وتوویشیەتی کە خوێنخۆرەکانی سەر بە ڕژێم نەیان هێشتووە کەس و کاری بەندی یەکان سەریان لێ بدەن و ژمارەیەك بەندی یان بۆ زیندانی تاکە کەسی گواستووەتەوە تا نەهێڵن مانگرتنەکەیان بەردەوام بێت کە ماوەی مانگێکە درێژەی کێشاوە.

پارە دزەکان

ئێزگەی ڕادیۆی موجاهید ئۆرگانی ڕێکخراوی موجاهیدی خەلقی ئێرانی بەرهەڵستکار پەردەی لە ڕووی ئەوە لاداوە کە دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی خومەینی سەد ملیۆن تومەنیان دزیوەو هەڵ لووشیوە.

ئەوەبوو لەتیف سەفەری نوێنەری خومەینی لە شاری ئیسلام ئابادی ڕۆژ ئاوای ئێران لە وتەیەکی بەردەم بەناو ئەنجوومەنی خومەینی دا لە حەوتی ئەم مانگەدا ددانی بەوەدا نابوو کە دەست و پێوەندەکانی خومەینی سەدان ملیۆن تومەنیان، لە بودجەی لێقەوماوان بە دەستی جەنگەوە، دزیوە.

وتەی «هاوکاری»

وەڵام دانەوەیەکی نەبەردانە

لە چواری ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠دا، ڕژێمی ئێران دەستی بەدەست درێژی یەکەی خۆی کرد دژ بە وڵاتەکەمان، ئەوەبوو لە نێوان چواری ئەیلوول و بیست ویەکی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا بۆ سەرکردایەتی یە مێژوویی یە تێگەیشتووەکەمان ئاشکرا بوو کە فەرمانڕەوایانی ئێران بەو جم وجووڵ و ڕەفتارانەیان خەریکی خۆئامادەکردنن تا هێرشێکی گەورەی درندانە بۆ سەر خاك و نیشتمانەکەمان ئەنجام بدەن و داگیری بکەن و ئامانجە چاوچنۆکی یەکانی خۆیان و خەونە ڕەشەکانیان وەدی بهێنن.

ئەوەبوو سەرکردایەتی ی عیراق بە سەرەکایەتی فەرماندەی زاناو تێگەیشتوو صدام حسین ئەو بڕیارە مێژوویی یەی دا بە وەڵام دانەوەی نەبەردانەی فراوان و کوت وپڕی ی ئەو دەستدرێژی کردنەی ڕژێمی ئێران بۆ سەر خاکی پاکی نیشتمانەکەمان . . ئەوەبوو هێزە چەکدارە پاڵەوانەکانمان ئەو بڕیارەیان لە کاتژمێری دووازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی بیست و دووی ئەیلوول دا جێبەجێ کردو لە ماوەی شەش ڕۆژدا گەیشتنە شوێن و ئامانجە بۆ دیاری کراوەکانی خۆیان.

ئەوەی دەبێت بووترێت کە ئەو بڕیارە بڕیارێکی ئازایانەو لێپرسراوانە بوو، باڵاترین پلەی لێپرسراویەتی ی دەردەبڕی لە بەرگری کردن لە ووڵات و گەل و بیر و باوەڕ. . هەروەها بڕیارێکی نیشتمانی بوو خواستی گەلی عیراقی دەردەبڕی لە ڕوو بەڕوو بوونی داگیرکەرە ئێرانی یەکان و خاپوورکردن و پلیشانەوەی هەموو خەون و خەیاڵە ناڕەواکانیان بۆ زیان گەیاندن بە سەربەستی و ئاسایش و دەستەڵاتی ووڵاتەکەمان . . هەروەها بڕیارێکی نەتەوەیی بوو بەوەی کە عیراقی یەکان پاسەوانی سنووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی گەورەی عەرەبن و هەر ئەوان داکۆکی لە ئاسایش و سەربەستی و پاشەڕۆژی نەوەکانی دەکەن.

ئەوەبوو ڕژێمی ئێران جەنگی بەسەر ووڵاتەکەمان دا

بەرهەڵستکاران لە کوردستانی ئێران دا ئەوەندەی تر دەست لە هێزەکانی ڕژێم دەوەشێنن

جەنگاوەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەندین چالاکی ی دیکەیان دژ بە دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی تاران لە باکووری ناوچەی کوردستانی ئێران دا وەشاندووە، حەفدە کەسیان لە هێزەکانی ڕژێم کوشتووەو چەندین کەسی تریان بریندار کردووە جگە لەوەی کە دەستیان بەسەر چەندین کەرەستەو چەکیش دا گرتووە.

پارتەکە لە بەیاننامەیەکی دا کە لە پاریس بڵاوی کردووەتەوە وتوویەتی کۆمەڵێك جەنگاوەرانی پارتەکە هێرشیان بردووەتە سەر بنکەیەکی سوپایی دوژمن لە بەرزایی یەکانی زنگەکان، بنکەکەیان خاپوورکردووەو هەرچی ی تێدا بووە کوژراوەو بریندار بووە.

هەروەها ژمارەی دیلەکان گەیشتووەتە یازدە کەس و دەستیان بەسەر هاوەنێکی (٦٠ ملم)و لوولە هاوێژێك و سێ مووشەك و چوارده تفەنگی جۆر بەجۆرو یەك سیستمی بێ تەل چەندین کەرەستەی تەقەمەنی دا کربووە.

بەیاننامەکە وتوویەتی کۆمەڵێکی تر بەگژ هێزێکی ڕژێم دا چوون و پاش سێ سەعات جەنگ توانیویانە بیانبەزێنن و دوازدە کەسیان لێ بکوژن و زیانێکی باشیان پێ بگەیەنن.

ڕۆژنامە نووسێکی ئەڵمانیایی: بەچاوی خۆم بەڵگەنامەی چەکداری نێوان تەل ئەبیب و تارانم دیوە

هەواڵە ڕۆژنامەگەری یەکانی کەنداوی عەرەب دەریان خست کە فرۆشتنی چەك لەلایەن زایۆنیەوە بەڕژێمی ئێران بەردەوامە نووسەری ڕۆژنامە نووسی ئەڵمانی بەناوبانگ فیلهام دیتل لەکتێبەکەی دا کە بەناونیشانی (دەڵاڵەکانی مردن)ەو لەم مانگەدا دەردەچێ و ئیستاکە ڕۆژنامەی ـ الخليج ـ بڵاوی دەکاتەوە وتویەتی، ناردنی چەکی زایۆنی بۆ ئێران بەمەبەسی دەرکردنی عیراق بوو لەو مل ملانێی یەی لە نێوان عەرەب و زایۆنی دا هەیە لەبەر ئەوەی عیراق مەترسیەکی گەورەی بۆ سەر «ئیسرائیل» پێك هێناوە.

Institut kurde de Paris

بەرەی نیشتمانی بە بۆنەی تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر جەنگی ڕەوامان دا ئاهەنگێکی جەماوەری ساز دەدات

ئێوارەی یەك شەممەی ڕابوردوو بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە هۆڵی زانکۆی موستەنسریەو بە بۆنەی تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر دەستدرێژی نالەباری ڕژێمی ئێران بۆ سەر نیشتمانە تێکۆشەرەکەمان ئاهەنگێکی جەماوەری ی سازدا.

لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا ئامادەبووان ڤاتیحەیان بۆ گیانی شەهیدان خوێندەوە...

هاوڕێیان ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست حسن علی سکرتیری گشتی ی بەرەو سعدی مهدی صالح ئەمیندار ی نهێنی ی نووسینگەی ڕێکخراوی حزب لە بەغداو ژمارەیەك لە وەزیرە بەرێزەکان و ژمارەیەك لە هاوڕێیانی ئەندامی نووسینگەی ڕێکخراوی حزب لە بەغداو ئەندامانی سکرتاریەتی بەرەو هەردوو بەرێز جێگرو ئەمینداری نهێنی ی ئەنجوومەنی نیشتمانی و ژمارەیەك پیاوە ناودارە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکان و سەرەکانی یەکەیەتی یە جەماوەری و پیشەیی یەکان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیان دا ئامادە بوون.

هاوڕی حسن علی وتەیەیەکی دا تێیدا وتی سلاوو ڕێزی بەرێز سەرەکی فەرماندە (صدام حسین) تان پێ ڕادەگەیەنم لە گەڵ بەردەوامی ی سەربەرزی و سەرکەوتن دا لە کاتێك دا هەموو تان بەویەری سەربەرزی یەوە ڕاوەستاوون وەك لووتکەیەکی سەربڵند وەڵامی چاو چنۆکی ی دوژمنان دەدەنەوەو سەربڵندی ی عیراق و لووتکەیی عیراق دەپارێزن و عیراق بە تاقی کردنەوەو نیشتمان و بیرو باوەڕە بەرزە کانی یەوە دەپارێزن.

هەروەها وتی: سویا نەبەردەکەمان لە بیست و دووی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠دا وەڵامێکی بەر فراوان و گەورەی دەستدرێژی کرد کە شۆڕش ڕەخنەوویەتی ئەویش بە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

پاشان بەرێز مظهر فهمی العزاوی ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی وتەیەکی دا تێیدا وتی: ڕۆڵەکانی عیراق ئەوە شەش ساڵە شەرفمەندترین و پیرۆزترین داستانی بەرگری، دژ بە دەستدرێژی ی ئێران و ئەوانەی لە پشتیەوەن لە زایۆنی و خیانەتکارانی نەتەوەی عەرەب، تۆمار دەکەن.

پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین دەوریکی باڵای لە ڕێرەوەکەمان دا بینیوە بۆ بنیاتنانی عیراقێکی پتەوو لووتکە بەرەنگاری هەموو پیلانەکان ببێتەوە.

هەروەها باسی ئەو بوارە لێ کردوون لە ژیان دا کاریگەری یان لە نێو کۆمەڵ دا هەبێت ئەویش بەهۆی قوتابیەکانیەوە کە بە زانست و چەکدار دەبن تا ببنە هۆیەکی خێرداو بۆ وەدی هێنانی ئاواتی گەلە مەزنەکەمان

ئەو دەستدرێژی یەی فارسەکان کە کرایە سەر نیشتمانەکەمان یەکەمین مەبەستی ڕاوەستاندنی کاری بنیاتنانی شارستانیەت بوو کە پاش شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەموز بەدی هات.

وەزارەتی فێرکردنی باڵایش ئەرکێکی گەورەی لەم بوارەدا بۆ قوتابی یە خوێندەویستەکانمان بەدی هێناوە کە لەماوەی ساڵانی جەنگی بەتایەتی پارتوانایەکی گەورەیان بۆ وەرگرتنی ئەو پرۆگرامە پیشەیی یە نوواند کە چووبوونە ژێر پکیفیەوە.

هەروەها مامۆستا و وانەبێژەکان بەگشتی توانایەکی بەرزیان لە جێبەجێ کردنی ئەرکی گەورەی نیشتمانی دا بینی ئەویش لە جێبەجێ کردنی دیاری یەکەی هاوڕی ی سەرکردەدا بە وەرگرتنی بەرفراوانی هەموو

بروانە ل ١١

دەستدرێژی دەربڕن.

پاشان بەرێز هاشم حسن عقراوی ئەندامی لیژنەی باڵای بەرە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان ووتەیەکی دا تێیدا وتی: ڕۆڵەکانی عیراق ئەوە شەش ساڵە شەرفمەندترین و پیرۆزترین داستانی بەرگری، دژ بە دەستدرێژی ی ئێران و ئەوانەی لە پشتیەوەن لە زایۆنی و خیانەتکارانی نەتەوەی عەرەب، تۆمار دەکەن.

پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین دەوریکی باڵای لە ڕێرەوەکەمان دا بینیوە بۆ بنیاتنانی عیراقێکی پتەوو لووتکە بەرەنگاری هەموو پیلانەکان ببێتەوە.

هەروەها باسی ئەو بوواره لێ کردوون لە ژیان دا کاریگەری یان لە نێو کۆمەڵ دا هەبێت ئەویش بەهۆی قوتابیەکانیەوە کە بە زانست و چەکدار دەبن تا ببنە هۆیەکی خێرداو بۆ وەدی هێنانی ئاواتی گەلە مەزنەکەمان

ئەو دەستدرێژی یەی فارسەکان کە کرایە سەر نیشتمانەکەمان یەکەمین مەبەستی ڕاوەستاندنی کاری بنیاتنانی شارستانیەت بوو کە پاش شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەموز بەدی هات.

وەزارەتی فێرکردنی باڵایش ئەرکێکی گەورەی لەم بوارەدا بۆ قوتابی یە خوێندەویستەکانمان بەدی هێناوە کە لەماوەی ساڵانی جەنگی بەتایەتی پارتوانایەکی گەورەیان بۆ وەرگرتنی ئەو پرۆگرامە پیشەیی یە نوواند کە چووبوونە ژێر پکیفیەوە.

هەروەها مامۆستا و وانەبێژەکان بەگشتی توانایەکی بەرزیان لە جێبەجێ کردنی ئەرکی گەورەی نیشتمانی دا بینی ئەویش لە جێبەجێ کردنی دیاری یەکەی هاوڕی ی سەرکردەدا بە وەرگرتنی بەرفراوانی هەموو

بروانە ل ١١

حزب وتی سەرکەوتنەکانی سوپا مەزنەکەمان و توانای لیهاتووانەی لە کۆنترۆڵ کردنی شوێنەکانی کاروباری عەسکەری و وڵامدانەوەی دەستدرێژی کەران ڕێی لە عیراق نەگرت بە سەرکردایەتی و گەلەوە داوا لە هەموو جیهان بکات بە ڕێکخراوو دەستە ڕەسمی و گەلی یەکانیەوە ناکۆکی یەکە بە شێوەیەکی ئاشتی یانە چارەسەر بکات و مەنتیقی ڕاستی و دادوەری و ماف و ئاشتی وەك ڕێگایەك بۆ بنیات نان و خوش گوزەرانی و پێشکەوتن و بنیاتنانی پەیوەندی نێو دەوڵەتی بسەپێنێت کە لەسەر بناغەی هاریکاری و دراوسێیەتی و ڕێزگرتنی دەستەلات و ڕێ هەڵبژاردنی گەلان دامەزرابێت.

لە کۆتایی قسەکەیدا داوای لە پیاوە ماقوڵ و بەشەرەفەکانی جیهان و حزب و هێزە ئازادیخوازو شۆڕشگێڕەکان و هەموو دەوڵەتە ئاشتیخوازو سەربەستی دۆستەکان و ڕێکخراوو کۆمەڵەو یەکیەتی یە نقابی و پیشەیی یەکان کرد دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوەو بانگەواز بدەن و نارەزایی خۆیان سەبارەت بە جەنگ و دووپاتی کردەوە کە فێرکردنی باڵا بە شێوەیەکی وردی هۆشیارانە ڕێرەوی ڕەسەنی گەل دەردەبڕێت، ئەویش لە چوار چێوەی ئامادەکردنی فێرکردن بۆ هەموو قوتابیانی دەرچووی خوێندنی دوا ناوەندی لە دوو ساڵەی یەك بە دووی یەك دا.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسی دا، کە ڕۆژنامە نووسانی ڕۆژنامە عەرەبی و بیگانەو ناوخۆیی یەکان ئامادەی بوون ووتی کار بۆدانانی پرۆگرامێکی زانستی ی پەروەردەیی و هونەری لە ئاراداین کە توانایەکی پێشەنگانەی لە بنیاتنانی کۆمەڵی شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستی دا هەبێت.

بەویش کۆمەڵ و دەوڵەت تەنیا دوو لایەن دەمێننەوە کە لەم سیاسەتەدا هاوکاربن.

هەروەها ووتی: گەلان کە تووشی ئەم جۆرە جەنگە دەبن قوتابخانەو زانکۆکانیان یەکیان دەکەوێت بەڵام عیراق لە ژێر سایەی سەرەکی فەرماندەدا لەم ژیرەوە مەزنەیدا زانکۆکانی بە کراوەیی هێشتووەتەوەو وای ٤٠ هەزار کەسیان لە سێدارە داو بە گوێرەی ئەم ژمارەیەش لە ئێران دا هەڵاتن و ئێستا لە دەوڵەتانی ڕۆژ ئاوادا دەژین...

بۆ ئافرەتان و سەربەستی ی ئافرەت زۆر لەوانە خراپتر دەبێت ئافرەت خۆی بپۆشێت بە عەباوەو لە ماڵەوە دابێت و بگرە نابێت کابرایەکی غەریبی چاوی پێ بکەوێت و گفتوگۆشی لەگەڵ دا بکات، وەزیری ناوبراو بەردەوامە لە قسەکانی دا:

«ئێستا ئێرانیان ئەفسوس بۆ ڕۆژانی شا دەخۆن ئافرەتانی سیەربەستیان هەبوو ئیش لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت دا بکەن و بەرهەمیان هەبێت و باری ئابوریی وولات بەهێز بێت، بگرە لە گشت دام و دەزگایەکی ڕەسمی دا دایانگا هەبوو بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان لە وەختی ئیش کردن دا، ئافرەت دەوریکی باشی هەبوو لەگشت بوارەکانی ژیان داو کومەکی پیاو دەکردو هەست بە بوون و مافی ڕەوای خۆی دەکرد.. بەڵام ئێستا ئەقڵی خومەینی وا دەڵێت کە شورەییە بۆ ئافرەت ئیش بکات و لە ماڵەوە بێتە دەرێ» وەزیری ناوبراو دیسان ئەوەی ڕوون کردەوە کە لە وەختی شادا ئاوا کەس نەیدەتوانی دەست، درێژی بکاتە سەر ئافرەتان، پاسداران بە ڕۆژی نیوەڕو زوڵم و زوری لێیان دەکەن، بێ ئەوەی هیچ بیانوێیەك بە دەستیانەوەهەبێت.. بەڕاستی ئەم تاقمە نەفامە کە فەرمانڕەوای ئێران دەکەن قازانجی ئێرانیان بەلاوە گرنگ نی یە.. تەنها ئەوەیان لا گرنگە کە پارەوپول بۆ خۆیان کۆ بکەنەوەو خەڵکی ئێران بچەوسێننەوە بۆ ئەوەی ماوەیەکی زۆرتر لەسەر حوکم بمێنن.. باشترین بەنگەش بۆ قسەکانیان ڕەفتاری لێپرسراوانی تاقمەکەیەو داگیرسانی ئاگری جەنگە کە بە خۆرایی بەرپایان کرد.. بۆ ئەوەی گەلانی ئێران پێیەوە خەریك بن و خۆیان لەسەر حوکم بمێنن..!!

وەزیری فێرکردنی باڵاو توژینەوەی زانستی:

- لەگەڵ بەردەوام بوونی جەنگیش زانکۆو کۆلێژەکان یەکیان نەکەوتووە
- ڕادەی سەرکەوتنی قوتابیان لە ساڵی ٨٥ - ٩٨٦ لە ساڵانی تر بەرز ترە
- هەموو قوتابی یانی قوناغی دوا ئامادەیی لە زانکۆو ئامۆژگاکان دا وەردەگیرێن

بەرێز سمیر الشیخلی وەزیری فێرکردنی باڵاو توژینەوەی زانستی

ئێران لە ناوەوە

فؤاد حسین

لە هەفتەی ڕابوردوودا پەیامنێری ئیزگەی دەنگی ئەمەریکا چاوی بە وەزیری دەوڵەتی کاروباری ئافرەتانی ئێران کەوت کە لە وەختی شادا وەزیر بووەو لێپرسراوی ئافرەتان بووە، ئێستاش مامۆستایە لە یەکی لە زانکۆکانی ئەمەریکا، دەربارەی بارودۆخی ئێران بەگشتی و ئافرەتان بە تایبەتی فەرموویەتی «میللەتانی ئێران چاوەڕوانی گەلێ شتیان دەکرد کە ئەم تاقمەی ئێستا کە ئێران حوکم دەکات بۆیان بهێنێتە دی وایان دەزانی ئەم دەستەیە بەڕاستی بەناوی ئیسلامەوە هاتوون و بەم چەشنەش ڕەفتار دەکەن و لە خوا دەترسن و بە پێی ی یاسای ئاسمانی کاروباری کیشوەر دەبەنە ڕێیەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت بە تەواوەتی پێچەوانەی بۆچوون و ئارەزوو خەونەکانیان دەرکەوتن.. کە ئەمانە تاقمێکی گەوج و دواکەوتووو خاوەن بیری تەسك و کۆنن... هەرچی دیاردەی پێشکەوتن و بەرەپێشەوە چوون و شارستانیەت هەبوو ئەمان بە کاری نابەجێ و بە خیلافی ئیسلامەتی و شەرع و نارەوا دایانە قەڵەم و کەوتنە تاردانی ئەوانەی ئەم جۆرە بیروڕایانەیان هەیەو زیاتر لە

ڕازگرێ لقێ دهوکێ یێ پارتی هوزانڤانێت دەزگەها مە لدهوکێ خەلات کر

سپێدەیا ڕۆژا ئێك شەمی ١٩٨٦/٩/٢١ هەڤال طارق کافي ڕازگرێ لقێ دهوکێ یێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی ئەو هوزانڤان خەلات کرن ئەونێت هۆزان خاندین بۆ مەهرەجانا دەزگەها ڕەوشەنبیری و بەلاڤ کرنا لدهوکێ لڕۆژا ٨٦/٩/١٨ بهەلکەفتنا حەفتیا قادسیا صدام.

لپێشێ هەڤال طارق کافي ڕازگرێ لقێ گوتارەك خاند تێدا ئاخفت لسەر پشتەڤانیا شۆرەشا ١٧ - ٣٠ تیرمەهێ بۆ هوزانڤان و هونەرمەندو داهێنەران.. وگەلەك کەیفا خۆ ئینا بێ دەستەکا هوزانڤانێت، گەنج ئەونێت هۆزان بهەلکەفتنا حەفتیا قادسیا صدام خاندین و داخازا سەرکەفتنێ بۆ وان کر و لدویماهێ ژی سوپاسیا دەزگەها ڕەوشەنبیری و بەلاڤ کرنا کوردی لقێ دهوکێ کر لسەر سەرکەفتنا وان دڤی کاری دا.

ئەڤەو ئەو هۆزانڤانێت هاتینە خەلات کرن ئەڤەنە:

١ - ڕمضان عیسیٰ.
٢ - عبدالعزیز خیاط.
٣ - ڕێدویر کوریمەیی.
٤ - محمد ئوسمانا.
٥ - عبدالمجید شکری.
٧ - احسان نعمان.
. - عبدالستار حسن
٩ - هاریوان إسماعیل.

بتەلەفۆنێ
وصفی حسن شینو

بەبۆنەی یادی وەڵام دانەوەی دەستدرێژییەکەی ئێرانەوە.

ناوچەی ئۆتۆنۆمی و قادسیەی صدام

زهدي احمد

ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵس وکەوتێکی دیموکراتی یانەی نایاب بەخۆیەوە دەبینێ کە حیزب و شۆڕش باوەڕی پێیە، چونکە حیزب باوەڕی بەوە هەیە کە جەماوەر ئامانج و ئامێری شۆڕشە، وەشۆڕش باوەڕی بە دەوری جەماوەر هەیە لە پێناو گۆڕانکاری ی کۆمەڵ دا، هەر لەبەر ئەمەیە کە شۆڕش هەلی تەواو دەخاتە بەردەم جەماوەر هەتا لەکاری بیناو کاری گۆڕانکاری داو لە هەموو مەیدانێکا هاوکاری بکات، لەسەر ئەم بیروباوەڕە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان دانرا، هەتا ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان بتوانن ڕای خۆیان دەربڕن و خەریکی مافی ڕەوای خۆیان بن و، لە بیناى عیراقی تازەدا هاوکاری بکەن بەپانامەی ١١ی ئادار دەربڕینی هەڵوێستکی مەبدەئی بوو لەلایەن حیزبەوە، هەڵویستی دانی مافە تەواوەکان بە نەتەوەکان و، فراوان کردنی ماوە لە بەردەمیاندا بۆ ئەوەی سوود لەو مافانە وەربگرن، بەیانی ١١ی ئادار سنووریکی بۆ ئەو گیروگرفتە دانا کە ساڵانی دوورو درێژ عیراق تووشی بووبوو، بەهۆی ئەو گیروگرفتەوە خۆینی ڕۆڵەکانی دەڕێژراو تواناو هێزی لەکیس دەچوو، ئەوانەی کە سوودیان لەو گیروگرفتە وەرئەگرت تەنها دوژمنەکانی عیراق بوون، یەکێك لە بەندەکانی ئەو بەیاننامەیە بەرپاکردنی ئۆتۆنۆمی بوو لە ناوچەکەدا، کە ساڵی ١٩٧٤ هات شۆڕش بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ کرد، یاسای ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاندو ناوچەکە شێوەکاریکی دیموکراتی یانەی تازەی بە خۆیەوە دی کە لەوە پێش نەی دیبوو ئەوەبوو ئەنجوومەنەکانی تەشریعی و تەنفیذی دانران و، ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕیگای ئەم دوو ئەنجوومەنەوە توانیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکەداو لە کاری پێش خستن و گۆڕانکاری دا هاوکاری بکەن، لەو ڕۆژەوە تا ئیستە ناوچەکە گۆڕانێکی فراوانی بەخۆیەوە دیوەو، بە هەزاران ملیون دیناری بۆ تەرخان کراوە لە پێناوی جێبەجێ کردنی پلانی بووژانەوەو، لە ناوچەدا گەشانەوەیەکی ئیجگار دیاری ڕچاو دەکرێ، کە لەوەپێش بە خۆیەوە نەی دیوە، بە هەزاران کیلۆمەتر ڕێگا چاك کرا، قوتابخانەو دەرمانخانەی زۆری تیا کرایەوە، گەلێ پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشت و گوزاری لە ناوچەکەدا جێبەجێ کراو، لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی جەنگیشدا ئیش و کاری پێشخستن لە ناوچەکەدا هەر بەردەوامە...

سەرکردەو سەرکردایەتی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمانی خۆش دەوێ و شانازی یان پێوە دەکەن و سوورن لەسەر پێشخستنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەموو لایەکەوەو، لە ناخی دەروونیانەوە باوەڕیان هەیە مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان لە ناوچەی کوردستان، باوەڕیان بەوە هەیە کە پێوەستە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە دەوری خۆیان هەستن چ لە مەیدانی بیناکاری و پێشخستنی وڵات و چ لە مەیدانی بەگژاچوونی دوژمن و پارێزگاری دەستکەوتە زۆرە گەورەکان دا کە شۆڕش لە هەموو عیراقدا بە شێوەیەکی گشتی و لە کوردستانی عیراقدا بە شێوەیەکی تایبەتی جێبەجێی کردون دەبێ ئەوەش بزانین کە پێش خستنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی تایبەتی کەوتوەتە سەر شانی ڕۆڵەکانی ناوچەکە سەرۆکی فەرمانده صدام حسین توانی بە هەموو سەرکەوتن و سەربەرزی یەکەوە لە ماوەی شەش ساڵی سەرکردایەتی مەعرەکەکانی شەڕ بکات لەگەڵ دوژمنی کۆنەپەرست و تەماع کارداو توانی نیشتمانی عیراق و گەلی عیراق و شارەکانی عیراق لەو کاول کردن و ماڵ وێرانی یە بپارێزێت، کە خومەینی ویستی بە عیراقی بگەیەنێت.

سەرۆکی فەرمانده بەهۆی زانایی و وریایی و توانای بەرزی سەرکردایەتیەوە توانی جەماوەری گەلی عیراق کۆو ئامادە بکات، کۆکردنەوەو ئامادەکردنێکی شۆڕشگێڕانەی وەها کە لەگەڵ پێویستی یەکانی ئەم مەعرەکەیەدا بگونجێ.

لەلایەکی تریشەوە، لەگەڵ سەرقاڵی ی جەنگ و پێویستیەکانی ڕۆژدا، سەرۆکی فەرمانده هەڵس و کەوتی پەروەردەیی و مرۆڤایەتی لەبیر نەکردوە، هەمیشە لەگەڵ جەماوەردایەو سەرپان لێ ئەداو گیروگرفتیان چار دەکات و لە شاریکەوە بۆ شارێك و لە دێیەکەو بۆ دێیەك ڕۆڵەکانی گەل بەسەردەکاتەوە، لە چارکردنی گیروگرفت و هەڵسووڕانی کارو باریاندا هاوکاری دەکات ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تا چ ڕادەیەك سەرۆکی فەرمانده لەگەڵ جەماوەردایەو، گەلەکەی خۆش دەوێ.

Institut Kurde de Paris

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتیو نیشانەو نازناوی پالەوانی قادسیە بە فەرماندەی هێزی ئاسمانیو دەستەیەك لە فروکەوانەکان.

ئێوە بە هەڵەدا چوون

ئەگەر لاتان وابێت دەتوانن

عیراق دلگیر بکەن

بەخێرهاتنی هەڵۆکان دەکەم بە فەرماندەو پیاوان و جەنگاوەرانەوە . .

کاتێ کە لە ئەیلوولی ١٩٨٦دا بە هەڵۆکان دەگەین و، کاتێ کە ئەیلوولی هەرساڵێ تێپەردەبێو پێش ئەیلوول و پاشیشی . . . دەبێ یادێکی زۆر بێ بە بیرمانا . . یادێکیوا کە پێوەندیەکی زیندوو و ڕاستەوخۆو قووڵی هەیە بە مێژوو و بە ژیانی عێراقیەکانەوە چ بە خێزانەکانەوە یا بە جەنگاوەرەکانەوە لە هەڵۆکانی ئاسمان یا غەیری ئەمانە لەو سوارو پیاوانەی کە ئەم هەموو ساڵانە دەچن بە گژ دوژمنا لەپێناوی پاراستنی عێراقی مەزن و بیروباوەڕی شەرەفدا کە باوەڕیان پێیەتی وەك پیاوان و کەسانێکی تێگەیشتوو لە کاروباری ئەم چەرخە .

دەستدرێژیەکانیان . . .

ئەمڕو بە هەندێ لە دەستدرێژیەکانی ئێراندا دەچوومەوو هەمیشە بەینە نا بەینێ خەریك دەبم یادی دەستدرێژیەکانیان بکەمەوە چ پێش ئەوەی خومەینی دەستەڵات بگرێتەدەست یا پاش دەستەڵات وەرگرتن چونکە خومەینی لەو کاتەوە کە لە پاریس بوو دەستی کردبوو بە هێرش بردنە سەرمان و هەوڵی ئەوەی دەدا بڕێم بڕووخێنێو کە بەرەسمی پش هاتەوە ئێران بە شێوەیەکی توندتر هەمان ئەو دروشمانەی دەردەبڕی یەوە .

ئەمڕۆیش پێش ئەوەی بێم بۆ لاتان دوسیەیەکم لەبەردەمدا بوو سەیرم دەکرد لووتێ بەرزێو کەللەڕەقی یان ئێستا کەمتر لە لووت بەرزیو کەللەڕەقیی ئازاری ١٩٨٦یان و نیسانی ١٩٨٠ یان . . و ئەو کاتە لێشاوێ لە هەرەشەو گورەشەو قسەیان بەرەڵلادەکردو هەرکەسێ کە درێژی سەنتیمەترێك بوایە بەسەر زەویەیەوە خەریکی هەرەشەکردن بوو لە عێراق و هەرەشەی ئەوەی لێدەکرد ڕژێمی حوکم وردوخاش دەکاو دەیکوژێو ڕژێمێکیتر دادەنێ . . ئیتر لە خومەینیەوە بگرە تا فەرمانده سوپایی یەکانی سوپایی ئێران و لە هەموو ئەم هەرەشەو گورەشە گرنگتر ئەو ئێرانینە خۆ بەزل گرتووە بوو کە بەرامبەر عێراق بوویان کە بە ئەواوی بڕتی بوو لە سەیرکردنی یەکێك کە باسی یەکێکیتر وا بکا کە گیان لەبەریکی وای پلەی دووهەم بێ لە ژیانا . . . ئا بەم جۆرە باسی عێراقیان دەکردو . . . لام وایە ئێستا ئەگەر بە شێوەیەکی شەرانیش قسە بکەن ناچاردەبن نەختێ بە ڕێزەوە قسەبکەن هەتاکو ئەگەر شێوەی قسەکردنەکەش بەڕێز نەبێو هیچ نموونەیەکیان لا نیە تا بەراوردی بکەین پێیو ناتوانین بۆ نموونە بڵێین وەك ئەوەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی سەرزەنشتی ناحیەیەك لە ناحیەکانی پارێزگای قادسیە بکا یا یەکێ لە ناحیەکانی پارێزگای صلاح الدین لەبەر ئەوەی کە بەرێوەبەری ناحیەکە لەرێ لابدابێ . . .

لام وانیە هیچ دەزگایەك لە دەزگاکانمان بە لووت بەرزیەوە قسە ناکا هەتاکو ئەگەر سەرزەنشت بکاو بە توندی سەرزەنشتی هەر هاوولاتیەکی عێراق بکا ئەگەر هاوولاتیی ئاسایی بێ یا هاوولاتیەك بێ بە شێوە ڕەسمیەکەی چونکە ناکرێ ڕژێمی ئێمە لە پێوەندیی نێوان سەرو خوارەوەدا بە لووت بەرزیەوە قسە بکا . . بەڵام ئێرانیەکان و نوێنەرەکانیان مەبەستیشم نوێنەرە ڕەسمیەکانی ئێرانیەکانە پێش بڕکێیان دەکرد لەسەر ئەوەی لە فیشاڵ کردنی بۆشدا کە لە عێراق بالاترن و لەو کاتەدا کە باسی سزادانی عێراقیان دەکردو کە چۆن دەتوانن عێراق وردوخاشکەن وەك ئەوەی کە فیایك باسی توانای خۆی بکا لە شێلانی مێروولەیەکداو . . ئەك هەر خومەینیش بە تەنیا . . بەڵکو کەسی سوپایی و شارستانی بچووکتر لە خومەینیش لە دەستەڵاتدا .

بە هەڵەدا چوون لە خەیاڵیانا

لەبەرئەوە کاتێ کە هەموو ساڵێ ئەیلوولمان بەسەردا تێدەپەڕێ هەموو ئەم سەیرکردنە خۆبەزل گرتووە بەدەمان دێتەوە یاد کەوا دیارە هەموو ڕەگەزەکانی بەدکاری لە دەروونی ئادەمیزادداو هەموو هۆکارەکانی کینەی کۆکردووەتەوە کە لای هەندێ کەس هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەی خراپەو دەستدرێژیو هێرش بردنە سەر عێراق بیتەقێنێتەوەو . . . لەگەڵ ئەمەیشدا ئەو قسەیەمان دێنەوە بیر کە پێمان دەوتن لە سەرەتای نیسانەوەو بە شێوەیەکی ڕەسمیش پێمان دەوتن ئێوە بە هەڵەدا چوون ئەگەر لاتان وابێ دەتوانن عێراق داگیرکەن و بکوژن و بڕن و ڕژێمێك بگۆڕن و ڕژێمێکی تر بێنە کایەوە . .

لەبیرمە لە نیسانەوە جارێ لە صویرەو جارێکیتر لە نەیەوادا پیم وتن ئیمە هەرەشە لە کەس ناکەین بەڵام دەڵین مادەم ـ خاکی خومانایە لەکەس ناترسین لە خوای گەورە نەبێو ئەگەر هەندێ کەس هەڵیان خەڵەتاندوون و پاڵی پێوە ناون هیوای ئەوەمان هەیە ئەمە ڕوونەدا بەڵام ئەگەر بە هەڵەدا چوون دەبینن کە خەیاڵتان خاوە .

ژیان لە وڵاتمانا هەر لە سەرکەوتنایە

لام وایە ئەگەر ئێستا ئەم قسەیان بیرکەوێتەوە دەبینن ئەم ئامۆژگاریە چەند دوورەبینانە بوو و ئەگەر خۆیان لە بەدکاری دووربگرتایە باشتر دەبوو بۆیان و بێگومان بۆ عێراقیش باشتر دەبوو بەڵام بۆ خۆیان زۆر باشتردەبوو . لە عێراق چونکە هەموو ڕەگەزەکانی ژیان وەستاوە لایان هەرچەندە ئێمە هیوایەکمان نیە بە ئەقڵیەتی خومەینیو دەست ودایەرەکەی کە ژیان بەرن بەرێوە لە وڵاتیانا چونکە جۆرە کەسێکی دوورن لە ژیان بەڵام بەلای کەمەوە ڕەنگە نیکچوونی ژیان کەمتردەبوو لە وڵاتەکەیانا بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێمە خوێنێکی زۆرمان بەخت کرد بەڵام ژیان بە ڕێگاکانی تریا دەڕوا لەو ڕێبازەدا کە بۆی بڕیاردراوە بەرەو سەرەوە لە بواری زانست و ئیکۆلینەوەدا لە بواری ئابووریدا هەرچەندە شەڕ قورس بوە بە سەریەوەو لە بواری ڕۆشنبیریو ئەدەب و هونەرو لە بواری پێوەندیی مرۆڤایەتیدا .

ماقی ئەوەمان هەیە کە شانازی بکەین بێ لەخۆبایی بوون بەوەی کە ژیان لە وڵاتی ئێمەدا هەر لە سەرکەوتنابووەو سوپاس بۆ خوا مرۆڤ لە وڵاتی ئێمەدا ژیان بە مانا پێشکەوتووەکەی دەبا بە ڕێوەو لە هەمان کاتیشدا ڕووبەڕووی ئەو بەختەی بوەتەوە کە خوای گەورە بڕیاری داوە بە دەروونیکی دڵنیاو پڕباوەڕو ئارامەوە .

ئێمە لەمەدا وەك خومەینیو دەست، ودایەرەکەی نالێین ژیان هیچ شتێ ناهێنێ بەڵکو دەڵێین بەرگری کردن لە ژیان ئەرکی ئەوە دەخاتە سەر ئادەمیزادە چاکەکان کە فیداکاری بکەن لەپێناویا کاتێ کە مەترسی ڕووی تێ بکاو ئەو بیروباوەڕە باڵایانە بیارێزێن کە لایەکیان لە بیروباوەڕەکانی ئاسمان وەرگیراون و پێویستە ئادەمیزادە چاکەکان بەرگری لێ بکەن کە مەترسی لەسەر هەبێ چونکە ئەمە کەلەپووری دێرینمانەو مافمانە لە ژیاناو مافمانە لەوەدا کە ئازادین لە وڵاتماناو لە هەڵبژاردەکانماناو ئەمەیش بەشێکە نارێك نیە لەگەڵ ڕازیبوونی خوای گەورەدا .

خومەینی لە ئێرانینیا کاتێ کە باسی ژیان دەکا بە تێروانینێکی کافرانە یا بەلای کەمەوە تێنەگەیشتوانە باسی دەکاو . . ژیان ئەگەر لەو جۆرە بوایە کە ئادەمیزاد بیەداتە پشت گوێ خواوەندی گەورە ژیانی دروست نەدەکردو بەڵگەیش لەسەر دەوری گرنگی ژیان لە پەیامە ئاسمانیەکان و لە بیرکردنەوەی خوادا ئەوەیە کە مێروولەیشی دروست کردووەو ئادەمیزادیشی دروست، کردووەو لە ئێوانیشیانا زۆر شتی تری دروست کردووەو لەمە کەمتری دروست کردووەو ئەمەیش یەکێکە لەو دووپات کردنەوانەی کە ئەوە دەردەخەن کە خوای گەورە ژیانی خۆش دەوێ ئەگینا خوا بێ ئادەمیزادو بێ مێروولەو بێ ئەوەیش دەمایەوە کە لە نێواندایە یا لە خوارەوەیە .

بەڵام لە هەمان کاتدا ئیلیسیشی دروست کردووەو لەو ساتەوە کە دروستی کردووە لەعنەتی لێکردووە لەو ساتەوە کە ژیانی دروست کردووە ئیلیسی دروست، کردووە یا لەو کاتەدا کە ژیانی دروست کردووە ئیلیسی لەگەڵ دروست، کردووەو لەعنەتی لێکردووەو لام وایە کە ئەگەر شوێن ڕواڵەتەکانی ئیلیس بکەوین دەبینین چوونەتە پێستی شەخسیەتی خومەینیو دەست، و دایەرەکەیەوە .

لەخۆبایی بوون کوێری کردوون

لە هەموو حاڵەتێکدا نامانەوێ شەخسیەتی خەڵکی پیشکنین هەتاکو دوژمنانیشمان و جۆری بیرکردنەوەیان بەڵام کاتێ کە لێیان بکەون و لەو ژیانە بکەون کە ئێمە پێشەوایەتی دەکەین و لە ماقیان بکەون لە ژیاناو کاتێ لایان وابێ لە توانایاندا هەیە کە عێراق سووك کەن ڕاستە ئەم عێراقەی کە سەرژمارەکەی پازدە ملیۆنە بەڵام بێ لە خۆبایی بوون ئەم عێراقە هەموو جیهانی فێرکردوە لەو بەها زۆرزۆرانەی کە فێریان بووەو لە دەوری مرۆڤایەتی یانەی پرشنگدار لە پێشەوایەتی ژیان و ڕەفتارکردن بە بەشەکانیا ئایا ئەم عێراقە دەتوانرێ سەرشۆربکرێ هەتاکو ئەگەر پازدە ملیۆنیشی تیانەبێو هەتاکو ئەگەر دووسەد کەسیشی تیابێ من دڵنیام و باوەڕم وایە ئەو دووسەد کەسە دەتوانن عێراق بپارێزن و نەهێڵن کەس سەری پێ شۆڕ بکا بە ڕاستی لەخۆبایی بوون کوێری کردوون و . . لەجیاتی ئەوەی سوپاسی خوا بکەن لەسەر زۆرێی ژمارەی دانیشتوانیان و ئەو هۆکارانەی تر وایان لێ هاتووە خۆیان بە زل دەزانن و . . لەجیاتی ئەوەی ئەو بیروباوەڕانەی تریان بکەوێتەوە بیر کە پێویستن لەسەریان کاتێ کە دەڵێن موسوڵمانن لەو خەیاڵەدان کە دەتوانن بە ئاسانی عێراق بچەوسێنەوەو بیکەن بە عەبدو هێزە ئاسمانیەکەیان کە ئەمەریکاییەکان و شارەزایی زایۆنیەکان و شای ئێران بۆ بنیات نان و کە لە ٥٠٠ فروکە پێکهاتبوو لایان وابوو ئەمانە بە تەنها ئەگەر ڕوویان کردە ڕۆژاوا دەتوانن عێراق وێرانکەن و بەڵکو وتیشیان سوپاکانی ئێران ئەگەر ڕوویان کردە ڕۆژاوا کەس ناتوانێ نەهێڵێ بگەنە بەغدا .

فەرماندەی هێزی ئاسمانیشیان . . لام وایە هەمووتان قسەکانیتان لەبیرە کە چۆن بەغدا لەسەر خەریتە لادەبا . . . ئەم قسەیەی لە ماوەی نێوانی ٩/٤ و ١٩٨٠/٩/٢٢دا وت . . .

سوپاس بۆ خوا هێزی ئاسمانیمان پاڵەوان و ئازابوو بەڵام قەوارەی فروکەکانمان کەمترو جۆریشیان کەم تواناتر بوو بەڵام چونکە ئەو کەسانەی ئیشیان پێدەکەن بە جۆریکیوا ناجوولێنەوە لەگەڵیانا کە لەخۆبایی بوونی تیابێو بە ئەقڵ لەگەڵ ڕاستیەکانی ژیاندا دەجوولێنەوە دوژمن لە مانگی یەکەمدا زیاتر لە نیوەی ئەو هێزی ئاسمانیەی لەدەست چوو کە هەیبوو بەڵام هەمیشە ئێمە لەژێر دروشمی ئەوەدا ئیشمان دەکرد کە ئەوە باش نیە کە هەموو هێزەکەت بەکاربێنی ئەگەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەدا بێگومان نەبی لەوەی کە دەتوانی بەم هێزە هەمووی شتێ بڕێتەوە ئەگەر بەکاربێنی بەڵکو ئاقڵ هەمیشەوا پەسەندەکا کە شتێکی تازەی لابێ بیهاوێژێتە کێشەکەوە کاتێ کە گەرم دەبێو ڕەنگە بیشگاتە هەندێ قۆناغی حیساب نەکراو لە لێکۆڵینەوەو بوچوونیا . . . و پێش ٩/٢٢ چوونە شەڕێکی ئاسمانیەوە لەگەڵیان و پێش ئەم ڕۆژە هەندێ بەیاننامەیان دەرکرد لەبارەی ئەوەوە کە ژمارەیە فروکەیان داخستووەو بەوەوە لافیان لێدەدا کە چۆن لە هەندێ ناوچەی نەوتیان داوە بە فروکەکانیان، ئەمە پێش ٩/٢٢ . .

باریکی خراپە لەهەموو شتێك دا

بەڵام کاتێ ڕووبەڕووبوون هەستی پێدەکا گۆڕەپانێکی فراوانتر و ئامانجی قووڵتر وەردەگرێ، وائەزانم ئێستاکە ئەوان لە هەموو شتێك دا لە باریکی خراپ دان، ئەگەر شەڕخواز نەبونایە خراپەمان بۆنەدەخواستن ، بەڵام مادامکی شەڕخوازن هەموو شتێکیان بۆدەخوازین کە توانایان لەسەر دەستدرێژیکردن لاواز دەکا، لەبەر ئەوە ئێمە پێخۆشحالین بەوەی کە سوپاس بۆ خوا بەدەستی خۆیان هێزە ئاسمانیەکان لەناوبرد زۆر ئەپڵ و زورنا لێدەدەن کاتێك فروکەیەکیان بە قووڵی ١٠ ـ ١٥ کیلۆمەتر سنوور دەبڕێ بۆئەوەی لە دێیەکی دووری کەنار بدا یاخود بۆمباکانی لە چۆڵانیی دا فڕێ دەداو دەگەڕێتەوە ئەمە بەخەزایەکی گەورە دادەنێن کە بەجێیان هێناوە . . کەچی ئێمە کاتێك فروکەکانمان بەقووڵی هەزار کیلۆمەتر دەچێتە ناوەوە بە یانامەیەکی گرنجاوو عەقڵ گرتوو بڵاودەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە بەبێ لەخۆبایی هەست بەشانازی دەکەین لەو مەیدانەدا کە هەڵۆکان ئەو حاڵەتەیان بەدی هێناوە کە ئێمانێکی قووڵ بەو بیروباوەڕە نیشتمانیانە دەنوێنێ کە بڕوایان پێیەو ئەو بیروباوەڕانەش کە خراپە لە ئەنجامی عەرەب لادەدا و هەروەها لە ئاسایشیشی . . سوپاس بۆخوا هەموو ئەو فروکە زۆرانەی وەك مێش لە مانگی یەکەم دا دەهاتن فروکەوانەکانیان بە چاوبەستراوی دەهاتن واتە هەیکەلی بنچینەیی بینای ئابوریمان بە ئاوەدانی و ساغ و دروستی ماوەتەوە .

بەڵام . . ئێمە تا ئێستا هەموو هێزیکمان لە هێزی ئاسمانی دا بۆلەناوبردنی بناغە بنەڕەتیەکانی ئابووریان بەکارنەهێناوە . . بەڵام ناچاردەبین نەك بە مەبەستی ئازاردانی گەلانی ئێران . . چونکە ئێمە دەزانین هەروەك لە دوا نامەمان دا وتمان . . ڕێژەیەکی گەورە لە گەلانی ئێران لەگەڵ ئێمەدا لەپەك سەنگەردان . . بێ چاوپۆشی لە هەموو شتێك کە تێیەری ئێستاکە ئەوان بەلانی کەمەوە لە داوای ئاشتی داو لەوەی هەر کەسێك لە عیراق و ئێران دا لە وڵاتی خۆی بەبێ دەست، تێوەردانی لە کارو باری ناوخۆیی لەوەی هەڵی دەبژێری لە وڵاتی خۆی دا بەسەربەستی بژی و لەگەڵ گەرانەوە بۆئەو سنوورەی دەوڵەتان دانیان پێداناوەو ئاڵ وگۆڕکردنی سەرانسەرو تەواوی ئەسیرەکان لە نێوان هەردوو دەوڵەت دا لەگەڵ ئێمەدا لە یەك سەنگەردا دەژین .

ناچار دەبین هەیکەلی ئابووریان لەناو بەرین

دەڵێم ناچاردەبین هەیکەلی ئابووریان لەناوبەرین بۆئەوەی برسیەکان لە ئێران دا پێیان بڵێ پێویستە لە سەرتان جەنگ کۆتایی پێ بێنن . . چونکە ئێوە برسیتان کردوین و خوێنمانتان بە بێ ئەنجام بەفیڕۆداوە . . برایان ئێمە دەزانین کەسانێك هەن بڕوایان وایە کە پێویستە لەسەریان لە خراپە دووبکەونەوە بەڵام لەوێدا کەسانێك کە هەوڵ دەدەن و ناگەنە ئەنجامێك لەئەنجام دا ئەگەر لە دڵیشەوە نەبێ دێنە ریزی ئەو خەڵکانەی دەیانەوێ جەنگ کۆتایی بێ .

لێرەدا . . برا هەڵۆکانم . . هەموو پیاوە بڕوادارەکانی هێزە چەکدارەکان ئەو فەرمانەی فەرمیلەی لەسەر لوتکەیەك چاوی لێك دەنێو ڕێ نادا خەڵکی فەرمانی پاسەوانێتی سەنگەری بەرگری کردن بە وریاییەوە بەجێ بهێڵێو ئێرانیەکان ئەو لوتکەیە دەگرن وەك ئەوە وایە هەفتەیەکی تریادوو ڕۆژی تر بەردەوامی جەنگیان پێ دەبەخشێ .

کەواتە ئەو ئۆبالی خوێنی عیراقیەکان بۆدوو ڕۆژی جەنگ یاخود بۆ هەفتەیەکی جەنگ دەکەوێتە ئەستۆی ئەوەوە . ئەو هەڵوێەی لە لەناوبردنی ئەو نیشانەیەی بڕیار دراوە مەردایەتی نانوێنێ دووبارە لەوانەیە جەنگ هەفتەیەك دوا بخا . . بزانن چ چەندێك خوێنی عیراقیەکان لە ماوەی هەفتەیەك دا لەبەرە بە تۆپ، باران یاخود لەو جەنگانەدا کە لەو هەفتەیەدا ڕوودەدەن دەڕژێ . . ئێستاکە وا نازانم پیاوانی هێزی چەکدار زوبربین . . ئێستاو دوای ئێستا نیوەی ئەنجام بۆ هەڵۆکان و نیوەکەی تری بۆ هێزە چەکدارەکان دەبێ .

هەرچەندێك بینای ئابووری دوژمن لە ناوبەرن وای لێ دەکەن ناچاربێ نەك خۆی بیەوێ لێرەدا هەتا ناچارکردنی کردارێکی دروستی مرۆڤایەتیە . . چونکە ئێمە نامانەوێ ناچاربێ تاوەکو ئێرانمان بداتێ . . . چونکە لە بیروباوەڕی ئێمەدا نیە ئێران وەربگرین، دەڵێم ناچاربێ بۆئەوەی مل بۆ مەنتیقی عەقڵ و حیکمەت شۆڕ بکا . . پێویستە جەنگ کۆتایی بێ و هەریەکێك لە وڵاتی خۆیدا ،سەربەست بژی واتە بۆ هێزە چەکدارەکانی تر نیوەکەی تر بەوەی کە نەمێڵێ هیچ ڕوپێوە خاکێکی بچووك بگرێ . . ئێمە دەزانین کاتێ ڕوپێوە خاکێکی بچکۆلە دەگرێ ئێمە دوای مانگێك یا دوو مانگ یاشەش مانگ مادامکی جەنگ بەردەوامە دەیگرینەوە . . ئێمە ئەوەمان کردوە . . چەند ڕوپێوێکی بچوکیان بەچوار ساڵ گرت بەڵام کاتی ویستمان پەلامار بدەین و پەلامارمان داو لە دوومانگ دا نیوەی زیاترمان گەڕاندەوە بە قوربانی یەکیش کە لەگەڵ زیانی ئەوان دا لەیەك پەلاماردا بۆئەوەی پارچەیەکی بچووك بگرن . . بەراورد ناکرێ .

بەڵام ئێستاکە دەڵێم . . لە بەرئەوەی لە بارێکی دەروونی تایبەتی دایە ئەگەر ڕووپێوێکی بچووکی گرت لەوانەیە وا لەو کەسانە بگەیەنێ کە لە کاروباری جەنگ بەمانای تێکڕایی ناگەن مادامکی ڕووپێوێکی بچووکی لە عەمارە یا خانەقین یاخود بەسرە گرتوە هێشتا هیوای ئەوەی لە بەردەم دایە بەغدا بگرێ .

ئاوایە ئەو عەقڵیە لە ئێران دا هەیە، بەم ساکاری یەدەڕوانێتە کاروبار، واتە هێزی زەویو دەریایی لەسەریانە ڕێ بەدوژمن نەدەن کاتێ هێرش دێنی ڕوپێوێك بگرێ مایە پووچی خۆی پێ داپۆشێ . . لەسەر هێزی ئاسمانییش پێویستە ئابووری ئێران لەناو بەرێ و لەکاتێ پێویست دا پشتگیری سوپا بکا .

بڕوامان بە ئازایەتیتان هەیە

تا ئێستا بۆ عیراقیەکان و هێزە چەکدارەکانتان دەسەلمێنن کە ئێوە شایستەی ئەوەن نیوەکەتان لە سەرشان و ئەستۆتان هەڵبگرن وەك شەرفمەندیەکی نیشتمانی مەزن لە ئەرکی نیشتمانیتان دا، پێویستە لەسەرتان بەهەمان گیان و توانا بەم لایەنە بەردەوام بن لەگەڵ یادکردنەوەیەك . . ئێمە بڕوامان بە ئازایەتیتان هەیە لە بەر ئەوە کاتێ هەندێکتان بەرەو نیشانە دەچێو نایبینێو دەکشێتەوە جارێکی تر دەسووڕێتەوە بۆئەوەی ببینێو لێی بدا . . ئەمە ڕاست نیە چونکەلە چەکی نوێدا دەرفەتی دووەم بۆ فروکەوان وەك دەرفەتی یەکەم نیە . . ئێمە بەپەلە نین مادامکی پیاوی بە براواو ئازامان هەن و سوارەکانیان ڕێك، وئێکن ئەوەی ئێمە ڕونایگەنێ بەیانی دەیگەنێ ئەوەی بۆی دەچین و نایبینین و دەکشێینەوە جاری دووەم بۆی دەچینەوە دەرسی نیشانەکە دەکەین و دوای دوومانگ یا سێ مانگ یاخود مانگێکی تر بۆی دێینەوە . . تا لە لەناوبردنی نیشانەکانی تردا بەردەوام دەبین .

کاتێ ناکاتێ هەندێ بەم سووربوونە دەڕوا بەهۆی ترسی لە حەرەجی ئەوەی کاتێ دەگەڕێنەوە دەڵێن ئێمە نیشانەکەمان نەپێکاوەو نەمان دیوە . . هەندێ جار کەسانی خۆشەویستمان

لە کیس دەچێ پێویستە لەکیسمان نەچن مادامکی شت، لەبری ئەوەی هۆو توانامان بەدەستەوەبە کە ڕیانی پێ لە عیراق پاڵپێوەنێین و بیپارێزین، لە هەمان کات دا ئەو پیاوە چاکە خوازانەش لەدەست، نادەین کە دەمانەوێ پشت بەخوا سەرکەوتن ببینن . . بەهۆی هەڵەیەکی هونەری کە بەهۆی کاروبارێکی دەروونی تایبەتیەوە و دەڵێم نارەواشە ڕوودەدا .

تەنها دەمویست ئەمەتان ڕاسپاردە بکەم کە هەوڵ مەدەن بە دەوری نیشانەدا بەخولێنەوە . . چونکە ئەوەی لە دوژمن یەکەمجار وریا نەبوبێ وریا دەبێتەوەو هەر کەسێك کە لە نیشانەکەیدا لە پشتی چەکەکەیەوە کاتێ فروکەوانەکە وەردەسوڕێتەوە بۆئەوەی جاری دووەم دەرفەت لە لێدانی نیشانەکە ببینێ چەکە بەرگریەکانی دوژمن دەبیکن . . هەندێکتان بەپەلە ئۆتۆمۆبێلی تازە لێ دەخورن و کە سانێکی خۆشەویست بەهۆی ئەو لێخورینە خێرایە لە ناوچوون ، من لە هەوالیان دەپرسمەوەو زۆر ئازار دەمگرێ، چوار ئەوەندی ئەوە ئازار دەمگرێ کە بۆ نیشانەیەك چووبێو فروکەکەی کەوتبێتە خوارەوە، چونکە بەمە حەرامە هەروا پەفیڕۆ بڕوا .

سلاوم بەبرا دڵێرەکانتان لە سەربازی هونەرمەندو ئەندازیار تا دەگاتە هەڵۆکانی ترو هەموو کارگەرانی هێزی پاڵەوانی ئاسمانی بگەیەنن .

خوا ئاگای لێتان بێو بتانپارێزێو بەردەوام سەربەرزو سەرکەوتوتان بکا . .

قەوارەی ئابوری ئێران وێران دەکەین



Institut Kurde de Paris

نیشتمان پەروەری و خاکی نیشتیمان

هوشیار هوگر لە سلیمانیەوە

نیشتمان پەروەری بەشێکە لەو بیروباوەرە پیروزانەی کە مرۆڤ شانازی پێوە ئەکات لە هەمو کات و سەردەم و لە هەمو ناوچەو وڵاتێکی ئەم سەر زەمینە.. ئەم هەستە پیروزەی هەمیشەی مرۆڤ هەرگیز پێچەوانەنیە لەگەڵ سیفەتە باشەکانی‌تری وەك خواناسین و رەوشتی جوان وشانازی کردن بەتیرەو هۆزو باوباپیرەوەو بەمەڵبەندو رەچەڵەکەوە بێ‌شك ئەم دنیایەی سەر روی زەوی نیشتیمانی گەورەی مرۆڤە!

بەڵام لەسەر روی زەوی نیشتیمانی بچوکتری جیاجیا هەن کە ئەو وڵاتانەن ئەمرۆ دەوڵەتیان هەیەو دەوڵەتەکانیان ئەندامی لە کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتوەکان و ریکخراوەکانی‌تردا کە زیاترن لە ١٥٠ دەوڵەت. هەیانە زۆرگەورە وەکو ئەمەریکاو چین و یەکیەتی سوڤیەت وە هەیانە مام ناوەندی وەکو فەرەنساو ئەڵەمانیا وژاپون و ئیران ومیسر وەهەیشیان بچوك وەکو ئەردەن و کوێت و یەمەن... هتد.

وە دەوڵەتیش هەیە ساوایە یان هێشتا لەسکی دایکیایەوە خەریکە لەدایك ئەبێ‌و بەو جورە! زۆربەی ئەم دەوڵەتانە لەسەر بناغەیەکی خاك و زمان دروست بون.. تەنها یەك نەتەوەو یەك خاك یان چەند نەتەوەو خاك و هۆزێك لە چوارچێوەی دەوڵەتێك دا ئەژین و گوزەران ئەکەن پێکەوە! هەندێك جاریش یەك نەتەوە ویەك خاك و نیشتیمان لە چوارچێوەی سنوروقەوارەی چەند دەوڵەتێك دا ئەژین وگوزەران ئەکەن! وەکو دەوڵەتە عەرەبیەکان! کە تەنها نەتەوەو خاکێك و زمانێکن لەسنوری عیراقەوە دەست بێ‌ئەکا لە روژهەلاتەوە تا ئەگاتە سنوری جزائرو مغرب لە روژاوا! هەموی یەك خاکەو یەك زمان و یەك مێژوو یەك ئایینە! کەچی ئە بینین ژمارەیەکی زۆر زیاد لە ١٥ دەوڵەتن! وە ئەم دەوڵەتە عەرەبیانەش هەندێکیان نەك هەر لەگەڵ یەکتری‌دا ناگونجێن بەڵکو لەناو خۆیشیانا دامەزراونین و هەمو چەشنە ناکۆکی‌و بەربەرەکانی‌و دوژمنایەتیەکی تیادایە وەك لبنان!... ئەبینین گەلی فەلەستین ونەتەوەی عەرەبی فەلەستین کە هیشتا ئەتوانین بڵێین نەبوە بە دەوڵەتێکی تەواو چەشنەها ناتەواوی‌و ناهەمواری ئەوە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ زیاترە روی تێ‌کردوە!.. لە خاك و وڵات و نیشتیمانی خۆی دەرکراوە یان بێ‌بەری کراوە!.. تا ئێستا کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوە کان و ئەنجومەنی ئاسایش نێو دەوڵەتان هیچیان بۆ نەکردون!

ومەسەلەکەیان تا ئێستا هەر لە شوینی خۆیا (راوح) ئەکات و چەقیوە! گرفتارن بە دەستی زوردارو داگیرکەرەوەو بەدەست گیروگرفت و ناوخۆی خۆیانەوەو بەدەست نارِاستی هەندێك دەوڵەتی عەرەبی وئیسلامیەوە!

باشە! ئایا بۆچی گەلی فەلەستین و نەتەوەی عەرەبی فەلەستین هەر بەقوربانی وەتەن و نیشتیمانی پیروز بێت و خوێن بدات..؟ لەولایشەوە هەردەم خاکو نیشتیمان و خاکی پیروز بوبێ بەژێر دەستو پێ‌ی داگیرکەری سەهێونی‌و ئیمپریالیزمەوە؟! کە هەر روژەی بەچەشنێك ئەم عەرەبی فەلەستینە ریسواو گومررا ئەکات و هەستی نیشتیمانی‌و ئایینی بریندار ئەکات؟؟ ئەوە ئەچێ بۆ زیاتر لە نیوە سەدەیەك دنیای عەرەب وئیسلام بەراست وبەدرۆ پشتگیری لەمەسەلەی گەلی فەلەستینی عەرەب و موسڵمان ئەکەن ئەی بۆچی تا ئێستا ئەم مەتەڵە حەل نەکراو چارەسەر نەکراو ئەم دەوڵەتی فەلەستینی عەرەبیە هەر دانەمەزرا؟؟ سەرەرای هەمو تەقەلایەکی سیاسی‌و سوپایی‌و دارایی کە دراوەو ئەدرێ؟؟ باشە ئەوا ئەوە هەموی هیچ ئەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش نێو دەوڵەتان هەتاکەی وەکو بینەرێك چۆن سەیری تەلەفزیۆن یان شریتێکی ڤیدیۆ ئەکەن یان سینەما ئەکەن ئەئاوایش سەیری مافی مرۆڤی عەرەبی وئیسلامی ئەکەن لە فەلەستینی زەوت کراودا؟ ئەوەنەبێت کە ساڵی جارێك یان دووجار بریارێك دەرئەکەن کە جێ‌بەجێ ناکرێ‌و هیچ دەوڵەتێك وهیچ حوکمرانێك پەنجەرەی کۆشکەکەی پێ پاك ناکاتەوە؟!

ئایا پاراستنی مافی مرۆڤ و پاراستن ئاشتی‌و ئاسایش لەبەینی دەوڵەتانا بەو شێوەیە ئەبێ؟ ئایا ئەوانەی کەباسی قانون وعەدالەتی ئەزەلی ئەکەن و دروشمی ئازادی‌و سەربەستی مافی مرۆڤیان هەڵگرتوەیان لەخواترس وخواناسن چۆن ئەم مەتەڵە یان ئەم تەلیسمە بە تاڵ ئەکەنەوە؟؟ کە نە مەتەڵەو نەتەلیسم!

هۆی دواکەوتنی مەسەلەی فەلەستین لەپێش هەمو شتێك دا ئەگەرێتەوە بۆ ناکۆکی بەینی هێزە نیشتیمانی‌و تیرەو هۆزەکانی عەرەبی فەلەستین لەلایەك وەناکۆکی بەینی دەوڵەتە عەرەبیەکان لەلایەکی‌ترەوە.. هەتایەت زیاتر وەزیاتر دوژمنایەتی‌و زۆران گرتنی نارەوای بەینی دەوڵەتە عەرەبیەکان و حوکمرانە سیاسیەکان زیاد ئەکات.. هەتایەت دووبەرەکی‌و دوژمنایەتی لەبەینی دەوڵەتە ئیسلامیەکانا زیاد ئەکات.. هەروەها لەناو ریکخراوە میللی وجەماهیریە عەرەبەکان و ئیسلامیەکانیشا دیارە ئەمە هەموی عەکس ئەبیتەوەو اگری تەفرەقەو دوژمنایەتی خۆش ئەکات لەسەر خاکی فەلەستینی عەرەبی‌و لەناو کۆمەڵ و تاقم و هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتەدا!!

ئەگەر تەماشای خەریتەی رامیاری‌و سوپایی جیهانی ئەمرۆی ئیسلام بکەین ئەبینین هیچ دەوڵەتێکی موسوڵمان لەگەڵ ئەوی تردا ناگونجێت یەتەواوی.. إستبداد وقەهرو بەرچاو تەنگی دەوریکی گەورە ئەبینێ لە هەلسوکەوتو رەفتاری هەندێك دەوڵەتی ئیسلامی ونەتەوەی موسوڵمان وهێزە رامیاری ونیشتمانی‌و تاقمە چەکدارەکانیان دا!!.. تەنانەن هەندێك لەو دەوڵەت ونەتەوانە دەستیان چۆتە خوێنی یەکتری‌و دووچاری گیروگرفتی وەها بون کە هەرگیز چارە سەرناکرێت.. نەبەشێوەی سوپایی وەنە بەشێوەی رامیاری نەبە پارەوپول!! بۆچی؟...

لەبەر هۆیەکی زۆر (بەسیط).. لەبەر بەرچاو تەنگی ئاینی‌و نیشتیمانی وقانونی! ئەبینین قەپاڵی وەها لەیەکتری ئەگرن کە هیچ کامیان پێی ئەزم ئاکرێ!... یان إدعاو داواکاری وەها ئەهێنە بەرمەیدان و ئەخەنە سەرمێز کە قابل لێکۆڵینەوە ولێدوان نین!.. لایەکیان داوای خاکی ئەوی‌تر دەکات وەلاکەی تر داوای لابردنی سەرۆکی ئەوی‌تر ئەکا... ئیتر بەو جورە بەبێ ئەوەی بانگەوازی بۆ دەرئەکەن لێ‌ی بکۆڵنەوەو لێ‌ی بدوێن بە شێوەیەکی هێمنانەو دیبلۆماسی وەلە سەر روشنایی قانون وپاسای بەینی دەوڵەتان و نیشتیمانەکانی ئەم جیهانەی ئەمرۆکە هەمیشە هەمو داواکاریەکی نارەوا ئەخاتە پشت گوێ تەنانەت هەندێك جار داوای رەواو قانونی‌یشی خستوتە پشت گوێ‌و بایەخی پێ نەداوە! ئەمە جگە لەوەی کەوڵاتو دەوڵەتە عەرەبی‌و ئیسلامیەکان هەر یەکەیان بۆ خۆی لەناو خۆیان هەر روژەی چەشنە گیروگرفت و ناکۆکیەکی مەذهەبی‌و عەقیدەیی وسیاسی وئایینی ئاڵۆزو بێ ئەنجام دوچاریان بوەو دوژمنانی ئەم وڵاتە ئیسلامی‌و عەرەبیانە هەتایەت زیاتر گرری ئەو تەنورو ئاگردانە خۆش ئەکەن بۆ مەرام و بەرژەوەندی رەواو نارەوای خۆیان!؟

بەبۆنەی یادی وەڵام دانەوەی دەستدرێژییەکەی ئیرانەوە

چیژی ژیان لە وڵاتی جەنگلستان و درندەیی‌دا چونە؟؟ لە سەرەتاوەو بەر لەباس کردنی ئەو گەشتەی بۆ تاران، روژنامەنووسی ئنگلیزی (ستیوارت فرانکلین) ئامۆژگاریەکی خۆی بە گوێ‌ی هەموو کەسێك دا دەدات لە هەر نژادێك بن، سەر لە ئیران نەدەن. پاشان سەبارەت بە گەشتەکەی دەدوێت کە وای باس دەکات (گوایە لە خۆ کوشتنێك دەچێت).

ئەو روژنامەنووسە ئنگلیزیە دەڵێت: کاتێك بریارم دا سەر لە ئیران بدەم هیچ شتێکم دەربارە نەدەزانی ئەوە نەبێت روژنامەکان دەربارەی دەیانووسی، زۆربەی دۆست و برادەرەکانم ئامۆژگاریان کردم، لەوانەیش ئیرانیان تێدابوو، سەر لە ئیران نەدەم چونکە مەرگ لە هەموو کاتێك دا خۆی بۆ هەمووان مات داوە، لەو کاتەوەیش پێم نایە خاکی ئیرانەوە ئەوانەی پێ‌یان دەڵێن (پاسداران) داوای بەرتیلیان لێ‌کردم سەرانسەر بەوەی بهێڵن بچمە خاکی ئیرانەوە منیش (٢٠٠) دوو سەد دۆلارم بە لێپرسراوەکەیان بەخشی، ئەم گەشتە دوورو درێژو دژوارەیشم پتر لە (٤٠) چل روژی خایاند. لەو کاتەوەیش چوومە شاری تەبریزەوە زۆرم واق ووڕما چونکە ساکارترین پێداویستی‌ی ژیانی تێدا نییەو بۆ چەندین سەعات مامەوە بە دووی ئوتێلێك دا گەڕام نییدا پشوو بدەم بەڵام بێ‌هوودە، ئەنجام بریارم دا لە گۆڕەپانێکی گشتی‌دا بنووم. هەروەسا پاسداران لێم نزیك بوونەوەو فەرمانیان پێ‌کردم هەردوو دەستم بەرز بکەمەوە پاش ئەوەی پشکنیمیان بۆ پۆلیسخانەیەکیان بردم کە هەزاران کەس لەوێ گردبوونەتەوە بەڵام ئێستایش نازانم لەبەرچی هۆیەك گرتمیان؟!

بۆ بەیانی بەرەو تاران کەوتمە رێ‌و لە ریگادا ئاشنایەتیم تەك لادێك دا بە ناوی (هرمز) پەیداکرد ئەویش باسی باری رامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌ی بۆ کردم و بەسەری دەبات، بۆ هەمو لایەکی جیهان بڵاویکەمەوە.. هەروەها وینەیەکی جوداوازی پێ‌راگەیاندم باری ئازیەت دان و ئەشکەنجەو دەستدرێژی کردنی دەنوواند دژ بەئافرەت لە سەردەمی خومەینی‌دا. ئەوەیش ئەم قسەیە بە راست نازانێت بابچێت سەر لە ئیران بدات و بەخودی خۆی لەوێ لەژیان پرسیار بکات. نەمتوانی فرمێسکەکانم راگیریکەم، پێ‌ی راگەیاندم کە ئەمە یەکەمین جارە پێ‌دەکەنێت لەم چەند ساڵەی رابوردووەدا، ئەم بارەیش چاك ترین دەربرینە لەو کارەساتەی گەلانی ئیرانی تێدا دەژین ئەوانەی گیرۆدەی دەستی ئەو نەزانانە بوون ئەو فەرمانبە دەستانەی کە رێزی خواستنی هاوولاتیەکانیان ناگرن.

جاریکی تریش پێیەکانم رووەو ماڵێکی دیکەیان بردم لەوێ کە ژمارەیەك ئەندازیاری بیگانە (ئەڵمانیە رۆژئاواییەکان) دەژیان کە لە کارگەی (پترۆکیمیاویات)دا ئیشیان دەکرد ئەوەی کە فرۆکەکانی عیراق تێك وپێکیان دا، کاربەدەستەکانی ئیران ریگایان پێ‌نەدابوون وولاٽ بەجێ‌بهێڵن.. هەندێك (هیرۆین)یان پێشکەش کردم کە بە قاچاخ لە ئەوروپاوە هێنرابوو پێشیان گوتم کە تلیاك لە بازاردا زۆرمو بە ئاسانی دەستگیر دەبێت منیش سەرم سوڕنەما لەم قسەیە چونکە پێشتر دەمزانی گەورەترین قاچاخچی‌ی تلیاك لە جیهان دا ئیرانین!!

لە یەکێك لە گۆڕەپانە گشتیەکان دا (پاسدارەکان) بەزۆر خەڵکیان رەپێش کردووە بۆ سەربازگەکان بۆ ئەوەی بۆ بەرەی جەنگیان بهەنێرن. هەرکەیش بەرتیل نەدات ئەوا چارەنووسی هەر مەرگ دەبێت!

ئیران، ئەمرۆ لە سەردەمێکی تاریك دا دەژیت کەس ناتوانێت لێوەی بدوێت و کاروباریش لە خراپەوە بۆ خراپ تر دەچێت هیچ چارەیەکیش نییە بە رووخاندنی بژێم نەبێت لە ریگای تووڕەیی میر بیەدرهینانەوە.

ئا ئەمەیە ژیان لە ئیران دا.. ئەمەیش چەشنەکەیەتی.. کە بە ئەوەوەتی... دۆزەخە.. دۆزەخ..!

لەئیران دا چۆن ژیان گوزەران دەکرێت

● ب. شەپۆل ●

گوتی: هەموو گەنجەکانی ئیران بە هیوای ئەوەوەن لەم دۆزەخە دەرباز بین ئەویش لە ریگای چوونە دەرەوە بۆ هەر ناوچەیەکی جیهان بێت. بۆ شەو یەکێك لە هاوولاتیەکان بانگی‌کردم بۆ ماڵەکەی خۆی بۆ شێوخواردن. کە خەڵکی ناوچەکە زانییان لەو ماڵەم هاتن بۆ ئەو ماڵەو چەندین پرسیاریان ئاراستەکردم کە بەلای منەوە سەیربوون! لاوێك پێ‌ی گوتم:

بۆ دەرەوەی ئیرانم دەبەیت پارەیەکی زۆرت بدەمێ!! دایکیشی داوای لێ‌کردم بیگەیەنمە عیراق تا ئاسودەو دڵنیابێت، هەموو گفت و گۆکانیشیان سەبارەت بە ریگاکانی دەربازبوون بوو لە ئیران و پەنا بردنە بە هەر دەوڵەتێکی بیانی. پاشان پێم راگەیشت کە خەڵکی ناوچەکە پاش ئەوەی من لەوێم بەجێ‌هێشتبوو هەموویان لە بەندیخانە توند کرابوون.

لە تارانیش دا تووشی چەندین تەنگ پێ‌هەڵچنین بووم ئەویش بۆ بەرتیل داواکردن بوون نەك بۆ داواکردنی پێناس و پەساپۆرت! بەم جورە (١٥) روژ بە شەقامە چۆڵ و هۆڵەکان دا گەڕام وەك بڵێیت شاری هیرۆشیمایەو جێ‌هێڵراوە. روژێکیان کچە عازەویکی ئیرانی کە خۆی بە عابایەکی رەش پێچابووەوە رای‌گرتم و داوای لێ‌کردم وینەی ئەو بێ‌بەشییە ئافرەت لە ئیران دا

«ستراتیجیەتی ژاپۆن»

ئەگەر ئەمرۆ هەموو سەرمایەداری بەپێنینە گۆڕو یابانیان پێ‌بپۆین سەرەنجام ئاواخن و ئەو لە بوارە بەرهەمی‌یەی یابان تەفسیر بکەن.

مەبەستمان لێرەدا بەرجەستە کراوانەیە کە وولاتانی رۆژئاواو پەنجەی بەرزکردوتەوەو

تیۆری‌یە ناودارو بە زۆربەی زۆریان ناتوانن ئابووری‌و ڕووەو شێوازە رووون کردنەوەی ئەو بواری ئابووری ئەمرۆی هەڕەشەو داگیرکردنی لە

کارەکانی جیهانی پێشکەوتن و بازدانەکانی تەفسیری پر بە پری سەرچوونە

دیاردەو خاڵە بە پێزە یابانی کردوتە دۆن کیشوتی وولاتەکانی دی رۆژئاوا

ناسك قادر

کە ئەمەیان باسی ئێمە نی‌یە ئەمرۆ یابان بۆتە پاڵەوانێکی واقیعی ئابووری‌و سەراپای بازاڕانی جیهانی بە چەند شمەکێکی دیاری کراو پر کردوتەوە وەك (ئۆتۆمۆبێل کات ژمێر، کۆمپیوتەر، گەیەنەرەکان،.... هتد).

وولاتانی رۆژئاوا لەترسی هێرشی بازاڕی‌یانەی یابان چەندەها سیاسەتی رِی‌گرو باج و نەهێشتنی وبەرهێنانی کۆمپانیا یابانی‌یەکانی گرتوتە بەر بە مەبەستی رزگارکردنی شمەکەکانی خۆیان لە بازاڕەکانی ناوخۆو دەرەوەدا ئەوەتا دەزگا ئەمریکی‌یەکان ئوایان لە (یاشوری ناکاسۆنی) سەرەك وەزیرانی یابان کرد کە پرۆگرامی ناوبراو بە (بەرنامەی‌کار) واتە لابردنی رِی‌گر لە بەردەم هێنانە ناو بۆ ماوەی سێ ساڵ لابدات.

ئەم داوایەی دەزگا ئەمریکی‌یەکان بەر نیازە بوو کە هەڵس وکەوتی یابان لە ساڵەکانی شەست دا دووپات بکرێتەوە بەڵام لە راستی‌دا گەر چی یابان رِی‌ی بە هاتنە ناوەوەی

تەکنۆلۆژیای ئەمریکا دا بۆ ناو یابان بەڵام بە جۆرێك بەکار دەهێنا کە بەرهەمی تێ‌چوونەکەی گەلێك زیاتر بوو لەنرخی کرینەکەی بۆنموونە لە ساڵی ١٩٦٠ - ١٩٦٧ یابان لە ٩٥ ملیۆن دۆلارەوە تا ٢٣٩ ملیۆن دۆلاری داوە بە نرخی کرینی تەکنۆلۆژیای بێگانە ئەمە لەو کاتەی کە ٢,٣ ملیۆن دۆلار بۆ ٢٦ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە لە فرۆشتنی تەکنۆلۆژیای یابانی واتە سوودی زیاتر بووە لە زیان. یابان هەر لەو ساتەوە کە دەستی کرد بە گەشەکردن و ناودەرکردن لە بازاڕی جیهاندا سیاسەتی (إکتفاء الذاتي) گرتە بەرو لە ناو خۆشدا دەستی کرد بە بەرهەم هێنانی شمەکی جۆراو جۆرو هەمە چەشنە لەسەر شێوازێکی بە سوودو قایم کە نرخی شمەکی لە بازاردا بە پێ‌ی داهاتی تاکە کەس دادەنا، ئەم هەڵوێستەی یابان بووە بناغەیەکی بە هێزو بەپێز بۆ پتەوکردنی هێزی ئێستای ئابووری یابان، پاش ئەوەی کە هەستی کرد کە کەرتە پیشەسازی‌یەکانی ناوخۆ پتەو بوون و هاوڵاتیان سوورترن لەسەر بەکارهێنانی شمەکی سنوورەکانی لەبەردەم کۆمپانیاو وبەرهێنانە بێگانەکان کردەوەو کۆمپانیا ناوخۆی‌یەکانی هان دا کە رووەو وولاتانی دەرەوە بکەونە رِی‌و توانای ئابووری‌یان لە جیهاندا بسەلمێنن.

گەرچی سیاسەتی ئابووری‌و نەخشەکێشانی دەوڵەت بۆ رِیبازی کردارە ئابووری‌یەکان و رەوتی وبەرهێنانی‌و رِیژەی باج و دابەش کردنی واهات کارێکی گرنگ دەکەنە سەردابەزین یان هەلکشانی بواری ئابووری وولات، لەلایەکی ترەوە جۆری خەڵکی خواست و بەرهەم هێنانی شمەکی جۆراوجۆری ئەویش بەکاری خۆی لە بازاڕی وولاتانی تازە پێگەیشتوودا راوەشاندو زۆربەیان کردە شوێنی خاچ کردنی بەرەم و دەست کەوتنی بەروبوومی سەرەتایی لێ‌یانەوە.

پیاوانی کاری یابان پشت بە ئەزموونگەری‌یەت و ئاڵ وگۆڕی راست وخۆو سوود وەرگرتن لە پسپۆرانی دەرەوە تایبەتمەندیەکی لە کارکردندا پێ بەخشیوون کە لە وولاتانی سەرمایەداری تردا نابینرێت، بۆنموونە کاربەدەستێکی ئەمریکی لە دەزگایەکی زانیاری دا پەیوەستەو هەرگیز لێ‌ی دوور ناکەوێتەوە بەڵام کاربەدەستێکی یابانی لە کارێکەوە بۆ کارێکی ترو لە شارێکی‌وە بۆ شارێکی دی بە مەبەستی خواست ئارەزووی جۆراوجۆری ناوچەکە بنەڕەتێکی نەخشەی بەرهەم هێنان دروست دەکات.

سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەت رِیبازێکی تایبەتی گرتوتە بەرو بەپارەیەکی زۆر پاڵپشتی کەرتی تایبەتی دەکات،

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

هەندێ شتی زۆر کورت

محمەد بەدری

● زۆر جار لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکاندا باسی رەخنەو رەخنەگرتن ئەکرێ کە ئەبێ چۆن بێت و چۆن نەبێت، چ شێوەیەك باش و بەسوودەو کامەیان بێ کەڵك و زەرەرمەندە.. بەڵام کە مەسەلەکە ئەخرێتە مەیدانی تاقیکردنەوەو ئەبێتە کاریکی واقیعیو لافاوی رەخنەکە شەپۆل ئەدات بۆ سەر بەرهەمەکەی نووسەرەکە خۆی ئەبینین ئەو جۆرە شتە پێشکەوتو خوازانەی جاران وەکو دوکەڵێکی سپی یان لێدێتەوەو ئەچن بە ئاسماندا و لە ناوی دەریای لە بیرچوونەوەدا بزر ئەبن.. واتە ئەو زەلامەی هەتا دوێنێ ئەیویست و حەزی لەوە بوو کە رەخنەگر ببێتە یارمەتیدەرێك بۆ نووسەرو خاوەن بەرهەم و شاعیرو چیرۆك نووس، هەر خۆی پاچی هەڕەشەی تیژ ئەکات و بەرەو سەرو گوێلاکی ئەم و ئەو ئاراستەی ئەکات... ئیتر هەروا بە ئاسانی حاڵەتەکە لەلای ئەگۆڕێو ئەبێتە ئەو رۆژەی قەرەوەیسی تێدا کوژرا...

● من بەش بەحاڵی خۆم بروام بەوەیە کە رەخنە رۆڵێکی هەرە گەورەو گرنگی لە پێشخستنەو پەرەپێدانی نووسەرو بەرهەمەکەی هەیە بەو مەرجەی دوور بێت لە بەرژەوەندی کەسایەتیو دوژمنایەتیو تەنیا گەرانێکی رووت و سادە بەدوای دوزینەوەی هەڵەو کەم و کۆڕی بە مەبەستی شکاندنی نووسەرو بەرهەمەکەی، هەر بو ئەوەی بوترێ زەلامە شتی بەسەردا تێپەر نابێو وریایەو زۆر زانە.. چۆن زۆرزانی بەوە نییە کە پیاو ببێتە کەروك بەدوای هەڵەو وشە راستکردنەوە.. واتە وەك ئەوەی بڵێن نەء بۆ مەبەستی ئەوەی بناسرین.

● رەخنەی راست لەوەدا دەر ئەکەوێ کە رەخنەگر بە دڵێکی پاك و سنگێکی فراوان و چاوێکی گەشاوە ڕوو بەرووی بەرهەمەکە بێو بە دوای لایەنی ئیجابیو سەلبی بگەڕێ، واتە لیە پێشەوە لایەنە باش و ئیجابییەکان دەستنیشان بکات و پاشان بێتە سەر لایەنە سەلبییەکان، لایەنە ئیجابییەکە بو ئەوەی نووسەر هەست بە تواناو بەهرەی بکات و هەوڵی ئەوە بدات زیاتر بایەخیان پێ بدات و بیانچەسپێنێ، لایەنە سەلبییەکەش بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێ لە دواروژدا بە سەریا زاڵ بێت و چاکی بکاتەوە.. رەخنەگر نابێ بە تەنیا چاوێك یان بەپێی تەنیا ڕیبازێکی دیاری کراودا لەگەڵ نووسینەکە مامەڵە بکات، بەڵکو پێویستە بۆچونی خۆیشی هەبێ، نەك ئەوە بێت کە فلانەکەس وا ئەڵێو فیسارەکەسیش وا، ئەگەر هەر بەم شێوەیەش بێ ئەی لێرەدا کاکی رەخنەگر رۆڵی خۆی چی ئەبێ؟!

● ژیان و تاقیکردنەوەو هەوڵ دان و گەران باشترین و بە سوودترین فێرگەن بۆ پێگەیشتنی ئادەمیزاد، ئێمە مانانیش لە سەرەتای ژیانماندا دەیان و سەدان لاپەڕەمان رەش ئەکردەوەو هەندێ جاریش شانازیمان بەو نووسینەمان ئەکرد کە ئیستاکە مرۆڤ شەرم ئەیگرێ کە یەکێك پێ بڵێ ئەو بەرهەمە هی تۆیە، ئەم حاڵەتە شتێك نییە بە تاقە کەسێکەوە بەستراوبێت، بەڵکو دیاردەیەکی گشتییەو هەموو نووسەرێك هەستی پێ ئەکات، ئەم جۆرە هەست پێکردنە لە ئەنجامی تەمەن و تاقیکردنەوەو چێشتنی دەردو خەفەت و ئازاری ژیان درووست بووەو وای لە مرۆڤ کردووە قاڵبی خۆی وەربگرێو بتوانێ بەرامبەر بە هەموو شتێك خۆی ڕاگرێو ببێتە خاوەنی ڕیبازی تایبەتی خۆی..

● هەندێ نووسەر یا شاعیر، لایان وایە کە شیعری باش و سەرکەوتوو ئەو شیعرەیە کە لەناو داوی تەم و مژو تاریکیو گرێ خۆی گیرکردووە، واتە ئەو شیعرەی کە خوێنەر لێ ناگات و هیچ مەبەستێك نادا بەدەستەوە لوونکەی داهێنانە، ئەمە راستە ئەگەر شیعر تەنیا تەلیسم و وریە بێ، ئەم ڕایەش بەلای منەوە هی ئەو جۆرە کەسانەیەکە بروایان بە هیچ شتێك نییەو تەنیا بۆ خۆیان ئەنووسن و فریان بەسەر میللەت و نە جەماوەرەوە نییە، ئەوانە بروایان بەوەیە کە شیعر، یاخود نووسین بەگشتی، شتێکی دەروونیی رووتەو پێوەندی بە نووسەرەکە خۆی هەیەو روخسار یاخود شێوە مەرجی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی بەرهەم، با ناوەروکەکەشی بۆش و بێسوودو بەتاڵ بێ موشکلە نییە.. بەڵام ئەوەی راستیو حەقیقەت سەلماندویەتی ئەوەیە کە نابێ بە هیچ جۆرێك روخسار لە ناوەروك جیا بکرێتەوە، کە ناوەروك باش و بەنرخ بێت ئەڵبەتە شێوەی دەرخستنیشی باش و جوان و ریکوپێك ئەبێت، شێوە پێویستە بە هەمیشەیی لە خزمەتی ناوەروکدا بێ نەك بە پێچەوانەوە، ناوەروکیش هێزو جوانی بەشێوە ئەبەخشێت، بەرهەمی کەڵە شاعیرەکانیش باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە...

کۆتایی پێهاتنی بەناوبانگ ترین چیرۆکی خۆشەویستی لە مێژووی تازەدا

ـ لەم دوایانەدا پەردەدادرایەوە بەسەر جوانترین چیرۆکی خۆشەویستی سەدەی بیستەم دا، کە بۆ ماوەی نیو سەدە هەواڵەکانی سەر لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکانی هەر حەوت کیشوەرەکەی پرکردبووەو!!!

بەدرێژی ئەم ماوەیەش هەر پەرەی دەسەندو قوڵتر دەبوو، تا رۆژی ٨٥/٣/٢٤ کە تێیدا پاڵەوانەکەی لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە پاریس کۆچی دوایی کرد. ئەو ئافرەتەش ناوی «مسز والیس سیمبسون» بوو ژنی پادشای بەریتانیا بوو «ئەدواردی هەشتەم» کە لەسەر کورسی تەختی بەریتانیای مەزن دانەنیشت لەبەر چاوی کاڵی ئەو.

ئەگەر لە قوتابیەکی تازەپێگەیشتوو پرسین ناسراوترین چیرۆکی خۆشەویستی لە مێژودا چییە یەکسەر دەڵێت» رومیو جولیت»و «لیلی ومەجنون».

رەنگە هۆی بیرنەچوونەوەی ئەم دوو چیرۆکەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆتاییە تراژیدیایە کە هەردو پاڵەوانەکە تیدا بەیەك نەگەیشتن. بەڵام چیرۆکە هاوچەرخەکەمان لە سنووری ئەفسانە ئاسایەکاندا دەرچووە چونکە جیا بوونەوەو دورکەوتنی تێدا نەبووە... گومانیش لەوەدا نییە کە بە «رۆمانسیەتەکەی» خۆی جێگای خۆی دەکاتەوە لە نێوان بەناوبانگترین چیرۆکی خۆشەویستیدا

چیروکەکە لە ساڵی ١٩٣٦دا بەوە دەستی پێکرد کە «دیڤد» ئەمیری ناوچەی وێلز لە بەریتانیاو چێنشینی پادشا «لە دوایدا ناوی نرا ئەدواردی هەشتەم» لە میوانداریەکی شەودا چاوی بەو ئافرەتە ئەمەریکایە کەوت کە ناوی «مسز والیس سیمبسون» بوو، هەر لەو کاتەشەوە خۆشەویستی ئەو دوو دڵەی پێکەوە بەست و ئاگری ئەو خۆشەویستیەش هەر بەداگیرساوی مایەوە تا «دیڤد» چووە سەر تەخت.. ئینجا فەرمان رەواو ئەنجومەنی نیشتیمانیو خێزانی پادشا رازی نەبوون لەسەر هێنانی پادشا بۆ ئەم بێوەژنە، چونکە ئەم ئافرەتە دوو جار تەڵاق درابوو کلیساش رێی پادشای نەدەدا ئافرەتێکی بەو جۆرە بخوازێ.

بەڵام بادشا بەهیچ جۆرێك بیری لەوە نەدەکردەوە واز لەو ئافرەتە بێنی کە خۆشی دەویست بەڵکو ئەوەی بە چاکترزانی واز لە تەخت بێنی بۆ خۆشەویستییەکەی ئینجا لە ساڵی ١٩٣٧ دا لە ئیستگەوە ووتەیەکی بۆ گەل خوێندەوە تێیدا ووتی «من وا ئەزانم هەرگیز ناتوانم لێپرسراوی ئەم هەموو ئەرکە بم کە پێتان سپاردوم بەبێ یارمەتیدانی ئەو ئافرەتە کە خۆشم دەویت» بەو جۆرەش وازی لە تەخت هێنا بۆ برا بچووکەکەی جۆرجی شەشەم باوکی شاژن الزابت کە لە ساڵی ١٩٥٢ وەو تا ئیستاش شاژنی بەریتانیایە دوای مردنی باوکی.

ـ یەك رۆژ دوای وازهێنانی دیڤد لەتەختی پادشایەتی پێکەوە لەگەڵ مسز والیس سیمبسون چوونە فەرەنساو لە ١٩٣٧/٦/٣ دا زەماوەندیان کرد. دوای چل ساڵ خۆشەویستی هەمیشەیی کە هەرگیز رۆژێك پەشیمانی تێنەکەوت لە ١٩٧٨/٧/٢٨دا بەنەخۆشی شیرپەنجە «ئەدواردی هەشتەم» کوچی دوایی کردو تەرمەکەی برایەوەبۆ بەریتانیا...

ئەوە یەکەم کەرەتیش بوو کە مسز والیس سیمبسون بانگ بکرێت بۆ بۆنەیەکی رەسمی ئەویش بۆ ناشتنی تەرمی مێردەکەی بوو، یەکەم جاریش بو و پێی بکەوێتە بەریتانیا دوای شوکردنی.

دووەم جاریش کە رۆیشتە بەریتانیا چوار سەعات مایەوە ئەویش بۆ سەر گۆڕی مێردەکەی چوو!!

جاری سێهەم جارێکی چەسپاوە وەك دەڵێن ئەوەیش بەمردویی بوو، کە تیدا شاژنی بەریتانیا فرۆکەیەکی تایبەتی نارد بەشوێن تەرمەکەیداو هێنرایەوەو لە تەنیشت مێردەکەیدا لە گۆڕستانی خێزانی پادشایەتیدا نێژرا.

پادشای خوا لێخۆشبوو هەر پێش ئەوەی بمرێ مشوری ئەوەی خوارد کە ژنەکەیشی لە بەریتانیاو لە تەنیشت خۆیدا بنێژرێت بۆیە لە یەکی لەسەردانەکانیدا بۆ بەریتانیا ئەم داوایەی لە شاژن کرد شاژنیش ناچار رازی بوو بۆ ئەوەی نەوەك بڵێت خۆیشم قەبرسانەکەتاندا مەنێژن.

لە ٨٦/٤/٢٩ تەعزیەکی نیوە پادشایی بۆ «لیدی سیمبسون» گیرا لە کلیسای «سان جورج» تێیدا شاژن و ئەندامانی خێزانەکەیو رۆژنامەنووسان ئامادە بوون، بەبێ ئەوەی مەریو نوینەرانی ئەل ئامادە بن. بۆ ماوەیەکی کەمیش لە کۆشکی پادشایەتیدا تەعزیەی بۆ گیرا، لە بەر خاتری خۆی نا بەڵکو لەبەر خوالێ خۆشبووی مێردێ کە چووبووە سەر تەخت و لە بەر خاتری ئەو وازی لە تەخت هێنا. بەو جۆرە بۆ یەکەم جار رێگای «لیدی سیمبسون» درا کە لە مەملەکەتی مێردەکەیدا بمێنێتەوە بەڵام لە تەرمێکدا کە لە شوشە دروست کرا بوو.

ئامادە کردنی
سەرگول تەیمور

لە بیرهاتنا «هوزانڤانێ ئازادیێ لۆرکا»

پەخشان علي

هوزانڤانی ئیسپانی فیدیریکو غارسیا لۆرکا ئەو هوزانڤانێ چەلەنك یێ کو د دەمەکێ کێمدا ناڤێ وی توخبیێت وەلاتێ وی دەربازبیو دەنگ ڤەدانەکا مەزن ژێ هاتی لێ جیهانێ، بەلێ تشتێ عەجێب گرتی ئەویش هوزانا لۆرکای د هەمی سالێت ژیێ خودا رەهێت وێ درێژ نەهاتینە ل چو ئاخا ژبلی ئاخا وەلاتێ وی یێ بچویك ئیسپانیا. ئەو هوزان ما دەنگەکێ ئیسپانی یێ رەسن و خوجهـ وڤێ چەندێ لۆرکا برە رێزا ئێکی ژ هوزانڤانێت جیهانێ. شانازیامە بـ لۆرکای زێدە دبیت دەمێ ئەم دزانین کو دانەرێ (بیکا خوێنی وسترانێت قەرەچا) هوزانڤانەکێ هێژایە یێ کو د ژیێ تولازیدا هاتیە کوشتن ل هەیڤا ئێکێ ژ دەسپیکرنا شەرێ مللی ل ئیسپانیا.

بدەستێ وان هێزا یت کورسیکا حوکمی ل ئیسپانیا زەبتکرین و هەولدای سیناهیا سەرفرازیا لۆرکای رەش بکەن و رەهێت هوزانا وییا رەسەن هەلقینن بەلێ وێڤەکیڤە جیهان چو جارا وێ گونەها چەپەڵ یا کو زوردارا ل سحارا روژا ١٩ تەباخی ساڵا ١٩٣٦ کری ژ بیر ناکەت هەکە هاتو خوین رێژا لۆرکا کوشت بیت و بەلێ دارا هۆزانا وی کو بکەت وێ هەرشین بوهارینە، مرن نکاریت ڤەوەرینت یان بـ رەڤینت ژ دل و ژیارا ئازادی خوازا.

هوزانڤان لۆرکا ل پێنجێ حزیرانێ ساڵا ١٨٩٩ م ل (فونیتیڤا کیروس) نێزکی غرناطە ژ دەی‌بابێت حال خوش و خودان شۆڤ و چەم ل وێ دەڤەرێ یێ هاتیە سەر دونیایێ.

خاندناخۆ ل کولیجا ئادابێو یاسا ب کوتاهی ئینا وباژێرێ مدرید ژ ساڵا ١٩١٩ کرە مەلبەندێ ژیاراخۆ. لۆرکا خودان هەستەکا هونەری یا ژیهاتی بۆ خودان ئاسۆیەکا دوێر ودرێژ بۆ یا تژی بـ کەسکە خەوناو هیڤیا چالاکێیت هونەری لدەف لۆرکای د مشەبون ول بەراهیکا ژیاناخۆ ئەڤیندارێ هەلبەست وئاوازا بۆ وئەف چەندە یا دیارە د هوزان وشانوگەرێیت ویدا. لۆرکا شیا هوزانا ئیسپانی بـ گهینیتە ئەسمانەکێ ساهی پر ستێرێت گەش و روهن، لۆرکا هوزانا ئەسپانی ڤەهاندەڤە درێك و نیگارێت نوێدا. لۆرکای سەروکانێت کەڤن یێت هوزان وسترانێت ئیسپانی جارەکادی ڤەژاندنەڤە ئەو هوزان وستران یت سەر لێڤێت رینجەر وزحمەت کێشا دەنگ ڤەدای ڤێجا مللەتی ئەڤ دەسنکەفتنا مەزن یا لۆرکای پەیدا کری بـ دلەکێ پر سوزو باوەر حەباند چونکە ڤان هوزانا رێمەتو راستەقینا مللەتی بنەجهتکر. گرنگترین هۆزان و شانوگەرێیت لۆرکای:

١ ـ شانوگریا ماریانا بینیدا ل ساڵا ١٩٢٤ یا هاتیە ڤەهاندن و یا خەملاندی بۆ بـ گەلەك رامانێت سیاسی لەوما سێ ساڵا ما بێ کار چونکە خودانێت شانویا نەشیان رێکێ بدەن داکو بۆ خەلکێ بهێنە پێشکێش کرن ترسیان ژ زولما زوردارا. شانوگریا ماریانا کاروانەکێ تژی باوەر بۆ بەرف ئازادیێو سەرفەرازیا مللەتی، لۆرکا دڤێ شانوگەرێدا دەنگێ خو بلند دکەت ل سەر ئەزمانێ بەهلەوانێ

شانوگەریاخو (دون بیدرو) دەمێ د بێژتە یارا خو دێ چەوا حەشتەکەم گەر یێ ئازاد نەبم؟ دێ چەوا ڤی دلی خەملینم بـ ئەڤینا تە هەکە یێ من نەبت؟).

٢ ـ و ل ساڵا ١٩٢٨ لۆرکای قەتەکا هوزانێت خو ل بن ناڤ و نیشانێت (سترانێت قەرەچا) بەلاڤەکرن و دەنگ ڤەدانەکا جیهانی یا گرنك دیت و بۆ پتر ژ بیست ئەزمانا هاتنە وەرگەراندن.

٣ ـ و ل ساڵا ١٩٣٣ شانو گەریا بیکا خوێنی ڤەهاند یا کو تێتە دانان سەر کێشا هەمی شانوگەریا ل ئیسپانیا، لۆرکا بـ وێ شانوگەرێ تەنکەزاریو کوڤانێت کومەلەکێ ژێك ڤەبی و دەردەسەر بەر چاڤ دکەت. دیسان لۆرکا د شانوگەریا بیکا خوێنی د بێژتە جیهانێ (دەمێ ریو ریدان، کول و کوڤان خو د هاڤێنە کاخێت ژینا مەدا چو تشتەك نەشێت پاشڤە بەت یان کو بەر نیگار بێتێ.

هوزانڤانێ مەزن لۆرکا ل سەر ئاخا ئەندەلوس هاتە کوشتن ورەخ غرناطە هاتە ڤەشارتن. لۆرکا بەحسێ مرنێ دکەت د هوزانەکا خوداو بێژیت..

دەمێ ئەز دمرم
دگەل من تەمبورا من ڤەشێرن
بن دندکێت خیزی
دەمێ ئەز دمرم
دناڤ بەرا پورتقالا
وگولێت پینگی
دەمێ ئەز دمرم
من ڤەشێرن
هەکە وە ڤیا
دناڤ شەپولێت بایو باروڤەی
دەمێ ئەز دمرم.

هوزانڤانێ مەزن فیدیریکو لۆرکا هەتا کو رۆژێت دوماهیێ ژ ژیێ خو، نیشان لدیف نیشانێ دیار دکر کو هەر یێ بهێز وشیانە بو پەیدا کرنا سەرکەفتنا و ڤەکرنا دەرگەهێت نوی د هوزانا ئیسپانی دا، دا کاروانێ مللەتی ب چەلەنگیو سەرفەرازی بگەهتە قوناغا ئازادیێ.

لەلای ئێمە

کەژاڵ ئەحمەد

لەلای ئێمە هەر شاعیرەو
بەقژ ئافرەت ڕائەکێشێ
لەناو شاری هۆنراوەدا
بەسەرسنگی دیوارێکا هەڵیەواسێ
وەکو جەردە
جلەکانی دائەدڕێ
ماچی ئەکاو
گۆرانی عەشقی بۆ ئەڵێ
لەلای ئێمە هەر شاعیرەو
ئەڵێ ئافرەت فریشتەیە
ئەڵێ ئافرەت گوڵاڵەیە
ئەڵێ ئافرەت خوای جوانییەو پەپوولەیە
بەڵام ئافرەت لەلای ئەوان
نەمرۆڤەو
نەخاوەنی ئازارو ژان
نە لە مانای ژیان ئەگاو
نەهەستی هەیەو نەویژدان

من کت ومت وەکو تۆمە
حەز لە خۆشەویستیی ژین دەکەم
سەرسامم بەشتە جوانەکان
بەشینایی ئاسمان
دەق وەکو تۆ
خوێن لە ناخما هەڵدەقوڵێو
زەردەخەنە لە چاوەکانما دەدرەوشێتەوە
چاوەکانم
کە شارەزای بارگرانیی فرمیسکەکانمە
من دەزانم
کەجیهان نایابە
هۆنراوەکانیش وەکو نان
لە پێناوی هەموان لەدایك دەبن و،
خوێنم تەنیا لە لەشما ناگەڕێ
بەڵکو وەك وبار
دەرژێتە دەمارەکانی ئەوان
لە پێناوی خۆشەویستی ژیان
لە پێناوی جوانیی شتەکان،
لە پێناوی ئاسمان
لە پێناوی هۆنراوەکان ـ لە بۆ هەموان
دەجەنگن.

هۆنراوەکان وەك نان لەپێناوی هەمووان لە دایك دەبن

شیعری: رۆکیە دالتۆن سلفادۆر.
گۆڕینی: کەمال غەمبار

Institut Kurde de Paris

زانای هەڵکەوتو مەلا موحەمەد سەعیدی دێلێژەیی

جمال موفتی

مامۆستا مەلا موحەمەد سەعیدی دێلێژەی کوڕی زانای بەناوبانگ حاج مەلا ئەحمەدی دیلیژەیی‌یە کوڕی مەلا موحەمەد کوڕی مەلا حوسەین کوڕی مەلا مەحمودی دیلیژەیی‌یە. کە یەکێکە لەزانا ناودارەکانی قونابخانەی مزگەوتی گەورەی سولەیمانی‌یە ئێمە بۆ ئەوەی ئەم هەلە لە دەست نەدەین ناوی هەموو زانا مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە ئەنوسین کە شیخ مەحمود صاحب برای مەولانا خالد لە کتیبەکەیدا (بغیة الواجد في مكاتب مولانا الخالد) لاپەرە ٢١٢ نوسیونی.

١ ـ مەلا عەلی بەرزنجی.
٢ ـ عبدالقادر بەرزنجی.
٣ ـ مەلا عبدالقادر نائب قاضی.
٤ ـ مەحمود بەرزنجی.
٥ ـ مەحمود بەرزنجی
٦ ـ عەبدول عەزیز نەقیب ئەشراف سولەیمانیە.
٧ ـ عەبدولا بەرزنجی.
٨ ـ ئیسماعیل بەرزنجی.
٩ ـ موحەمەد مودەرس کوڕی جەلالەدین ـ خورمال
١٠ ـ عەلی بەرزنجی.
١١ ـ موحەمەد بەرزنجی.
١٢ ـ مەلا عەبدول کەریم کوڕی شیخ عومەر ڕوباری.

سەرۆکی مامۆستایان و زانایانی بە ناوبانگ لە سولەیمانی

ئەگەر سەیری ناوەکانئەکەین دووجار ناوی مەلا مەحمودی بەرزنجی هاتووە کە بێگومان یەکێکیان مەلا مەحمودی دیلیژەی‌یە ئینجا مامۆستا شێخ مەحمود صاحیب یان هەر مەلا مەحمودی دیلیژەی بە بەرزنجی دانراوە چونکە زۆر نزیك شێخ مەعروفی نودی بوە یان هەڵەی چاپە ـ یان وای زانیوە کە چونکە مەلا مەحمود خەڵقی دیلیژەیەوە دیلیژەیەوەی شێخ ڕەضای دیلیژی و ئەمیش کوڕی شێخ ئیسماعیل وەلیانی نەسەبیان بەرزنجی‌یە ئەبێ مەلا مەحمودیش بەرزنجی بێت. با بگەڕینەوە سەر مامۆستا مەلا موحەمەد سەعیدی دیلیژەیی. ئەم زانا بەرزە ساڵی ١٨٩٤م لە سولەیمانی لە دایك بووە هەر لەسەر ڕێسو شوێنی باوك و باپیرانی ڕێگای خوێندنی گرتۆتە بەر پیشان لای باوکی دەست ئەکات بەخوێندن وە فریای ئەوە ناکەوێت کە خوێندنی ئەو سەردەمەی لا تەواو بکات باوکی ئەمرێت و ئەم لەم کاتەدا تەمەنی (١٤) ساڵ بوو پاشان ئەچێتە لای شێخ نەجیبی قەرەداغی پاشان بۆ لای شێخ بابە علی لەویشەوە بۆ لای زانای پایە بەرز مامۆستا مەلا حوسەینی بسکەندی وەلای ئەم زانا بەڕزو بەڕێزە (اجازە) وەرئەگرێت پاشان وردە وردە زیرەکانە پێش ئەکەوێت وە لەماوەیەکی کەمدا دەنگی بەهەموو لایەکدا بڵاو ئەبێتەوە فەقێ‌یەکی زۆری لێ خر ئەبێتەوە ماوەیە لە مزگەوتی نەقیب ئەبێت پاشان ئەچێتە مزگەوتی مەجید بەگ عەبدورەحمان بەگ. مەشهوور بە (خمخانە) کە شوێنی دەرز ووتنەوەی باوکی بووە ئیتر لەم مزگەوتەدا جێگیر ئەبێت هەر لەوی بەدەرز وتنەوە خەریك ئەبێت لەگەڵ نەهێشتنی تەنگو چەڵەمەی شەرعی ناو خەڵق پاشان لەبەر زانای‌و زیرەکی کرا بە (رئیس مجلس العلمی) لە سولەیمانی. مامۆستا مەلا موحەمەد سەعید پەیتا پەیتا فەقێ‌ی لا خر ئەبووەوە ڕۆژ بەڕۆژ پێش ئەکەوت بە چەشنی هەتا بووە مەلایەکی گەورەی ناودار کە بۆ زۆر شتی علمی‌و شەرعی پرسیان پێ ئەکرد وەزۆر جار مامۆستا مولاعەزیزی موفتی نامەکانی خۆی کە بۆ پیاوە گەورەکانی بەغداو کار بەدەستان ئەنووس ی پیشانی ئەداو یان بەوی ئەنووسی. مامۆستا مەلا موحەمەد سەعید زمانی فارسی عارەبی‌و تورکی زۆر باش ئەزانی. ماوەیەك لە طاپو ئیشی کرد پاشان لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێك نەبوو نەیتوانی لەم کارەدا بمینیتەوە گەڕایەوە سەر ئیشەکەی خۆی مەلایەتی دەرزو وتنەوە. ئەوەند مامۆستایەکی بەتوانا بوو فەقێکان زۆر بەچاکی لێ‌ی حالی ئەبون و تێ‌دەگەیشتن هەموو فەقیکانی کەم یا زۆر پێگەیشتون ئەوەندە بەسە بۆ ئەم مامۆستایە کە قوتابی وەك ئەمانەی خوارەوەی هەیەوە (اجازە)ی داوە بەهەندێکیان.

١ ـ دکتۆر موصطەفا زەلمی
٢ ـ دکتۆر فاضل عەبدول واحد
٣ ـ مەلا عەبدول عوضیم
٤ ـ مەلا قادری کوکوی
٥ ـ مەلا سەعیدی شاناخصی
٦ ـ مەلا مەحمود گرگاش
٧ ـ مەلا موحەمەد طەویلەیی
٨ ـ مەلا ڕۆوف بسکەندی.

وە گەنێکی‌تر لە خوابیت ـ ڕوریت حەسەنی لای خومان دەبێ. مامۆستا هەر بریارێکی بدایە لە لایەن زانایانەوە ئەسەلمێنرا چونکە ئەزانرا کە لەیەکێکەوە دەرچووە زۆر زانایە.

مامۆستا زۆر شارەزای شیعری شاعرەکانی عارەبی‌و فارسی‌و کوردی بو زۆربەی شیعرەکانی شاعری گەورە (مەحوی) لەبەر بوو شەرحی ئەکرد بێجگە لەوەش خۆی شاعیرێکی باش بوو هەرچەندە شیعری نەکردبو بەکاری خۆی. بە هەر حاڵ مامۆستا مەلا محەمەد سەعید یەکێکە لە مەلا چاکە گەورەکانی ئەم دوای‌یەی وولاتی خومان وە زیاد لە ٤٥ ـ ٥٠ ساڵ بە دەرز ووسەوە حەریت بوو. مامۆستا لە ژیانی خۆیدا دوو نامیلکەی چاپ کرووە (فرائض کوردی)وە بە عەرەبی (رسالة فی فتح الرحمان)و لە ساڵی ٩٣٤ نامیلکەیەکی باوکیشی بەچاپ گەیاندوە (وجود الواجب) مامۆستا لەپاش خۆش نامیلکەیەکی دەست نووس بەجێ هێشتوە چاپ نەکراوە وا لای کوڕەکانی ئێمە بۆ یەکەم جار پارچە شیعری مامۆستا بڵاو ئەکەینەوە کە تێدا گلەیی لە مامۆستا بێخود ئەکات لەرووی لوطفەوە هەروەها مامۆستا بێخود ئەم شیعرانەی ووتوە بە بۆنەی لەدایك بونی دوو منالی مامۆستا مەلا موحەمەد سەعیدەوە ئەم مامۆستا بەرزە ڕۆژی ١٩٦٥/١٢/٢ لەدنیا دەرچو لە گۆرستانی شێخ محی‌الدین بە خاك سپێنرا لە تەنیشت گۆری باوکیەوە لەسەر داخوازی خۆی مامۆستا پێنج کوڕی بەجێ هێشتووە.

سیمرەکەی بۆ مامۆستا بێخودی ناردوە

جەنابی بێخود چاکت ئەناسم — خوت هەلەکێشە بلێ‌ی بلباسم
بۆ بی‌وەفایی ناظمی چاکی — ئەتوانی بلێ‌ی ئەبو نەواسم
ئەما صەد ئوستاذ دەرست پێ‌بلێ — بۆ وەفا ئەڵێ‌ی حەرفی ناناسم
بەخوا صەد حەیفە باطنت وابێ — خۆشت ظاهر کەی خەیر ئەناسم
لەگوی کە وەك دز ئەم هەذیانە — عاجز مەبە لێم ئەی برای خاسم

ئەم شیعرەی خوارەوەی مامۆستا بێخود بەهۆی لەدایك بوونی جەلالی کوڕی مامۆستا مەلا موحەمەد سەعیدەوە.

ووتراوە کە لە ساڵی ١٣٥٨ هـ لە دایك بووە.

لە (الفنا) کە بە مەقصودی دل دووبارە گوڵی کرد
شکوفەیە لە درەختی ریاض ئیرئی نبووەت
سوئالی مەولیدی ئەم شاهزادەیەم لە خبرة دکرد
کە جێگەیان بووە هەر پایتەختی عیلم زەکاوەت
بدەی دەوامی ئیلاهی لەسەر سەریری دیانەت

وە ئەم شیعرەی تریش مامۆستا بێخود بۆ جمال ی کوڕی مامۆستا مەلا موحەمەد سەعیدی ووتوە کە ماوەیەکە ئەمری خوای بەجێ هێناوە: ـ

ئیلاهی ئەم گوڵی نەو رستە هەر دائم بەهاری‌کەی
لە باغی پر لە میوەی طولی عومرا کامگاری کەی
پەری تەفواو عفریتی هەواو نەفسی موسەخەربێ
لەسەر تەختی سولەیمانی بڵندو پایەداری کەی
لە ئەوجی مەینەتدا وەك هومایونی موبارەك بێ
لە بورجی مەعریفەتدا هەر وەك و ڕۆژ ئاشکاری‌کەی
ئەوی ئەم نەو نەمامی جوی عیرفانەی نەوێ یارەب
لەروی چاك و خراپا هەر تەریق و شەرمەزاری‌کەی
بە تەئریخی لەدایك بوونی ئەو دائم ئەڵێ بێخود
خودا وەك باب و باپیری وەحیدی ڕۆزگاری‌کەی

لیرەدا جێ‌ی خویەتی کە بڵێم. ئەو مامۆستایانەی کە شێخ مەحموود صاحیب لە کتیبەکەیدا ناوی بردوون هەموی لەگەڵ شێخ مەعروفی نودێ‌یدا بوون پیکەوە مامۆستا بوون و. . .

دەرزیان ووتوەوە هەر یەك لەوانە لە زانستێکدا سەرکەوتوو بوون. بەڵام نازانم جەنابی شێخ مەحموود صاحب ئەم کتیبەی زۆر بەکڵوسوزی کەسایەتیەوە بە شیرزە نووسیوە پرە لە هەڵە نازانم بۆچی ناوی ئەو ئەمیرە بابانەکانی نەنووسیوە کێ کە مەولانا خالد نامەکانی بۆ ناردوون یان چۆن ئەبێ ناوی سەرۆکی مامۆستان و زانایان مامۆستا شێخ عەبدوڵ کەریمی کوڕی شیخ عومەری ڕوواری لەدوای هەموو مامۆستاکانەوە نووسیوەو دڵی هاتوە ئەبوایە یەکەم کەس ئەوی بنووسیایە جەنابی شێخ محمود صاحب وا دیارە تەنها هەر خواستی ئەوە بووە کتیبەکە دەرچێت وا دیارە هەتا پاك نوسیشی نە کردبێ بەهەر حاڵ من انشاء الله جارێك بە ڕیکوپێکی لیکۆلینەوەیەکی ورد لەسەر ئەم کتیبە ئەکەم.

شاعیر لە شەشی ئەیلول بریندارکرا.

ئایاراستە(بێ‌کەس)ی

★ فؤاد خوگر ★

ڕەوڕەوەی مێژووی خەباتی گەلانی دنیا هەمیشە لە پێشکەوتن و پەرەسەندن دایە. . میللەتی کوردیش وێرای زۆربەی میللەتانی تری جیهان هەمیشە لە خەباتی نەپچراوەو درێژخایەنی خۆی هەرگیز سڵی نەکردۆتەوەو هەمیشە بەقوربانی بەرگری لە بوون و مانی خۆی کردووە.

یەکێك لەو حەقیقەتانەی کە مێژوو بە خەتێکی سوور لاپەڕەیەکی پرشنگداری مێژووی خەباتی نەپساوەی نەتەوەی کورددا تۆمار کردووە، ئەوا ڕاپەڕینە خوێناوەیەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی‌یە کە لە ڕۆژی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠دا دژ بە کۆنە خوازان ئەنجام درا.

دیارترین پاڵەوانی ئەم ڕاپەڕینە خویناویە، شاعیری نەمری کورد (فایق بێ‌کەس)ە کە شێرانە لێی هاتە دەست و توانی جڵەوی سەرکردایەتی بگرێتە دەست و وەك خەبات دژی کۆنەپەرستان ئەنجامی بداو بیکاتە ڕۆژێکی پرشنگدار لە مێژووی خەباتی نەپساوەی گەلە ستەمدیرەکەمان.

(فایق بێ‌کەس) هێشتا تەمەنی لە «٢٥» ساڵ تێپەڕی نەکردبوو کە توانی ڕابەرایەتی ئەم ڕاپەڕینە مەزن و خویناویە بکات، بەڵام، داگیرکەران وەك دەها جاری‌تر ئەمجارەش کاری بێ شەرمانەی خۆیان سەلماندەوەو بە گوللە وەڵامی ئەم کۆمەڵە ڕەش و ڕووتانەیان داوە. ئەوەبوو لە ئەنجامدا زیاتر لە (٤٥) کەس تیایدا شەهیدبوو کە هەندێك لەوانە، عەزیز پینەچی، حەمە چاوشین، حەمەی قالە ئاغا، محەمەدی خولە عەزیزی کورتان درو، عەول محەمەدی چایەچی، عەلی سیو جگەر فرۆش، حەمە ڕەش حەسەنی دەروێش شیرگەرو دەیانی‌تر.

هەروەها زیاتر لە «٢٠٠» کەسیش بریندار بوو کە یەکێك لەمانە (تاهیر)ی برای بچوکی شاعیری شۆڕشگێری کورد (فایق بێ‌کەس) بوو.

هەروەها زۆربەی زۆری خەڵکەکەی تریش ڕاپێچی گرنووخانە کران، هەندێك لەوانە، مامۆستا فایق (بێ‌کەس)ی شاعیر، عەزمی بەگی بابان، شێخ قادری حەفید، عیززەت بەگی وەسمان پاشا، شێخ محەمەدی گوڵانی، حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا، حەمە سالح بەگی حەمە عەلی بەگی مەجیدەفەندی، تۆفیق قەزاز، ڕەمزی فەتاح، ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، فایق بەگ و سەدانی‌تر.

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ جێگای بۆ بکەمەوە ئایا (بێ‌کەس) لەم ڕاپەڕینە بریندار بووە یا نا؟، ئەوەی ڕاستی بێ تا ئێستا ئێمە هەر بە هەڵەمان وەرگرتووە، کە (بێ‌کەس) گوایا بریندار بووە.

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەسەلەیە لە سەرەتای «١٩٨٥» چاوم بە شاعیری کورد کاك (ئەحمەد هەردی) کەوت و باس هاتە سەر باسی (بێ‌کەس) منیش باسی بریندارەکەیم کردو کاك (ئەحمەد هەردی)ش ووتی، نەخێر بێ‌کەس بریندار نەکراوە!

ووتم چۆن؟ ووتی: ئێستاش لە یادمە کە منداڵ بووم کاتێك زانیم کەوتمە ناو هەراو هوریایەکە کە دیتم (بێ‌کەس) کەوتبووە نێوان پێوڵیس و خەڵکەکەوە. بە شێوەیەك پۆلیسەکان (بێ‌کەس)یان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشاو خەڵکە بێ تاوانەکەش چاکەتەکەی (بێ‌کەس)یان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشاو هەوڵیان دەدا نەیدەن بەدەستەوە. . . بەڵام، ئاکامەکەی کەوتە بەر دەستی پۆلیسەکان و ڕاپێچی گرتوو خانەیان کر د، بەڵام، بریندار نەکرا، بەڵکە (تاهیر)ی برای (بێ‌کەس) بریندار کرا، کە تۆزێك لەو بچوك تر بوو.

هەروەها هەمان پرسیارم لە مامۆستا (دیلان)ی شاعیر کرد ئەویش هەمدیسان ووتی، بێ‌کەس بریندار نەکرا. . بەڵکە تاهیری برای بچوکی بێ‌کەس بریندار بوو.

لێرە گەیشتینە ئەو ڕاستی‌یەی کە (بێ‌کەس) بریندار نەکراوە، بەڵام، تۆ بڵێ‌ی ئەمە لە نرخە شۆڕشگێریەتیەکەی بێ‌کەس تۆزقاڵێك بێنێتە خوارەوە؟! بێگومان هەرگیز نەخێر. . نەخێر، بەپێچەوانەوە بێ‌کەس زیاتر بەرز دەبێتەوە بەوەی کە دڵی هاتووە ئەو تاقە برایەی کە بێ‌دایك و باوك ماوەتەوە بێنێتە ناو ئەو ڕاپەڕینە دژوارو خوێناوی‌یە.

هەڵبەتە ئەگەر بێ‌کەس باوەڕێکی چڕوپڕی بە ئاسۆی خەباتی دوا ڕۆژی زەحمەتکێشانی وولاتەکەی نەبوایە، ئەوا ئەگەر خۆشی بەشداری کردبایە بێگومانم نەیدەهێشت ئەو برا تاقانەو بێ‌دایك و باوکەی بەشداری ئەو ڕۆژە ڕەشە بکات.

بەڵام، دیارە بێ‌کەس باوەڕێکی چڕوپڕی بە ئاسۆی خەباتی نەپچراوەی گەلە ستەمدیرەکەی هەبووە، (هەرچەندە ئەمجارەش وەکوو چەندان جارانی‌تر تووشی نوشوستیەکی زۆر هات) بۆیە ئەو کاتەی خرایە بەندیخانەش جگە لەوەی لە ساڵانی ١٩١٢ ـ ١٩١٣ برای گەورەی لە ئاوی دیجلەدا دەخنکێ‌و دوا بە دوای ئەو دایکیشی دەمرێ‌و لە ساڵی ١٩٢٩ ئەبیسێ کە باوکی لەمەرعەش لە تورکیاو لە وولاتی غەریبی کۆچی دوایی کردووەو لە ساڵی ١٩٣٠ بە دوای سۆراغی‌دا دەچێ‌و هەر لە هەمان ساڵدا بە نائومێدی دەگەڕێتەوەو برا بچوکەکەشی کە لەو ڕاپەڕینەدا بریندار دەکرێ‌و بە تاقی تەنیا بەجێ دەمێنێ، بێ ئەوەی دایك! باوك! تاقە برایەکی هەبێت چاودێری بکات تا چاك دەبێتەوە! کەچی ئەوجا ئەو کەڵە شاسوارە لە بەندیخانەشدا نرکەی دەهات و دەی‌نەراند. .

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندیو ئەسارەت پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکرو فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ‌نەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بێ شەریك و لامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لەدڵا ئاگری کردۆتەوە
ئاگریکی‌وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر
قەت گڕو گڵپەو بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دو ژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە. .

خەونی وەنەوشەیی

حیدر عبدالرحمن

بە ئەسپایی دەرگای ژووری ئوتێلەکەت خستە سەر پشت، چەند هەنگاوێکی لە سەرخۆت نا، دەماری قاچەکانت سڕ بوون، هەستت بە چەفین دەکرد، چاوێکت بە دار و دیوارەکان دا خشاند، دوو پێخەفی نووستن، دوو سەرین، دوو کورسی بەرامبەر یەکتر، دوو پەشتەماڵ دوو . . . دوو . . دوو. .

ـ من یەکێکم کەچی ئەو ژوورە دوو کەسی دەوێ!

لە سەر کورسیەکە ڕوو نووشتی، هەنیشکت بە سەرینەکەداو قاچەکانت لێ ڕاکێشان، ئاوڕێکیت بۆ قەرێوەلە بەتاڵەکەی تەنیشیت دایەوە، هەناسەیەکی ساردت هەڵکێشا، ئارەقە گۆشەی چاوەکانتی دەزوراندەوە، خۆت لەبیر چووبوو ئورکوندیشنەکە داگیرسێن، پلێکت پێوەنا، بایەکی سارد وورووژمی هێنا، فێنکی کردیتەوە. چاوەکانت خستنە سەریەك، وەبیرت هاتەوە خۆت نەشوریوە، دەستت بۆ پەشتەماڵەکە برد، گویت لە قاقای یێکەنینی ئافرەتێك بوو، لە دەرگاکە نزیك بوویتەوە، شەپۆلی ئەو پێکەنینە لە ژوورەکەی تەنیشتەوە هەڵ دەقوڵا، بیزت لە خۆت بووە، دەرگاکەت بە توندی ڕاخستەوە، لە بەر دووشەکە خۆت شوری، گەڕایتەوە ژوورەکەت لاچکی پەردەکەت بە پەنجەیەکتەوە لادا، شارو شەقام و ناخەوەلێ دەکات. . .

کڵۆڵ بوو، بە ساویلکەیی دەسوتا، لە ناچاری نەبوایە نەت دەهێشت دارێك لە سەر بەردێك دابنێ، هێزی ئەوەی لەبەر برابوو جلەکانت بشوری، چێشت بۆ لێ‌بنێ، ددانەکانی هەڵوەریبوون، خەم پشتی چەماندبووە، هەر ئەوەندە دەکەوتە جووڵە، هەموو گیانی لە ئارەقە دەچۆڕاوە، لە تەنیایی ڕاهاتبوو، ئیواران بە تەنیا لەبەر دەرگا ڕوو دەنیشت، چاوی دەبڕیە سەری کۆڵانەکە تا دەردەکەوتیت. .

ئەو تەنیاو تۆ تەنیا، سامناکی تەنیایی هەردوکتان لە ژوورەکەت، لە باخچەکەت، لە سەر ڕوومەتی یەك یەکەی خونچەکان لە سەر دار وبەردی ئەو سنوورەدا هەڵ دەنیشت کە بۆنی تۆی لێ‌بێ. . .

دەرمانی ئەو تەنیایە لە بەرچاوت بوو، لە ژێر چەنگت بوو، بەڵام تاڵ بوو! نەت دەتوانی بی‌نووشی!

Institut kurde de Paris

کەمـــال ئەی چاوەکـــەم تۆ شاعـــیرێـــکـی باش و هۆشیاری

هونەرمەندی لە هەڵبەستا ئەکەی هـــــەر پەیرەوی ناری

کەمالی

• (علی باپیر ئاغا)

لەو روژەوە کە دیوانەکەی (کەمالی)م پێگەیشت و خوێندمەوە زۆر ئارەزوی ئەوەم ئەکرد هەڵێك برەخسابایەو چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کاك (کەمال ئەسعەد رەزا)دا بکردبایەو بە خوێندەواری کوردم بناسیبایە چونکە ئەو شاعیرە کوردە هەستێکی رەسەنی کوردی هەیەو بەیەك لە قوتابیەکانی (کەمالی) نەمر (علی باپیر ئاغا) دائەنرێ.

لە لاپەرە (١٤٣)ی دیوانی کەمالیدا کاك کەمال ئەسعەد پارچە شیعرێکی لە ساڵی ١٩٧١دا بۆ (کەمالی) ناردووەو (کەمالی)ش وەڵامی داوەتەوەو هانی داوە.

ئەو وەڵامەی (کەمالی)ش بەهاندانێکی زۆر مەزن دائەنرێ بۆ کاك کەمال ئەسعەد بۆ ئەوەی پتر بنوسێت و لە هەوڵدان دا بەردەوام بێ کەمالی لەوەڵامەکەیدا بۆ کاك کەمال ئەسعەد ئەڵێ:

(کەمال) ئەی چاوەکەم تۆ شاعیرێکی باش و هوشیاری
هونەرمەندی لە هەڵبەستا ئەکەی هەر پەیرەوی ناری
(کەمالی) خۆیو ئەمشالی بە شیعرت شادو دڵخوشن
کەم و کوورێ نییە هەرگیز ئەبن دائیم بە کریاری
ئەبینم شاعیران دیوان ئەکەن نەخشین بەبۆیە رەنگ
بەڵام دیوانی تۆ رۆشن ئەبینم من بەزەرکاری
لە وەزن و قافیەو تەجنیسدا هەڵبەستی ئیوەم دی
سەرم سوڕما بەڕاستی زۆر لەبزی خۆش و گوفتاری
قسەو هەڵبەستی تۆ شیرینە هەر وەك قەندو من توتیم
گەڵێ مائیل بەقەندم وا بە دڵ ئەبمە کریاری
عەزیزم ڕێی ئەدەب زۆر ڕاستە بێ پەروا بڕۆ پێدا
ئەکەی وەك هەندێ لادەی بیبە تووش لاریو خواری

ئەوەبو لە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیدا ئەو دەرفەتوهەلەم بۆ ڕەخساو چاووم بەکاك کەمال کەوت و چەند پرسیارێکم ئاراستە کرد. بەڵام بەر لەوەی پرسیارەکانی لێ بکەین حەز ئەکەم کاك کەمال بەشێك لە ژیانی خۆی مان بۆ باس بکا ئینجا بچینە جیهانی پرسیارو وەڵام.

من لە ساڵی ١٩٤٥دا یاچاکتر بڵیم لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دا لە داوینی چیاسەر کەشەکەی کوردستان پیرەمەگرون دا لە دێی چەرمەگا سەر بە ناحیەی سورداش لە دایك بوم. هەر لەوێشیدا قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کردوە وەك هەمو کوڕە جوتیارێکی تر لەبەر کێشەی ژیان و بەسەربردنی گوزەران بەهۆی کشت و کاڵەوە وازم لە خوێندن هێناوە لەسەر ڕیبازی باوو باپیرمان ڕۆیشتوم.

پ١ ـ نازانم ئەو شیعرەی لە ساڵی ١٩٧١دا بۆ (کەمالی) نەمرت ناردووە، نوبەرەی شیعریت بوە. یان بۆ هەڵسەنگاندنی باری شیعرەکەت ناردووە؟

و ـ نەخێر کاك بەختیار ئەوە یەکەم هەڵبەستم نییە بەڵکو پێش ئەو هەڵبەستە چەند پارچە هەڵبەستێکم لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان دا بڵاو بوبونەوە.

بێگومان علی باپیر ئاغا (کەمالی) شاعیر شاعیرێکی پیری دڵتەر بوو. زۆربەی کاتمان لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێ ئەدەب دۆستەکانم بەباسی شیعرو ئەدەب لەگەڵ ئەودا ئەبردەسەر.

بەهۆی گواستنەوەی کاك کەمالی کوڕیەوە بۆ هەڵەبجە، ئەم پیرە دڵ تەرەمان لێ بزر بوو. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە وەك بەسەرکردنەوەیەك بەم پارچە هەڵبەستەم هەواڵێکی بزانم و ئەحوالی بپرسم و ئەویش بەو پارچە هەڵبەستەی کە بوتە شاکارێکی ئەدەبی قەشەنگ وەڵامی دامەوە، هەر وەکو بەرێزت لە دیوانەکەیدا خوێندو تانەتەوە من بۆم نوسیبو.،

سەباکارم هەیە توخوا لە ئەحوالم تەماشاکە
بەسروەی بالی تیژی خوت هەتاکوو شارەزوور ڕاکە
لەگەڵ خۆتا پەیامی من بەرە بۆ خزمەتی پیرێ
لەباتی من لەسەر لیو وونەی چاکی تەمەنناکە
بڵێ ئەی پیری دڵ لاوی کە لام شیرین دڵی پاکت
لە ڕاستی من وەکوو چاوت نەبینایەوە یاچاکە
ئەگەر چاکە دڵت تو خوا لە گۆشەی خۆشەویستیدا
سەر نجێکی بەووردی قووڵ لە ئیمەی دووری شەیدا کە
سەبا ئامان لەبەر دەمیا وەکوو شیعری ڕەوانی خۆی
بە گوفتاری هەموو دەردی دڵی من پەخش و والاکە
بڵێ عوودو نەیو تاری فرێ داوە لە دووریی تۆ
بەبێ ئاگا لە ئەحوالی زەمانەی شیعرو ڕووناکە
سەبا بیستوومە وێرانەی دڵی دڵدارەکەی ئاوا
دەخلیت بم «کەمالی» دڵ خراپە بۆم بە ئاوا کە

پ٢ ـ ئایا سەرەتای تەقیەوەی کانی هەڵبەست لای ئیوە چۆن تەقیوەتەوەو ئیلهامی شیعرت لە کێ خواستوە؟

و ـ لام وابێ ماڵی ئەوەم پێ بدرێ کە خزم بەیەکێك بزانم لەو کەسانەیکە لە خێزانێکی ئەدەب دۆستتام هەر وەکو (علی باپیر ئاغای) شاعیر لەگەڵ نەنکم ئاموزان و شاعیری لاوی جوانەمەرگ عثمان عوزێری خاڵوزامە هەر لەکاتی گەشەکردنی بیرمەوە هاوڕێو هاوڕازی هەمیشە بی ئەم شاعیرە جوانەمەرگە بوم بە کورتی ئەمەوێ پێت بڵێم شاعیریەتی عثمان عوزێری کاریکی ئەواوی کردە سەر هەستی ئەو سەردەمەی من وەك ئەو شیعرانەی لە گوڵزاری کوردستان و کلپەی دەروون دا بڵاو بونەتەوە.

پ٣ ـ پەیرەوی‌کام قوتابخانەی شیعریت کردوە؟

و ـ من وەك پێم ووتی (علی باپیر ئاغا) (کەمالی) بەدەرەجەی یەك کاریکی زۆری لەهەستی من کرد، هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی نوسینی شیعرەوە پەیرەوی ئەوم کردوە واتە ڕیبازی کلاسیکیم گرتووەتەبەر تا ئێستاش هەر پەیرەوی ئەو ڕیبازە ئەکەم.

لەیادمە جارێکیان لەگەڵ برادەرێکما کە قوتابی مامۆستا (ئەحمەد هەردی) بوو سەرجەمی شیعرەکانم لە دەفتەرێك دا بردە لای مامۆستا دوای خوێندنەوەی چەند پارچە یەکیان داوای لێ کردم کە دەفتەرەکەی بۆ ماوەی هەفتەیەك لا دابنێم.

کە بۆ دەفتەرەکەم چوومەوە، بەتەواوی لە سیمای شیرینی مامۆستا ئەحمەد هەردیدا ڕەزابون و پێخوش حالیم بەدی ئەکرد.

کاتێ تێ بینیەکانیم لەسەر شیعرەکانم دا خوێندەوە بەڕاستی زۆر دڵخوش بووم کە نووسیبوی.

زۆرم پێ خۆشە کەلاویکی وەك ئیوە بتوانێ لەم سەردەمەدا لەسەر ئەم کێشە هەڵبەست دانێ.

ئەحمەد هەردی

لەو ڕۆژەوە زۆرم شادی بەخۆم و هەڵبەستەکانم هات و توانیم هەڵبەستەکانم بەهۆی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکانەوە هەندێکیان بڵاو بکەمەوە، هەر لەو هاندانەی مامۆستا ئەحمەد هەردیەوە بو بە قوتابخانەیەکی تازە بۆ ڕیبازی شیعریم چونکە لەو ڕۆژەوە تا ئێستا پتر لەدە پارچە شیعرم هەیە لەسەر ئەو ریبازەی ئەو.

هەر لە خۆشیو هاندانی مامۆستا ئەحمەد هەردی چەند شیعرێکم ئەخمیس کردوە وەك:

ئەگەییە گوێی کەسێ ناڵم ئەغەم خۆرێ ئەهاو ڕازێ
لەدڵدا پەنگە ئاوازم ئەوام بەرزە وەکو سازێ
بەرەو باخچەی ژیان هاتم هەڵم کرد ڕێ لە ڕیبازێ
هەتا مابووم دەسی تاسەم ئەگەییە چاکی دڵخوازێ
ئەهۆشم مەسنی بۆنی بو ئەگونچکەم کەیلی ئاوازێ
ئەلاویم داری [illegible]

ئەکەس کەوتوتە پێناوم ئەبۆ کەس بوم بەقوربانی
کەچی لاشەی دڵم لەت لەت جگەر پێکرا بەپە نهانی
کەمردیشم لەژوریکی ئەخۆشخانەی سلیمانی
ئەدڵسۆزێ لە دەورم بو ئەکەس بەومردنەی زانی

پ٤ ـ بەڕای ئیوە شیعری کوردی بەچ قۆناغێك دا تێپەڕیوە؟

و ـ ئەوەی من بەبیرما دێت گەلی کوردیش ئەدەب و کەلەپوریکی تایبەتی دەوڵەمەندی خوی هەیە. نمونەش بۆڕاستی ئەم بیرەی من شاعیرانی کۆنی کوردن.

هەر وەکو گەشەی بیرو پێشکەوتنی هەموو شتێکی‌تر. لەگەڵ ئەورایەدام کە قۆناغی شیعریش بەرەو پێشەوە چون و گواستنەوە لە بوارێکی ئەسکەوە بۆ فراوان بگۆزدرێتەوە هەر وەکو سەرەتای ئەو ڕیبازەی مامۆستا گۆران گرتیە بەر.

بەڵام نەك ئەو لادانە بێ سەرو پایەی کە ئێستا هەندێ لاوی ڕوشنبیری تازە بەکاری دێنن.

پ٥: هەندێك دەڵێن شێخ نوری شێخ ساڵح هەندێ تریش دەڵێن گۆرانی شاعیر دەس پێشکەری ڕیبازی نوێ بون لەشیعردا.

ئیوە دەڵێن چی؟

و: من ئەڵیم گۆران یەکەم سوارچاکی ئەو مەیدانەیەو بەڕاستی سوارچاکێکی بێ هاوتاش بوە.

پ٦: سروشت و جوانی کوردستان تاچ ڕادەیەك کاری تێ کردویت..

ـ «بەهار» ـ

ئۆخەی وابەهار هەمدیس هاتەوە دیسان ئەوروزە
پر بە دڵ بیکەین بە ئاواتەوە جەژنە پیروزە
واسەوزەی دیمەن خۆی دەرخستەوە با ئەیشە کێنی
نیرگز لە میرگا ئەدەرەوشێتەوە گوڵ خۆی ئەنوێنی
جاران چەقیلەی دەم جوگەو روبار شادی ئەبەخشن
مەدالیای ڕێزن بۆسنگی بەهار جوانترین ئەخشن
پۆر بەکەناچە کەوتەوە خوێندن لەگوێ ڕوبارا
بولبول تانەی خۆی ئەدا لە دوژمن لە پۆپەی دارا
پیرەمەگرونی خۆ ڕاگر ئەمرۆ هەر لە خۆی جووانە
سەهۆڵ بەندانی خستە برارۆ لەولا تەلانە
تۆ سەیری لوتکەی کوڕە کاژاوکە خوێن ئەجولێنی
سەیری قەڵەزەی ئاوی بەفراوکە شادی ئەچێنی
ئەرخەوان تارای ئەرخەوانیە بەشەرمە بێ‌دەنگ
چاوەڕێی ماچی دەم بەیانیە بۆ مژینی هەنگ
چواله وەك بوکی جوانی شارستان سبی پۆشیوە
وەك کچ لەشەرمی تازە دەزگیران خۆیدا پۆشیوە
ژاڵەی دڵ تاڵی گوڵو گەڵاگەش وەك سەرگۆنای ئاڵ
چەپکێك جووانی گرتوەتە باوەش بۆ بەهاری ساڵ
ئۆخەی لەو بۆنەی شەماڵ ئەی هێنی بۆ گەشەی دەماخ
تۆوی ئارامو ئۆخەی ئەچێنێ بۆ دڵەی پر داخ
خوایە ئاواکەی ئەم کوردستانە ئەڵێ جەنەتە
بۆ هەمو دەردێ ئەم نیشتمانە دەوای عیللەتە

پ٧: تاوەکو ئێستا چەند هەڵبەستت هەیەو چاپ نەکراون؟

و: تاوەکو ئێستا هەڵبەستەکانم خۆیان گەیاندوەتە (٤٠) هەڵبەستی هەمە جۆر، وەك بۆنەو دڵداریو شینی شاعیران و هتد...

پ٨: لە شاعیرانی کوردکام شاعیرت زۆر بەدڵە؟

شاعیری بەناوبانگی کورد بەداخەوە لەم کاتەدا کە ئەبێ بڵیم خوالێخۆش بوو (هێمنی موکریانی) هەڵبەستەکانی جێگەیەکی تایبەتیان لەدەرونی منیش دا گرتوەو کاریان تێکردوم هەر لە خۆشەویستی (هێمن) منیش ئەو هەڵبەستەم ووتوە.

«لەگەڵ هێمن دا»

لە دڵدا پەنگە ناڵەی من بەگوێی ئەو یارەداناچێ
لەیارم دەرچووە ئەو بۆم لە سینەی پارە دەرناچێ
ئەوەندەش زامی ناسۆری لەسینەم دا ئەشەنەی کرد
بەپیری مەرگەوە چونم نزیکەو زۆری پێ ناچێ
بەڵێ زۆر جووان و نازدارە گوڵیش لەو فێری جوانی بو
کەواتە چقڵی ئاهی من لە پێی ئەو بۆچی ڕاناچێ
هەزار خۆزگەم بە (هێمن) خواست کە ماچی کرد بەمندالی
نەبوروژێ کە گەورەش بو بەمن پێشکەش بکا ماچی
پەپو لەم وێڵی ماچێکی دەمی گوڵ بوم بەئەسپایی
پەپولە چێژی ماچی کا ـ لە گوڵ خۆ هیچی تێ ناچێ

پ٩: کاك (کەمال)و غەزەل: ـ

و: خۆشم نازانم بۆ

بڵێ ئازا لە ماڵی چی ئەگەر ئازایە سەردەرکا
لە دڵ دا ناڵە چی یەکێ مەردە کە سەردەرکا
لەبەر داشی زەمان ترساو هەموساتێکی مردنیە
سولەیمانیشی بێ ئەبهارێ هەزار تاجیش لە سەرسەرکا
وەکو ئەسکەندەریش بەختی لەگەڵ ڕوژا بەرانبەر بێ
کە بەحری پێگەیی ئەگەر ئازایە پێ تەرکا
نەجاتی چۆن ئەبێ هیتلر کە کاتی خۆی بەسەر داهات
هەموی دونیای لە دەستابێو هەزار هێندەی تریش شەرکا
لقی‌ووشکی ئەبێ ببرێ کە (مازو داری) خزنیش بێ
لەوەرزی تازەیا خەڵقی لەباتی ئەو ئەبێ دەرکا
بەقاپێ کردنی دونیا لە کوێ هی پیاوی زانایە
ئەوەی پەیانی هاوریی بداتی خۆی ئەبێ کەرکا
براهاوڕازی دێرینمی ئەترساو لە جەوری چەرخ
ئەگەر لاشەی دڵم کونکاو خەفەت تیا ئەمسەرەو سەرکا
(لەزەردی ڕو) (ڕەشی بەخت)و (سبی موبو) ڕژا ئەسرین
بەڵێ ئەستێڵی پر بوو هەر ئەو پەنگی خوارد ئەبێ سەرکا

پ١٠: چیت بۆ خۆشەویستی ووتوە؟

و: بەڕای من خۆشەویستی هەرچەندێکی بۆ بنوسیت هەر کەمە من زۆرم بۆ خۆشەویستی ووتوە، بەڵام بەکورتی ئاوام بەراوردی خۆشەویستی کردوە.

دڵداری ئەڵێن سەیرو سەفایە
گەرچی ئازارو برینی تیایە
بەڵام من ئەڵیم بەچاکیو پاکی
دنیای بەهەشتی پر گوڵی خوایە
لە کۆتاییدا ئەتەوێ بڵیت چی؟

هیواو ئاواتم هەر ئەوەیە ـ ڕەنجی چەند ساڵەم کە بونەتە کۆمەڵە بەرهەمێك بتوانم بەچاپیان بگەیەنم و بەم ئەرکە کەمە کونجێك لەگەنجینەی ئەدەبی کوردی پربکەمەوە هەروەها لە کۆتاییدا لە ناخی دڵەوە سوپاسی ئیوەی بەرێز ئەکەم کە ئەم ئەرکەتان گرتە ئەستۆو ئەم چاوپێ کەوتنەتان لەگەڵ دا سازکردم.

ئامادەکردنی
بەختیار سیامەنسوری

Institut Kurde de Paris

کۆرێك دەربارەی:

شی‌کردنەوەی لایەنی هونەری لە شانۆگەری (غوریلا)دا

کمال رؤف هەنجیرە — بەشی یەکەم

هیچ هونەرێك پلەی پێ نابەخشێنرێت، ئەگەر بێت و مەبەستی بنیات نان بە مرۆڤایەتی نەگەیەنێت. . .

شانۆش لەم رۆی ئیمەدا مەنبەرێکی خاوەن ئاسۆیە لەو مەنبەرانەی لە خزمەتی شۆرشی کۆمەڵایەتیدان. . ئەمەش لەخۆیەوە نایەتەکایەوە، بەڵکو پێویستی بە پسپۆڕو پێشەوای ئامادەکراوی زانستیانەیە.

گەر زۆر وورد ببینەوە لە شانۆییەکانمان یەکێکە لەو جموجوڵە کۆمەڵایەتیانەی لە ئاستی هۆش و بیرو هەستی بینەردا دەوترێت و دەجوێرێتەوە. بۆیە بەپێویستی ئەزانین جوڵەی تاقیکردنەوەو هێزی توانای کۆمەڵێك لە کەسانی‌تر بکەونە بواری ئەو هەوڵدانە. . لەبەر ئەوەی هەموو ئەزموون گەرییەك هەرچەند کەم و کووڕیشی پێوە دیاربێت، یەشتا زیادەکارییەك دەخاتە سەر هەوڵ و تەقەلای پێش خۆی. هێندە کەوتوینەتە سەر دووبارەکردنەوە، لاسایی‌کردنەوە، تەنانەت ئەوەشمان لێ نایەت و زۆرجار پێمان دەڵێن: دەمتان داخەن. لەو ووشە تەق و ڕەقانەمان زۆر جار بەر گوێ کەوتووە. .

ئەمەش بۆیە ناڵێم، ڕێ‌خۆش کردنێك بێت بۆ ناماقوڵی کردن و دەرچون لە یاساو پێویستیەکانی نێوان کۆمەڵ و گرەوە گەورەکەی مێژوو. خۆ ئەگەر هات و هەنگاوی گەورەمان نا ئەوا لنگمان لێك دەترازێ‌و جاریکی‌تر ڕەنگە پێمان ڕێ دانەگرێتەوە.

«سەرەتا»

چەند جار ووتراوە تراژیدیا چیرۆکی بڕیاردەری چارەنوسی مرۆڤە. .

تراژیدیا یۆنانیەکان بریتی بوون لە تراژیدیایەکی قەزاو قەدەر، بۆسەر چارەنوسی مرۆڤ لە سەرەتای هاتنە دنیایەوە. . . و تراژیدیاکانی شکسپیرش بریتین لە تراژیدیای کارەکتەر (الشخصیة) واتە دیاری کردنی چارەنوسی مرۆڤ بەدەستی خۆی.

پاڵەوانەکانی ئەم تراژیدیایانە لەڕێی ئازارو ئەشکەنجەو خۆ خواردنەوەو ئاکامیشیان بە مردن، ڕەزامەندی خواوەندیان بەجێ دەهێنا. بەم کارانەشیان دڵسۆزی‌و ملکەچی خۆیان بەرامبەر بە خواوەند دەبینی.

بەڵام نوسەری ئەم شانۆگەرییە (یوجین ئونیل) لە ڕێی نوسینەکانیەوە وویستی ئەوە بە بینەر ڕابگەیەنێت، کە گوایە گومانی لەبونی خالق هەیە لە ئیرادەو ئیمانیدا. . بۆیە پاش داشکانەوەی بەلای سەردەمەکەیدا نوسینەکانی لەسەر شێوە تراژیدیا سایکۆلۆژییەکان نوسی. . زیاتر دەیەوێت ئەو بیروبڕوایە بەخەڵکی بگەیەنێت، کە مرۆڤ بەسەرهاتەکانی بە مراتی بۆ ماوەتەوە، هەر ئەوانەشە کە حوکمی چارەنوسی دەکەن.

بەمەش یو نیل چووە پاڵ ئەو نوسەرانەی هەست بە فەراغێکی روحی دەکەن، ئەو فەراغە ڕوحیەش لەوە هاتبو کە وای بۆ دەچون بیرو باوەری مەسیحی توشی شێوان و ئاڵۆزی بووەو، وایان ئەزانی کە لەو جیهانە جوانەی کەتوشی بوون هیچ شتێك رزگاریان ناکا تەنها ئینجیل نەبێت. . وای بۆ ئەچوون کە ئەم جیهانە ئایدیالیەی (المثالی) لە ڕێگەی هونەرەوە نەبێت ناتو انرێت پێی بگەن. ئەمانە لە ڕواڵەتدا لەسەر شێوەی صوفیانە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شێوەیەیان لەڕێی ئاینەوە نەبوو بەڵکو لەپێناوی خوڵقاندنی جوانکاریدا بوو.

ئەو هونەرمەندانەی لەم ڕوانگەیەشەوە گەشەیان سەند، هەر بوونە ئەوەی کە زۆر لە شانۆ نوسە تەعبیریەکان بڵێن: / کاتێك پاڵەوانە تراژیدیە کۆنەکان بەرەو مردن دەبران، لەبەر ئەوەی ڕوو بەرووی چارەنوسیان دەبونەوە، توانای تەحقیق کردنی زاتی خۆیان هەبوو. . بەڵام گەنجە نوێکانی ئەمەریکا کاتێك لە جەنگدا تیا دەچوون خودی خۆیان وون دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە هەڵەیەکی تراژیدیان لە ئەستۆدا بێت، (بۆ نمونە جەنگی ڤیتنام).

ئەگەر بێت و زیاتر لەم بارەوە بدوێم لە باسە سەرەکیەکە لا دەدەم. بۆ زۆر لایەنی هونەریی ئەم ڕێبازە لە نوسینەکەدا زیاتر دەر دەکەوێت.

(یوجین ئونیڵ و شانۆگەری غوریلا)

ئونیل لە ساڵی ١٩٢١ بەم شانۆییەی دوا بە دوای شانۆیی (ئیمبراتوریەتی جۆنز) نوسیوە، بابەتەکەی هەمان باس و خواستە کۆنەکانە، کە هەمیشە بنج و بناوانی نوسینە دراماکان بوون ئەویش مل ملانێی مرۆڤە لەگەڵ قەدەردا. . بەڵێ لەوەپێش ئەو مل ملانێیە لەگەڵ خواوەندا بوو، بەڵام مل ملانێی ئەم شانۆییە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدایە. . کێشەکەش هەروا سەری هەڵنەداوە، بەڵکو کارتێکردنێکی گەورەی دەرەوەی بەسەرەوەیە. باسە سەرەکیەکەشی ئەچێتە دوو توێی ئەم ووتەیەوە کە دەڵێت: (دڵنیایی‌و جێگیریونی مرۆڤ لە سروشتە سەرەتاییە کەیدایە) وە هەر چەند خۆ خەریك بکات لە توانایدا نی‌یە لەو پلە سەرەتاییە بەرزتر ببێتەوە).

هەرچەند وەرگێڕو دەرهێنەر تاو لەوە بدەن کە نوسەر یانکی بەرەمزێك بۆ بەشەریەت هێناوەتەوەو داوا لە هەموو بینەرێك بکەن کە هەر یەکە خۆی بە یانك بزانێت، وابێ یەکو دوو توشی شکستی بوون و بەردەوام بونیشیان بێ کەڵکە. لەبەر ئەوەی هەرچەند یانك خاوەنی بیروبڕوایەکە کە هەڵقوڵاوی هەڵوێستی مرۆڤایەتیانەیە، بەڵام ئەو کەسە شازەشە کە وون بووی کێشەیەکە لەگەڵ سروشت و کارە نەمرەکانی مرۆڤدا ناگونجێت.

گەر بێت و بەهەستی هونەری بروانینە شانۆگەرییەکە، دەبینین کۆکراوەکانی شانۆییەکە بەگشتی دانراوێکی تەواوکەرن بۆ هەڵماڵین و دەرکەوتنی بارە دەرون و نەخۆشیەکانی یانك.

یانکیش لەگەڵ ئەوەی هەست بە بوونی توانایەکی بوزورگ دەکات بەرامبەر بەو چەرمەسەریی‌و زۆرداریەی لە دەورو بەری هەن، کەچی توانای دابین کردنی ناخ و مەبەستەکانی نی‌یە لەو واقعە بوگەنەدا. .

تەنانەت نەك هەر لەسەر زەمین بەڵکو لە ئاسمانیشدا خۆی بە وون بوو دەزانێت. و قێز لە گەورەترین تاوان دەکاتەوە کە پەیوەندی هەیە بە حەزیکی پێشترەوە، ئەویش لەدایك بوونی، لە ئاکامی گەیشتنی بەوشێوە ژیانە ناهەمواره.

ئەم شانۆگەرییە زاتیە پەیوەستە بە نەخۆشیەکانی دەرونی ئەو [illegible] وە توشی نەخۆشیەکی ئەقڵی بووەو داوای بیرکردنەوە دەکات و پەی نایات بە بیری چارەسەر. هەرچەندێکیش هەوڵ بدات نە ئەیەڵێ و نەخۆشی ئەتوانێ بەردەوام بێت وبگاتە ئەوەی مەبەستێتی.

هەوڵدانیش بۆ هەڵماڵینی ئەو شێوە شاراوانەی لە دەرونی یانکدا هەن و، حوکم ئەدەن بەسەر ڕارایی‌و بێزاری لە هەڵسوکەوت و ناخی‌دا، بوون و دەرکەوتنی ئەو کەسانەن کە لە دەورو بەری بە جۆرێکی شێووو ڕوخسار نادیار دەردەکەون. ئەو کەسانەی وەك لە تاریکی‌و سێبەرو خەوندا هەناسەی پڕیان هەڵ نەکێشاوەو مەلەدەکەن و دەخولێنەوە. ئەوانەن ئەبنە یاریدەدەرێك بۆ خوڵقاندنی ئەو تەم و مژەی لە ناخی یانکدا پەنگیان خواردۆتەوە، هێدی هێدی لە ڕووی دەرەوەیدا بەدەر دەکەون و هەستیان پێ دەکەین. . ئەگەر بێت و توانای شی‌کردنەوەی هەموو کارەکتەرەکانی تری شانۆگەرییەکەمان نەبێت، ئەوە توانای هەست کردنمان نابێت بەرامبەر بیری سەرەکی‌و مەبەستی تایبەتی خاوەن کارەکە.

(نمونە لە پێش کەش کراوی شانۆییەکە: [1] دیمەنی هاتنە ژورەوەی نیگار (مێلدرد دۆگلاس). [2] دیمەنی کەریم (یانك) لە شاقامی پێنجدا]. هەرچەند لێی بدوێین لەوە دەرناچین کە نوسەر کارەکتەری یانکی لە قوڵایی فەلسەفەیەکی تاك ڕەوی تا پلەی خنکاندن :هەڵکێشاوە لە باخچەیەکی ئاژەڵاندا کۆتایی پێ دێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا داهێنانێکی تەصوری تجریدی نی‌یە، بەڵکو لە ناوەندی ژیان و کۆمەڵەوە خوڵقێنراوە. وە هەر خۆکوشتنەکەشیەتی دەبێتە هۆی دروست بونی ئەوفکرە فەلسەفیە.

(شێوازی دەرهێنان لە شانۆگەری غوریلا)

هەرکاتێك ووشەی شێواز بەشێوەیەکی تایبەت بەکەسێکەوە یا بە کۆمەڵێکەوە لکێنرا، مانای وایە دەبێ بخرێتە قاڵبێکی دیارو ئاشکراوە.

شێوازی دەرهێنانی ئەم جۆرە ئەزموون گەرییانە: بریتیە لە سفەتێکی زمانەوانی کە بەشێوەیەکی ڕەوان و وورد سۆزو خەیاڵ و بیرو کۆمەڵێ تێکڵاوەی تری نوسەر، کە دەرهێنەر لە ڕوی هەستیەوە بە بینەری دەگەیەنێت.

بەڵام هەندێ جار شێوازی دەربڕینی نوێ، بە گوێرەی ئەو گۆرانانەی بەسەر کۆمەڵ و ژیاندا دێن دەگۆڕێن.

بەم گۆرانانەش پەیوەندیەکی نوێ لە بنەڕەتەوە لە نێوان نوسینەکەو دەرهێنەردا دێتەکایەوە، لەژێر سێبەری ئایدۆلۆجیەتێکی تایبەت بەدەرهێنەرەوە. وە لە ئاکامی گشتی‌دا دەچێتە قاڵبی زانستی ساتیکی (علم الجمال الشکلی). . هەر لەبەر ئەمەیە دەرهێنەر لەژێر ناوی شانۆی وێنەیی کارە درامیەکەی شی‌کردۆتەوەو بەجێی هێناوە. کەواتە: / شانۆی وێنەیی چی‌یەو پەیوەندی بە بینەرەوە چۆنە؟

لەڕووی فەلسەفیەوە بریتیە لە دیاری‌کردن و دەرخستنی جەوهەری بیری فەلسەفی نوسەر لەسەر شێوەیەکی پێك هێنراویی جیا جیا لەیەك، لە ڕێی توانایەکی گەورە لە جوڵەی لەش و لاری ئەکتەرو خوڵقاندنی ڕەمزیەت لە ڕەنگەکان و بەشە دیکۆرە دابراوەکان لەیەك ڕەنگە ووشەوزمان لە خزمەتیا بێت یاخود بەشێوەی بانتۆمایم لەچەند تابلۆیەکی کورتا پێش کەش بکرێت.

شانۆی وێنەیش تەنها ڕووداو پێش کەش کردن نی‌یە، بەڵکو لەناوەندی خوڵقاندنی ئەوبارە نامۆیانەوە چاوەڕوانی ئیستیجابەی بینەردەکات، بۆیە بینەر لەم جۆرە شانۆییانەدا بە هقیقەتی واتەو مەبەستی سەرەکی دادەنرێن. . هەرکاتێکیش نەیتوانی بینەر بخاتە قوڵایی ئەو جەوە ئەفسوناویەی بە تەکنیکی هونەری دەرهێنەر دەیان خوڵقێنێت ئەوا ئەو شانۆییە مەبەستی خۆی نەپێکاوە.

دەبێ ئەوەش بخەینە ڕوو دەستوری شانۆی وێنەیی واهاتووە کە دوورە لەوەی تاکە کەسێك بێنێتە جۆش و خروش و گەشکە، بەڵکو دەبێ بینەر بە گشتی ببەستێتەوە بە جەوهەری ڕوداوەکان و ئەو بیرە سەرەکیە شاراوەیەی مەبەستە. . وە لە لایەکی ترەوە بینەر توانای بەستنی پردێکی سۆزاوی بە گیانە ئاڵۆزەکەی کارەکتەرە سەرەکیەکەوە ببێت.

وە هەروەها پێویستە تابلۆوێنەییەکان هێندە کاری‌گەر بن، کار بکەنە سەرچاوو گوێی بینەر، تاکو توانای خوڵقاندنی وێنەی شعریان لە خەیاڵ و تەصەوراتا ببێت. بەمە ئەوی لە هۆڵی پێش کەش کردندایە دەچنە زەمینەیەکی دوور لەو زەمینەیەی چەند کاتێك لەوەو پێش تیایدا ژیاون، بەڵکو دەچنە ئەو زەمینەیەی نوسەرو دەرهێنەر خوڵقاندویانە. ئەمەش خاڵێکە لەو خاڵە سەرەکیانەی جێی مەبەستن لە شانۆییە ئەزمون گەرییەکاندا.

لە شانۆ کۆنەکاندا بینەر هاوبەشیەکی ڕاستەوخۆو هەرەوەزی هەبوو، ئەویش لە ڕیگەی ستایشە ئایینەکانەوە. بوو، کە چریان کردبوون لەو سۆزەی گشت لایەکی دەگرتەوە. یاخود هەندێ جار بەشێوەی ڕەمز خۆی دەکشانە دەروونی کۆمەڵەوە بە گشتی.

بۆیە ستایش (طقس) بریتیە لەو دەربرینەی کە دەربارەی بێ ئاگایی هەرەوەزی‌و بە یەکەوە بەستنی خەڵکی دەدوێت و کۆمەڵایەتی‌و هەستیان دەپارێزێت. . .

- ماویەتی -

هونەری دراماو، دراماى شانۆى نوێ خواز

بەشی دووەم

ڕەمەزان ئیبراهیم

بۆنمونە درامای «السید بونتیلاو خادمه ماتی»ی برجیت. . دراما بەلای «یوجین یونیسکۆ»وە خێرخوایەو لە ڕوداوە ترازیدیایەکانەوە سەرهەڵدێنێ‌و چارەنوسی مرۆڤایەتی دەست نیشان ئەکا. . هەروەکو خۆی باسی‌ئەکاو ئەڵێ: - «بەلای منەوە هاوبەشی کردنم لە کاری هونەری درامادا چارەنوسێکی مرۆڤایەتی بو، پاڵی پێوەنام کە کارێکی پێچەوانەی تیا بەدی بکەم. ئەویش ئەو کارەساتانەیە کە پێچەوانەی خۆم ئەکاتەوە. . چونکە ئەو ڕوداوە درامیەی کە لە سەر شانۆکە ڕوئەدا، بریندارم ئەکاو دوایی ئەم گریەنێ. . . .»

بەم پێیە هونەری درامـا کارلێ‌کردنێکی مرۆڤایەتیەو کارەساتی مرۆڤ و چارەنوسی لە پێناوی مرۆڤایەتیدا دەست نیشان ئەکا. . . هەمو دەقێکی درامیش بەشێوەی کردار نواندن لەگەڵ ژیانێکی واقیعی میللەتا دەنگ ئەداتەوەو ڕەنگی واقیعی کۆمەڵگا ئەگرێتە خۆی. . ئەو نوسەرانەی درامایان کردووە بە مەرەکەبی نوسینەکانی خۆیان ئەبێ لە کاری گێرانەوەی واقیعە دراماتیکیەکە بەتوانا بن و بزانن کە چۆن بینا درامیەکە بنیات ئەنێن. . ئەبێ بزانن کە چۆن هەڵس وکەوت لەگەڵ کەسایەتی‌و ڕوداوە سەرەکیەکەی شانۆگەرییە درامیەکە ئەکەن. . . زمانی شانۆگەرییە درامیەکەیش ئەبێ ڕون وپتەو دارێژ بکرێت. . چونکە هەموو حوارێکی درامی شانۆگەرییەکە بەهۆی جم وجوڵەوە «الحرکة» یارمەتی لێ‌گەیشتنی بینەرئەداو ئەبێتە هۆی بەدەستەوە دانی بیروکەی «فکرة المسرحیة» شانۆگەرییەکەو بینەر والێ ئەکا کە ئاگای لە ڕوداوی شانۆگەرییەکە بێ. . واتە ڕوحیانەتی دراماکە ون ناکا. . ئەمەیش بە پیویستیەکی فیزیولۆجی لە نێوان ئەکتەرو بینەر دائەنرێ. . . هەموو جم وجوڵێکی دراماتیکی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوماوە دیاری‌کراوەی کە ئەرسطۆ داینناوە «سەرەتاو گرێ» ڕوداوەسەرەکیەکە «وکۆتایی» بەڵام بەپێی چەرخی زەمانە: پەرەی پێ‌دراو ڕوداوە سەرەکیەکە چەند لقی دی لێ‌بزوە. . دوو سیفەتی سەرەکی لە هەموو شانۆییەکی درامی‌دا بەدی‌ئەکرێ.

یەکەم قوڵ بونەوەی سایکلۆژی: - واتە قوڵ بونەوە بەناو دەریای دەروندا. هەر شانۆگەرییەکی درامی بنوسرێتەوە، ئەبێ لەبارەی سایکلۆژیەوە ناتەواوی نەبێ واتە ئەبێ بەقوڵ و فراوانی بەرهەم بهێنرێ، لە ناو ناخ و دەرونی کۆمەڵەوە هەڵبقوڵێ. دەردو ئازارو چەرمەسەری‌و ئەشکەنجە دەرونیەکان بخاتە ڕوو لە قاڵبی کەسایەتیە درامیەکاندا دارێژی بکا. . . نمونە بۆ ئەمەیش کەسایەتی «هامانیت»و «ئۆتیللو»ی ویلیم شکسپیری ئینگلیزی‌یە.

دووەم گەڕان بەدوای بێ‌هۆشیدا: - واتە گەڕان بەدوای ئەو دەردو ئازارانەدا کە ئەبنە هۆی ناتەواوی‌و کەساسی مرۆڤ. . خستنەڕوی ڕوداوە مێژوییەکان و ڕاستەقینەکانی مرۆڤ و دەست نیشان کردنی دەردە کوشندەکان چارەسەرکردنی ئەو دەردانە بەڕێگایەکی زانستیانەو هۆشمەندانە شانۆیەکی درامی هەستیارو. خولقێنەر بۆ جەماوەر. دروست ئەکا.

«نیشانەو خواستی دراما»

١ - دراما ڕوداوەو ڕوداویش لە ئەنجامی جموجوڵە دراماتیکیەکان بەتێژی‌و هەڵس و کەوتی فراوان دێتە کایەوە، دووبارەکردنەوەی هەڵوێستی دەرونی لای بینەر دروست ئەکاو لەناو گیانی بینەردا درامایەکی نوێ وخۆیی ئەژێنێتەوە، تاکو ئەگاتە ئەوەی بینەر ڕوبەڕوی ئەو گرێ دراماتیکیە بوەستێتەوە، کە لەسەر هێڵی ڕوداوە درامیەکە دروست بوە. . ئەبێ ڕوداوی شانۆگەریە درامیەکان بە ڕێگایەکی درامیانە پێشکەش بکرێت، تاکو گیانێکی مرۆڤایەتی لەناو بینەردا دروست بکەن وەکو ئەوەی خاوەنی ڕوداوە درامیەکە بینەرەکە خۆی بێ وایە.

٢ - هەمو درامایەکی نوێخواز پێویستی بە هەڵوێستی نیگەرانی «موقف التوتر»ی دراماکە هەیە. هەڵوێستی نیگەرانیش بەو هەستانەوە بەستراوەکە لەناو ناخی دەرونی ئەکتەرە درامیەکەدا هەیە. لەهەمو کارێکی درامیدا ئەبێ بۆ چەشنی ئەم هەڵوێستە بگەڕێین، تاکو سەرەنجامی ڕوداوە درامیەکە بدەینە دەست بینەر. . .

٣ - دەنگ دانەوەی درامی‌یان نبرەی‌دەنگ: - خواستێکی گرنگی دی کە ئەبێ لە درامادا هەبێ «دەنگ دانەوەی درامی»یە، ئەمەیش بەوە تەعبیر کراوە کە ڕێگایەکە بۆ دەرخستن و خستنەڕوی چۆنیەتی تاقی‌کردنەوەی دەنگی ئەکتەر. هەروەها بەپێویستیەکی حەتمی لەکاری درامیدا لە قەڵەم ئەدرێ چونکە هەر ئەمەیە کە هەڵوێستی درامی پێك دێنێ.

٤ - کەسایەتی‌و بیر «الشخصیة والفکرة» لە درامادا یان لە هەموکارێکی درامیدا کەسایەتی دەورێکی ئیجابی‌و گرنگ ئەبینێ‌و. کارگێرێکی بەتوانایە بۆ دراما. بۆ نمونە ئەگەر لە کەسایەتی هاملێت و ئۆتیللو ی شکسبیر و فاوستی‌گوتیە بکۆڵینەوە ئەبینین کە کەسایەتیەکن قوڵیەکیان تێدا ئەبینرێ. هەرهەمویان بەرامبەر چریەتی‌و قێزاندن ئەبنەوە. واتە کەسایەتیەکی سایکلۆژین و ئەبێ لەبارەی سایکلۆژیەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە. ئەم کەسایەتیەیانە ئەگەرێتەوە بۆ «بیری ئەو نوسەرە مەزنانەی کە بەو شێوە واقیعیانە دایان ڕشتووە هەر لەبەر ئەمەیە کە لە گشت ڕۆژ ڕۆژگارێکدا لە بیرناچنەوەو هەر زیندون. چونکە لەناو گیانی مێژووەوە چەکەرەیان کردووە. ئەمەیش بۆ لێ‌هاتوینی‌و بەتوانایی نوسەرەکە ئەگەرێتەوە. هەر بۆ نمونە با لە یاگۆ بروانین. کە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی «رودریکۆ» ئەگرێ‌و گاڵتەبازی لەگەڵ «دزدیمونەو ئەمیلیا» ئەکاو «ئۆتیللو»یش هەڵئەخەڵتێنێ - ئەم جۆرە کەسایەتیە بەهۆی گۆڕین و هەڵس وکەوت و تەکنیکی ئەو حوارانەو. . هتد بەدەست هاتووە. . کە ئەگەرێتەوە بۆ ئیبداع و لێ‌هاتویی قەڵەمی نوسەرە مەزنەکەی جیهان «ویلیم شکسپیر». . دە با نوسەرەکانی

بروانە ل ١١

زنجیرەی ڕێنووس

١٤

لە پێناوی ڕێنووسێکی یەك گرتوودا

نوری عەلی ئەمین

لە زنجیرەی پێشوودا لە گیروگرفتی نووسینی ڕاناوی لکاوی (ك A) لەتەك فرمان دا دواین ، لەم زنجیرەیەش دا ، گیروگرفتی نووسینی ڕاناوی لکاوی (ك B) لەتەك فرمان دا تەواودەکەین و لەپاشا لە گیروگرفتی نووسینی :

- ئامرازی (ش) ی عەتف
- ئامرازی (و)ی عەتف
- ئامرازی (ی)ی ئیزافەو وەسف دەدوێین.

گیروگرفتی نووسینی ڕاناوی لکاوی ك B :

کەس	تاك	کۆ
یەکەم	م	ین
دووەم	یت (ی)	ن
	٥	
سێیەم	یت (ی)	ن
	ات (١)	
	ت	

لەم نەخشەیەی ڕاناوی لکاوی (ك B) تەنیا لە گیروگرفتی ئەوانەیان دەدوێم کە بە دوو شێوە دێنە نووسین:

١ - گیروگرفتی نووسینی ڕاناوی لکاوی (یت - ی):

ئەم ڕاناوە وەك لە نەخشەکەدا دەبینین، دوو شێوەی هەیەوە بۆ کەسی دووەمی تاك لە دوا (ڕەگ)ی فرمانی ڕانەبوردووی تێپەڕو تێنەپەڕەوە بەکاردەهێنرێن:

- شێوەی یەکەم (یت) وەك:

تۆ کتێب دەخوێنیت . (دەخوێن - یت)

تۆ نەمامەکە هەڵ دەکێشیت. (هەڵ دەکێش - یت)

تۆ لە باخەکەدا دادەنیشیت. (دادەنیش - یت)

- شێوەی دووەم (ی)، وەك:

تۆ دەچی بۆ بازاڕ. (دەچ - ی)

تۆ نان دەکری (دەکڕ - ی)

تۆ نامە دەنووسی. (دەنووسی - ی)

چونکە کۆری زانیاری لە ڕاسپێردەکانی دا لە گیروگرفتی ئەم ڕاناوە نەدواوە من بەپێی بۆ چوونی خۆم دوو چارە بۆ ئەم ڕاناوە دەخەمەبەرچاو:

١ - واز لە شێوەی (ی) بەتەواوی بهێنرێت.

٢ - شێوەی (یت) بەکاربهێنرێت، پاشگری (ەوە) بەدوای دابێت، یان نەیەت ، وەك:

تۆ دەفریت - تۆ دەفریتەوە

تۆ دەگریت - تۆ دەگریتەوە

تۆ دەنووسیت - تۆ دەنووسیتەوە

بۆیە لەمەولا:

دەنووسین و	نانووسین
هەڵ دەکەنیت	هەڵ دەکەنی
پێ دەکەنیت	پێ دەکەنی
دەخەویت	دەخەوی
دەخوێیت	دەخوێ
دەبیت	دەبی

بەشوێن کەوتنێکی زمانەوانی

ڕەئووف ئەحمەد ئالانی

برای هێژا - هیمداد حوسین - لە ڕوشنبیری ژمارە - ١٠٦ - مم دا، گوتارێکی بەسەرناوی - نیشانەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا نووسیوە.

هەر بەتاوی ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە ئەو لەبەر چاوی گرتوە، بەشوێنی کەوتم . . ئەڵبەتە نووسینەکەی منیش تەواوکەریکە بۆ گوتاری ناوبراو.

لەسەرەتاوە ئەوەی داوە بەدەستەوە کە تائێستا بەپێی شێوەکانی زمانەکەمان لێکۆڵینەوەی تەسەل، لەسەر نیشانەکانی کۆ نەکراوە. ئەمیش لێرەدا بەڵێن دەدا کە سەرومڕ بە ئەنجامی بگەیەنێ.

بەش بە حاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە نە شێوە لێکۆڵینەوەکەی لەمەڕ ئەوو نە بەشوێن کەوتنەکەی منیش، کاری کۆتایین و کورتە جەمەریکی بابەتەکەن و هیچی دی.

سەرەتا زاری هەورامی بەتەنێ کردوە بەیەکێك لە چوار دیالێکتی کوردی. ئەم بابەتە، لێکۆڵینەوەی زەبەندی لەسەرەو تێکەڵ کێشی ئێرەی ناکەم. . هەر ئەوەندەی لێدەڵێم کە زاری هەورامی دیالێکتێکی سەربەخۆیەو لقێکە لە شێوەی گۆران و پەراسوویەکە لە پەیکەری زمانی کوردی. یان بە پێی هەندێ دابەش کردنی جوگرافی، لقێکە لە کرمانجی ی نێوەراست.

دوای لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوە، بۆم دەرکەوت کە باسەکەی - کاك هیمداد - پارسەنگی خستوەتەسەر کۆکردنەوەی وەسفی و بەراوردکاری تێدانەکردوە. بەهەرحاڵ کارێکی مەزنی بەجێ هێناوە.

١ - ل ١٠٩ : «ئەگەر کۆتایی ناوەکە بە بزوێنی [٥] هاتبوو، نیمچە بزوێنی [ی] دەکەوێتە نیوانی بزوێنەکەو نیشانەکەوە، وەك: - وێنەیان لە مێشك دا چەسپیبوو».

ئەم بڕگەیە بەهەڵە دەزانم:

أ - نێوبڕی [ی] کە دەکەوێتە نێوان جووتە بزوێنەوە کۆنسنانتێکی تۆکمەیەو نیمچەبزوێن نیە.

ب - ناوی دواهاتو بە بزوێنی [٥] لەکاتی کۆیدا بە [ان] بزوێنی بەرایی تێدەچێ. وەك [پەنجەرە + ان = پەنجەران. بەپێی بۆچوونەکەی ئەو، دەشێ بنووسین پەنجەرەیان.

جـ - دەقەکەی (وێنەیان لە مێشك دا. . .) لێچەواشەبووە؛ لێرەدا [یان] بریتی نیە لە [. . یـ + ان] بەڵکو (یان) سەربەخۆیەو ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆیە، وەك وێنەمان، وێنەتان. . هتد. هەر دەبوو بەوەبزانێ ئەگەر تێکڕای (وێنەیان) ناوێکی کۆبێ دوشێ ڕاناوی لکاوی (ن) بلکێ بە کۆتایی کارەکەوەو بگوترێ:

- وێنەیان لە مێشك دا چەسپیبوون!

٢ - «ئەگەر ناوێك کۆتایی بە بزوێنی [وو] هاتبوو، ئەوا لەنێوان نیشانەی (ان)و بزوێنەکەدا نیمچەبزوێنی [و] وەردەگرێ وەك: زلەنێو سەرووان چی دە کەیت؟). . . ».

ڕاست کردنەوەیەك:

أ - [نیمچە بزوێن + بزوێن یان بزوێن + بزوێن] بەپاسای فیزکی خاکی نیشتمان و خوێنی شەهید (نیشتمان و. . .)

دوژمن ڕای دەکردو دەگریا. (ڕای دەکردو. . .

بەلام ئەگەر ئەو دوو وشەیەی کە ئامرازی (و)ی عەتف دەچێتە نێوانیانەوە، چوویوونە شێوەی یەك وشەوە، واتە بووبوونە وشەیێکی لێکدراو، ئەو دەمە واوە عەتفەکە دەلکێنرێت بە وشەی یەکەمەوە، وەك:

گفتوگۆ	(گفتو. . .)
کتومت	(کتو. . .)
کشتوکاڵ	(کشتو. . .)
کەلوپەل	(کەلو. . .)
شتومەك	(شتو. . .)
هاتوچۆ	(هاتو. . .)

سێیەم - گیروگرفتی نووسینی (ی) ئیزافی و وەسفی:

(ی) ئیزافی پەیوەندی) بۆ پێکەوە بەستنی (ناو - ناو)، یان پێکەوە بەستنی (ناو - ئاوەڵناو) لە تەرکیبی ئیزافی ، یان وەسفی دا بەکار دەهێنرێت ، وەك:

ئەموستیلەی زێر	(ئەموستیلە - ی - زێر)
دایکی چاوبەفرمێسك	(دایك - ی - چاوبەفرمێسك)

ئامرازی (ی) وەسفی، یان ئیزافی لە تەرکیبی ئیزافی ، یان وەسفی دا، دەخرێتەسەر وشەی یەکەمی تەرکیبەکە ئەوجا:

- ئەگەر مەودای لکاندن نەبوو لە نزیکی یەوە دەنووسرێت ، وەك:

خەنجەری دەبان	(خەنجەر - ی. . .)
چرای ئازادی	(چرا - ی. . .)
چەقۆی کول	(چەقۆ - ی . . .)
بەڕووی چیا	(بەڕوو - ی. . .)
پەنجەرەی هەیوانەکە	(پەنجەرە - ی. . .)

٢ - ئەگەر مەودای لکاندن هەبوو، دەلکێنرێت بە وشەی یەکەمەوە، وەك:

بارانی بەهار	(باران - ی. . .)
پووشی سووتاو	(پووشی - ی. . .)
ماسیی ناوئاو	(ماسی - ی. . .)
خوێی مەملەحە	(خوێ - ی. . .)

بەڵام ئەوەی لێرەدا تووشی هەڵەی نووسین ، یان ئاڵۆزیمان دەکات، ئەوەیە، ئەو وشانەی کە کۆتایی یان بە پیتە بزوێنی (ی، وێ، ی) دێت، دەچن (ی) ئیزافی پێوە نالکێنن و بە جیا دەنووسن، وەك:

ترۆزی ی ناسك - ترۆزی ناسك.

ئەسکۆی ی دار.

هەرمێی باڵەك.

کۆری زانیاری بریاری - دا ، هەر وشەیێك ئامرازی (ی) ئیزافی خرایە سەرو - مەودای لکاندن هەبوو، دەبێت پێوەی بلکێنرێت و لێی جیا نەکرێتەوە، بۆیە ئێمەش لەمەولا:

دەنووسین و	نانووسین
هاوڕێی خراپ	هاوڕێی خراپ
هەرمێی ناسك	هەرمێی ناسك
گوێی چەپ	گوێی چەپ
خوێی چێشتەکە	خوێی چێشتەکە
مراوی ناو ئاوەکە	مراوی ناو ئاوەکە - مراوی ناو ئاوەکە
تەشیی دار	تەشیی دار - تەشیی دار

(ماوەیەتی)

زنجیرەی ڕێنووس

دەنووسین و	نانووسین
دەڕوات	دەڕوا
دەگات	دەگا
دەخوات	دەخوا
دەبات	دەبا
دەشوات	دەشوا

لەدوای ئەوەی کە لە گیروگرفتی نووسینی ڕاناو بووینەوە ، ئەوجا دێینەسەر باس کردنی گیروگرفتی ئەو ئامرازانەی کە لە سەرەتای باسەکەدا، لێی دواین:

یەکەم - گیروگرفتی نووسینی ئامرازی (ش) لەتەك فرمان دا:

(لەگەڵ ڕێژەی فرمان دا)

١ - ئەگەر ئامرازی (ش)ی عەتف بەدوای ڕێژەی (ب)دا هات، دەلکێنرێت بە ڕێژەی فرمانەکەوەو بە (قەد)، یان (ڕەگ)ی فرمانەکەوە نالکێنرێت، وەك:

بش چوومایە	(بش - چوومایە
بش چیت	(بش - چیت)
بش فڕە	(بش - فڕە)

٢ - ئەگەر بەدوای ڕێژەی (دە)دا هات لە نزیك ڕێژەکەوە دەنووسرێت و نالکێنرێت بە (قەد) ، یان (ڕەگ)ی فرمانەکەوە، وەك:

دەش هاتم	(دەش - هاتم)
دەش نووسم	(دەش - نووسم)
دەش ڕوات	(دەش - ڕوات)

لەتەك ئامرازی نەفی دا)

ئامرازی (ش)ی عەتف بە دوای ئامرازی (نە، نا، مە) دا، دەهێنرێت و لە نزیکی یەوە دەنووسرێت و نالکێنرێت بە (قەد) ، یان (ڕەگ)ی فرمانەوە، وەك:

نەش چووم	(نەش - چووم)
ناش تۆرێم	(ناش - تۆرێم)
مەش خۆن	(مەش - خۆن)

(لەتەك پێشگردا)

ئامرازی (ش)ی عەتف ئەگەر بەدوای پێشگردا هات - مەودای لکاندن هەبوو - پێوەی دەلکێنرێت ، دەنا لە نزیکی یەوە دەنووسرێت، بەڵام نانووسێنرێت بە قەد، یان ڕەگی فرمانەکەوە ، وەك:

هەڵیش چوو	(هەڵیش - چوو)
ڕاش بورد	(ڕاش - بورد)
تێش گەیشتم	(تێش - گەیشتم)
پێش کەنی	(پێش - کەنی)
ڕێکیش خرا	(ڕێکیش - خرا)
وێکیش دەچن	(وێکیش - دەچن)

دووەم - گروگرفتی نووسینی (و)ی عەتف:

ئامرازی (و)ی عەتف لەتەك وشەی پێشەوەی دا دەنووسرێت، بەڵام پێوەی نالکێنرێت ، وەك:

من و تۆ	(من و. . .)
هەرمی و هەنجیر	(هەرمی و. . .)
فرمێسك و خوێن	(فرمێسك و. . .)
گوڵ و ڕێحانە	(گوڵ و. . .)

لەشکرەکەی زینفون و کوردەکان (زینفون و. . .)

Institut Kurde de Paris

حەوتەم ساڵەی جەنگ و بنیات نان

انور احمد

شەشەمین ساڵەی جەنگ کۆتایی پێ هات و، پێمان نایە حەوتەم ساڵەوە... ئەگەر بێت و بە ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی جەنگ دابچینەوە، بە ڕوون و ئاشکرایی، هەست بەو ڕاستیە دەکەین کە ئێران هەمیشە ویستوویەتی خەونی گلاوی خۆی بەجێ بێنێ و پەلامار بداتە عیراقی پێشکەوتوو کە گەلەکەی لە ژێر سێبەری شۆرشی ١٧ - ٣٠ تەمۆزی نەمر ئاسوودەگی و بەختەوەری بۆ هاتوتەدی..

ئەم ئاقمە بەکرێ گیراوەی سەهێونیزم هەر لە سەرەتای جەنگەوە نیازی بۆ گەنی خۆی دەرخست کە داگیرکردنی عیراقە، لە ڕێگای ئەوەش بتوانێ هەموو هۆیەکی پێشکەوتن ڕاگرێت.. لە هەمان کات مەترسی ڕووخانی خۆی لە بیر گەلانی ئێران بباتەوە و بە جەنگێکی درێژ خایەن سەریان قاڵ کات... لەمەشدا نۆکەرانی ئیمپریالیزم لە سەرووی هەموو شیانەوە سووریاو لیبیای بە ناو عەرەب پاڵپشت بوون...

ڕووداوەکانی جەنگ ئاشکرایان کرد کە هیچ هێزێك نیە بتوانێ ڕوبەڕووی عیراق بووەستێ کە سەرباری جەنگ و سەرکەوتن لە بەرەکانی جەنگ بەردەوامە لە بنیات، نان و گەشانەوە... ئێران بە هۆی ئەم جەنگەوە لە ناوەوەو دەرەوە ڕووخاوە...

لە ناوەوە هەموو هۆیەکی پێشکەوتن وەستاوە، لایەنی ئابووری ئێران ڕۆژ بەڕۆژ لە ڕو وخاندایەو، بەهۆی لێدانی دوورگە نەوتیەکان و (بێ کاری) لە ئێراندا گەلانی بەسەزمانی ئێران هیچ مەودایەکیان لەبەردەم نەماوە.. ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی ئێرانت هیچ کاتێك مشووری خەڵکی بەسەزمانی ئێران نیە...

بەڵکو درێژەدانی حوکم و خۆسەپاندنەو فراوان بوونی (ئیمپراتۆریەتی)یە!

کەچی لە عیراقی صدام حسین، لە عیراقی پێشکەوتن هەردوو لایەنی جەنگ و بنیات نان ڕووی لە سەرکەوتن و بەرەپێ دانە.. هەموو گەڵ، هەریەك لە شوێنی خۆیەوە کارو کۆشش دەکات بۆ بەشداری لە جەنگ و زۆربوونی بەرهەم و سوپای میلی و هەموو لایەنێك کە دەبێتە مایەی سەرکەوتن لەم جەنگە مێژوویی یەدا...

عیراق هەمیشە لە گەشانەوەدایە.. هەموو لایەنەکانی تەندروستی و کۆمەلایەتی و ئابووری و پەروەردەو ڕۆشنبیری و کشت وکاڵی و... تاد لە پێشکەوتنی خۆیان نەکەوتوون... ڕۆژ بەڕۆژ پش گەلانی جیهان، زیاتر دان بەوەدا دەنێن کە عیراق لە شوێنی لێ پرسراوی جەز لە (ئاشتی) دەکاو لەسەر هەقە..

بەڵام ئێران - ی خومەینی، هەرگیز گوێ لەو ڕاستیە ناگرێت، چونکە نەبەلایەوە گرینگە ڕای جیهان لەگەڵی دابێ، نە بەلایەوە گرینگە شەڕ بووەستێ چونکە کاربەدەستەکانی قوم و تاران دەیانەوێ بین بە پاشای هەموو ناوچەکە... لەوانەش عیراقی ئازیز، کەچی لە ئەنجامی توانای بەرزو نەخشەی سەرکردایەتی و بیری خۆشەویستی گەل صدام حسین، هەمیشە هەر لە ژێر پۆستالی عیراقیە سەربەرزەکان خەونە گلاوەکانیان زیندە بە چاڵ دەکەین.

لەنێوان ماسیداو بیگنباوردا

ڕاهێنەری یانەی ئەمەریکانۆ «ماسیدا» بە درێژایی یاری تیپەکەی لە گەڵ یانەی «الفیصلي» دا دانەنیشت، جاریك دەهات و دەچوو، جاریك لێوی دەگازی جارێك چەپڵەی لێ دەدا، تاکو کۆتایی یارییەکە.

میکرۆسکوبی ڕۆژنامەی «البعث الریاضی» دەڵێ، وا دیارە خزمایەتییەك هەیە لە نێوان ئەوو ڕاهێنەری ئەڵمانی بیگنباور دا کە بە درێژایی یارییەکە وەستابولە یارییەکانی کاسی جیهانی دا تاکو ئێستاکەش لە سەر ئەم ئارەزوویە دەڕاوا،

لەم دووابیەدا بانگیان کرد بۆ کردنەوەی یانەی تۆپی (سەبەتە) یارییەکەی کردەوە بەو تۆپەکەی هاویشت، و گۆڵی تۆمار کرد.

بۆ زیادەی زانین «خۆلیۆ» لە ئەمەریکا دەژی و تاکو ئێستاکەش لە یانەیەك دەگەڕێ کەبرەو بە یاری تۆپی پێی بدەن. بەڵام تاکو ئێستاکە نەیدۆزیتەوە، چونکە ئەو برادەرانە، ئارەزوویان لە تۆپی سەبەتەیە.

سەر کەوتووەکانی کاسی جیهانی لە ماوەی ٥٦ ساڵدا

لیستەی سەر بەرزێتی کە ئەو تیپانەی تێدایە کە سەرکەوتوون لە ماوەی (٥٦) ساڵدا، شەش تیپن.

ئۆرگوای، ساڵی ١٩٣٠ وساڵی ١٩٥٠.

ئیتاڵیا، ساڵانی ١٩٣٤، ١٩٣٨، ١٩٨٢.

بەرازیل، ساڵانی ١٩٥٨، ١٩٦٢، ١٩٧٠.

ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوا، ١٩٥٤، ١٩٧٤.

ئینگلتەرا، ساڵی ١٩٦٦.

ئەرجەنتین، ١٩٧٨

١٩٨٦

وتەی - پاشماوە

سەپاند، خەیاڵی خاو بوو، لەلای وابوو، توانای هەیە خاکی عیراق داگیر بکات و ژێر دەستەی بکات و، خەونە ڕەشەکانی بهێنێتە دی، بەڵام ئەوە ماوەی شەش ساڵە گەلی مەزنی عیراق، بە دەستی پۆلایین و بە ووردی بەرزەوە، لە لایەن هێزە چەکدارەکانیەوە بەرەنگاری ئەو دوژمنە ڕق لە دڵە دەبێتەوە و لەم پێناوەدا بە خوێنی گەش ناونیشانی پاڵەوانیەتی تۆمار دەکات و بۆ هەموو جیهانی دەچەسپێنێت کە هێز نییە وولاتەکەمان داگیر بکات، تا ووزەمان لە گیان دا مابێت و تا تنۆکێك خوێن لە دەمارمان دا قوڵپەی بێت.

لە بیست ودووی ئەیلوولی هەموو ساڵێك دا، عیراقیەکان بە شانازی و ڕێز لێنانەوە، ستایشی سەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەکەن بۆ ئەو بڕیاری وەلام دانەوەیەی کە دای و وەلامی دەستدرێژی ڕژێمی ئاخوندەکانی دایەوەو هەر ئەو سەرکردایەتییەیە کە عیراق بەرەو سەرکەوتنی هەمیشەیی و تەواوەتی دەبات.

ستراتیژیەتی - پاشماوە

میری هەڵدەسێت بە بناغەو دروست کردن و بەرزکردنەوەی کەرتێك یان کارگە یا پیشەیەکی تایبەتی دوای ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە پێداویستی یەکانی بۆ دەرخستین وکلیلی دەرگای کارگەیان کەرتەکە دەداتە دەست، کەرتی تایبەتی و خۆی بە هیچ جۆرێك جارێکی تر توخنی ناکەوێت.

زۆر لە ئابووری ناسان وا ڕادەبینن کە چۆنێتی چینایەتی کۆمەڵگای یابان کاری خۆی هەیە لەسەر بڕەودانی بواری ئابووری وەك ئەوەی کە دەڵێن شێوە ئیقلاشی یەتێکی تایبەتی هەیە کە جیاوازی چینایەتی یابان و جۆری چینی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە نەبوونی جیاوازی چینایەتی دەرخستووەو داخرازی یەکێتی نقابەو زاڵ وبوونی چینێکی بەسەرچینێکی تردا نەهێشتووە یابان هەمیشە هەولیداوە شمەك بەرهەم بهێنێت بۆ زۆربەی دانیشتوان و دەستی کرێکاری هۆشیارو هەرزان و هونەری لە زۆربەی کەرتەکاندا بڵاو بکاتەوە.

مرونەتێکی داوە بە سیاسەتی ئابووری کارکردن و نزمی نرخی دراوی یابان (لین) بە پێی دراوەکانی دولاتانی تری ڕۆژئادا.

هەروەها پاراستنی بازاری ناوخۆ لە ململانێی دەرەوەو یارمەتیدانی پیشەسازیی یەلاوەکی یەکان و کرینی تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا بەو جۆرەی کە ڕێی پێ نەدرێت لە مەیدانی شمەکەستراتیجی یەکانی ناو یاباندا بەکار بهێنرێت ئەمەو زیادبوونی ڕۆژ دوای ڕۆژی وەپەرهێنان لە ناو خۆداو گرتنەبەری ڕێبازی سیاسەتی هێنانە ناوو زیادکردنی ناردنە دەر بەتایبەتی کات ژمێرو پتەوی ئابووری نیشتمانی و چەندەها دەزگای گەورە گەورەی بە توانادارایی دروست کردو یارمەتی کرداری تازە کردنەوەی پشەسازی پێ دەدات ئەمە جگە لەوەی لە ژێر سەرپەرشتی میری دا کۆمەڵە دەزگایەکی لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی لەنێو شارەکاندا بڵاو کردەو کە دوورن لە هەموو تێڕوانینێکی قازانج دەست کەوتن هەروەها بوونی کۆمەڵە دەزگایەکی تایبەتی بۆ یارمەتیدانی دەزگا ناوەندیەکان لە ڕێگەی کەم کردنەوەی بەرهەڵستی کارکردن وەك کۆمیتەی تەکنەلۆژیاو کۆمیتەی بڕەودانی تەکنەلۆژیای پیشەسازی، ئەم دیاردە تایبەتییە بەرهەم هێنانی گشتی نیشتمانی زیادکردو گەشەی پێدا بۆنموونە لە ساڵی ١٩٥٠ - ١٩٧٠ بەرێژەی لە ٠/٠١٠ زیادیکرد

ئامێری گەیەنە ڕو ئەلەکترۆنییەکان وەك کۆمپیوتەرو بیستەر، بینەر،... هتد.

بۆ نموونە ناردنە دەری یابان بە پێی هێنانە ناوی شمەك و کەل وپەلی بێگانە بە بەهای ١٤و٤٦ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ٨٥دا زیادی کردووە واتە بەرێژەی لە ٠/٠٣٧ بەرزبوتەوە، هەروەها ڕێژەی هێنانە ناوی لە وولاتانی کۆمەڵەی ئەوروپایی یەوە بە ڕێژەی او ٠/٠٥ کەمی کردوتەوە. هەموو ئەمانە پچڵکەوە بوتەی ستراتیجی یەتی بودجەی بازرگانی بەگشتی و ستراتیجی یەتی دروست کردە لە ناوخۆ بەتایبەتی دەگرنە خۆ. هەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەم یابان بڕیاری دا دامالینی چەك و قەدەغە کردنی کارکردن لە کاروباری سەربازیدا دەرکرد بەمەش سەربەمی توانای ئابووری ئاراستەکرد بەرەو بنیات نانی بناغەیەکی

وەزیری - پاشماوە

قوتابیانی ساڵی ١٩٨٥ - ١٩٨٦، کە ئێستا کۆلێژ و تاقیگاو هەموو پێداویستی یەکانی خوێندیان بۆ ئامادە دەکرێت، لە پێناوی ئەوەی کە ساڵی ١٩٨٦ - ١٩٨٧ بەوچەشنە پێشوازی لێ بکەن چالاکی ی زانستی و پەروەردەیی تێدا پێش بکەوێت لە ساڵی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ بالا تر بێت.

بەرێزی دووپاتیشی کردەوە کە چەندین کۆلێژ و ٢٤ بەشی نوێ دەکرێتەوەو نەخشەی تۆژینەوەی زانستی بۆ زانکۆکان دادەنرێت لە زانستی تەکنەلۆژیاو مرۆڤایەتی و زانستی ڕووت دا. لە گەڵ بایەخ دان بە تۆژینەوەی زانستی و بەستنەوەی بە پەرەسەندنەوەو کردنەوەی خوێندن و لێکۆڵینەوە لە زانکۆداو پشت بەستن بە توانای نیشتمانی لە وولات خۆیدا، جگە فراوان کردنەوەی بنکەی وەرگرتن بە چاودێری نیشتمانی.

هەروەها ووتی ڕادەی سەرکەوتنی ساڵی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ لە ساڵانی تر لە بواری هەموو زانکۆکان دا زۆر بالا تر بووە، ئەوە بوو ڕادەی سەرکەوتنی لە یەکەمین دەوری تاقی کردنەوەدا ٦٦٪ بوولەتەك پەرەسەندنی چەشنەکی دا.

لە کۆتایی قسەکانی دا وەزیری بەرێز دووپاتی کردەوە کە بریاروڕێی نوێنییەکانی سەبارەت بە قوتابیان زۆر توندوتیژ دەبێت، ئەوەبوو ڕادەی ئامادە نەبوون بۆ ١٠٪ نزم کرایەوەو کەوتن لە نیوەی وانەکان دا وا لە قوتابی دەکات لە خوێندن دەربکرێت، هەروەها سێیەمین ساڵی کەوتن بۆ هەموو قوتابیان هەڵوەشایەوە. تا هەل بۆ قوتابیانی تر ئامادەبێت هەلی خوێندنی خۆیان بۆبڕەخسێت و خزمەتی نیشتمانەکەیان بکەن. ئەمەش لەوەوە دێت پاڵ بە قوتابییەوە بنرێت ڕەنجی پتر بنوێنێت کات، کورت بکاتەوەو سەرکەوتن وەدی بهێنێت.

بەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە هەموو قوتابیانی دوا ناوەندی لە هەموو کۆلێژ و زانکۆکان دا وەرگیراوون بە بێ جوداوازی لێ کردن.

ئێران و... جەنگ و... ژمارە

محمد علي صوفي

ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی جیهان، ناوە ناوە ڕاپۆرتی تازە دەربارەی ئێران بڵاو دەکەنەوە، ئەو ئێرانەی کە لەژێر سێبەری «خومەینی» ڕۆژ بەڕۆژ لە ڕووخاندایە.. کاتێ ڕۆژنامەنووسان سەر لە ئێرانی ئێستا دەدەن، بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەن کە ئێران لەچ قوناغێکدا دەژی.. چون ڕژێم زیندان و قەنارەی بۆ گەلانی ئێران کردوتەوە کە تینووی سەربەستین...

بەسەر ژماردن، ڕاپۆرتەکان ڕادەگەیەنن کە ئێران لە ئەنجامی ئەم جەنگە تا ئێستا چی دەسگیر بووە، جگە لە ماڵ وێرانی گەلانی ئێران..

لێرەدا دەپرسین... ئایا ئێران لەم جەنگەدا چی بەچی کرد...

ئەمەش لەم خاڵانە دەردەکەوێ:

١) زیاتر لە ملیۆن و نیوێك کوژراو جگە لە بریندارو یەك کەوتەکان.

٢) حەوت ملیۆن بێ کار کە لەدوا سەرژمێری لە ئێراندا نیشان داوە.

٣) ئەو کەسانەی کە دووچاری برسێتی و کەساسی بوون ژمارەیان گەیشتوتە ٢٥ ملیۆن کەس.

٤) لە هەر مانگێك دا ئێران (٧٠٠) ملیۆن دۆلار دەدورێنێ، واتە (٥,٤) ملیار دۆلاری زەرەر کردووە لەماوەی شەش ساڵی جەنگ..

٥) جگە لەوەی کە بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی ئێران دەربەدەر - بوون و ڕوویان کردە دەرەوەی ئێران بۆ ڕزگاربوون لە دەست ئەم ڕژێمە بەکرێ گیراوە.

لێرەدا، کێ بەر پرسیارە...؟

بێ گومان هەموو لایەك دەزانێ کە عیراق چەندە هەولی ڕاگرتنی ئەم جەنگەی داوەو داوای ئاشتی خوازی کردووە، بەڵام ئێران ئەمەی بەلاوازی زانیوە...

ئەوەی ئێران دووچاری بووە، دەری دەخات کە لەچ ماڵ - وێرانی یەك دا دەژی، بێ گومان کاربەدەستان لەم ئێرانە هەست بە ئازارو ئەشکەنجەی ئێران و ڕۆڵەکانی ئێران ناکەن... بۆیە درێژە بەجەنگ دەدەن... لە ئەنجامی ئەوەش ڕۆژ بەڕۆژ بە ژمارە زەرەریان زۆرتر دەبێت.. بەڵکو مەرگێکی نەواو چاوەڕوانیان دەکات، ئەمەش ڕۆژێکی زۆر نزیکە...

فیربوون لە زاناکانەوە

چاکترین شت لە یاریزانە کۆنەکانەوە کە فێر دەبین ئەوەیە، کە یاریزانە تازە پێگەیشتووەکان فێر دەکەن.

زانین و ڕاڤەی یاریزانە کۆنەکان، فێربوون لە لای یاریزانە تازەکان زۆر دەکا. بە مەرجێك سوود وەرگرتن لە ڕاڤەی یاریزانە کۆنەکان وەرگرن.

یاریزانی تازەپێگەیشتوو پێویستە کات کورت بکەنەوە لە ڕێگەی ڕێڕەوی وەرزشداو هونەری وەرزشیدا. ئەم حاڵەتە زیاتر سوودمەند دەبێ، ئەگەر یاریزانی تازە پێگەیشتووڕەشتی باش بێ و خەڵکی پەیڕەوی هەلسوکەوتی بکەن. چونکە سوود وەرگرتن لە ڕاڤەی یاریزانە کۆنەکان، شتێکی سوود مەندە. هەروا لە گۆڕەپانەکاندا بگاتە ڕادەو پلەی ئەو یاریزانە کۆنانە کە جێگەی ڕێزی بو.

- پاشماوەی -
لە یادی چل و نۆیەمین ساڵی کۆچی حەمدی دا

لە ژمارە ٨٥٧ی ڕۆژنامەکەمان دا نووسینێکی کاك ئومێد ئاشنامان بە ناوی (لە یادی چل ونۆیەمین ساڵی کۆچی دوایی حەمدی دا بڵاوکردەوە لەبەر چەند هۆیەکی هونەری نەمانتوانی پاشماوەکەی لە لاپەڕە ١١ی بڵاوکەینەوەوا لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.

(رازی برادەری)

ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ کە لەسەر دەفتەری شوعەرادا - حەمدی - بوو بەجاری لێیان گوم بوو. ئەشێ بۆ براو کوڕو کەس و کاری ماتەمێکی بەئێش بێ، بەڵام هیچیان بەقەدەر ژیان و خاوەندی ژیان پێی گران نیە، چونك و پایەی بڵندی شاعیری ئەو بەکەس پر نابێتەوە، هەیکەلی بزرگان و نام داران شێوەیەکی خاوەندیان ئەنوێنن. ئاخ، هەیکەلی شاعیر بەخامۆشی ئەو ڕۆحە دەرناخا مەگەر دیوانەکەی بکەوێتە کایەوەو هونەری بکەوێتە ناوەوە. شاعیریی ئەحمەد بەگ خوداداد بوو، بەخوێندن نەبوو، ئەمەلای تیپی دانش وەران پەسەند ترە، لەناو نامدارانی ئەدەبی تورکدا - ئەکرەم بەگی رجائی زادە - کە ئوستادی ئەعزەمی عیلم البیان و بدیع معانی - یەو خاوەندی تەعلیمی ئەدیبانە، زۆر هەولی شاعیری داوە بە سنەەت و کولفەنیشی زۆرە. لە هیچ وەقتیکدا ناگاتە ئیسماعیل سەفاکۆ شاعیری مادەر زادی پێ ئەڵێن، ئەو ڕەوانی و نەرمی و زەمزەمەو سەفای شیعری سەفایە بەعیلم و سیفەت پێك نایە. خوداوەندی شاعیرانی تورك - عبدالحق حامد - ئێستایش قواعدو سنعەتی جناس و لە فزی نازانێ، پەروازی لە ئاسمان و شیعرەکانی وا لە ژوور مەعناوە.

ئەحمەدبەگ هەندێ شیعری خۆیت لێ بپرسیایە ئەمەندە بەمەعنا بوو خۆی مەعناکەی نەدەزانی و نەشی ئەزانی کە ئیلهامێکی ڕۆحە. من بەش بە حاڵی خۆم ئێستاکە ئەحمەد بەگ پەروازی شاعیرانەی کردوە مردنەکەیشی شاعیرانەیە، پێی لێ ئەنێم شاعیری وەك ئەحمەد بەگ - مان لە دوای - مەولەوی - کەم بووە. مەحوی کە بە دیوانەکەی مەحوی لەبارا نیە زۆر کولفەتی پر مەعنایی کێشاوەو پەپرەوی بێ دڵە تۆ لە هەندێ مانای وردی لادە، لە ئاهەنگ و زەمزەمەو بڵندی دا حەمدی - خۆش شیوە ترە.

من خۆم شاعیر نیم، بەڵام خوا زەوقیکی داومێ شیعر بناسم و بە ڕۆح ئاشنای شاعیران بووم و لەگەڵ ئەحمەد بەگ - دا ئاشنایی پەنهانیان زۆر بوو. ئەو سوار چاك بوو منیش بەڕاستی وڵاخی چاکی ڕەسەن و جنسم ئەناسی، ئەو شاعیر بوو منیش لە ئاهەنگی شیعر دەگەیشتم، جا لەبەر ئەوە بۆ من دەردێکی گرانترە».[1]

١ - رازی دەروون ژین ژمارە (٥٠٣) ت٢ ١٩٣٦.

٢، ٣، ٤، هەمان سەرچاوە

٥، ٦ - دیوانی حەودی ل ٣٣٤، ل ٥٠

٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، رازی دەرون

هونەری - پاشماوە

ئیمەیش بەوجۆرە ئیبداع بکەن و بەو شێوەیە بنوسن. سەرەنجامی ئەم باسە ئەمەوێ ئەوە بەخەمە ڕوو کە نوسەری هەر بەرهەمێك ئەبێ واقیع بخاتە ڕوو. هەروەکو چۆن بەلای نوسەری گەورەی ئەڵمانیاو «بروتولد بریخت» خواستی دراما مێژووەو ئەڵێ:- مێژوو گیانێکی زیندووی دراما یە «واتە دراما بێ مێژوو بونەوەرێکی بێ گیانە چونکە هەرگیانی مێژووە ڕووداو دروست ئەکا

Institut Kurde de Paris

هەرجارێ نووسینێك

ناڵۆزی ودژواری لەچیرۆکی میللی کوردیدا..)

سلام مەنمی

چیرۆکی میللی کوردی بەدرێژایی مێژووی دەماودەم هاتووەو هەنگاوی ناوە.. کەس نەیتوانیوە خۆی بە خاوەنی بکات..

لەبەر ئەوەی سامانی نەتەوەیەو مافی ڕەوای خۆیەتی و جێی دەستی تاك و تاقمێکی دیاری کراوی پێوە دیار نییە، هەروەها بە کشتی‌ی لە چەرخێك دا سەریان هەڵنەداوە. هەرچەند مرۆڤ ئەتوانێ لە هەندێ شوێن دا چەرخیان بۆدەست نیشان بکات، وەك ئەڵێن: ـ لە زەمانی عوسمان لی‌دا..

یاخود زەمانی مەحموود پاشاو سوڵتان مەحموددا.. بە هەرحاڵ جیهانی چیرۆکی میللی کوردی بەرفراوان و ئاڵۆزەو وەك دەریایەکی بێ سنوور وایەو کەس ناتوانێ شەپۆلەکانی بژمێرێت و بگاتە ئەو پەڕی..

مەسەلەی گێرانەوە لەبەرشانی ئەو کەسەو کۆی ئەکاتەوەو خەریکی ئەبێ بارێکی گران و ئاڵۆزە، جاری واهەیە چیرۆکێك سێ کەس ئەگێڕێتەوەو هەر یەکەیان لەوانی تر جۆرە جیاوازێکی یەکی هەیە.. ئەمە هەرچەند لە بەرشانی ئەو کەسە گران و ئاڵۆزە بەڵام بە گوێرەی یاسای فۆلکلۆرو ڕەئی زانایانی کارێکی ڕەوایە.. زانایان ئەڵێن: (حیکایەت خوان لە گێرانەوەی چیرۆکەکەیدا سەر بەستەو گوێ ناداتە دەوروبەری خۆی، بۆی هەیە ئەو چیرۆکە وەك خۆی بهێڵێتەوە، یاخود لێی زیادو کەم کات، یان ڕاستی‌ی کاتەوە..)

ـ دکتۆر علی جواد الطاهر ـ لە بابەتی حیکایەت خوانە وە ئەڵێ:

«حیکایەت خوان هەتا خاوەن بەهرەو زیرەك بێ باشترو سەرکەوتووترە، چونکە بە ئاسانی بەسەر گوێ گرانیا زاڵ ئەبێ و قەناعەتیان پێ ئەکات..»

ئەو کەسەیش کۆی ئەکاتەوەو خەریکی ئەبێ لای خۆیەوە بەوردی سەرەنجی ئەداتێ و ئەچێتە بنج وبناوانی وتێیی دەگات.. ئەو چیرۆکانە وەك خۆیان ئەهێڵێتەوە کەزیندوون و لەزێی خواست و ئاواتی مرۆڤ دا، خزمەت گوزارن و ڕابوردوویەکی نەمرن و پێناسەی نەتەوەن، بێگومان پارێزگاری ئەو پێناسەیە پارێزگاری ژیانەو بەگژا چوونی دوژمنە..

ئەو چیرۆکانەیش کە لێنێك پڕ ناکەنەوەو بەرژەوەندیان تیا نابینرێ و دوورن [illegible] لە [illegible] شارستانی‌یەت، دەستکاری ئەکرێن، بە گیانی شارستانییەت موتوربەدەکرێن.. لەم بارەیشەوە هەندێ لە فۆلکلۆرناسان ئەڵێن: (گواستنەوەی ئەفسانەو کاری پرووپووچ وەك خۆیان جگە لە زیان هیچ بەرژەوەندی‌یەك نابەخشن و وەك دەرخستی بێبەر وان...)

لە ناوەڕۆکی هەندێ چیرۆکی میللی کوردی‌دا بەزەقی ئاڵۆزی و دژ واری ئەبینرێ، بۆنموونە کورە کەچەڵ زۆر جار ڕەمزی دەستە وسانی و بەرەڵایی‌یە.. بەڵام لە هەندێ چیرۆکا قارەمان ولێهاتووە. پاشا بەوپەڕی مەمنوونی‌یەتەوە کچی خۆی ئەداتێ و لە جێگەکەی خۆی دایئەنێ.

یاخود سوڵتان مەحموود، لە زوربەی چیرۆکەکانیا ڕەمزی زۆرداری و دڵڕەقی‌یە.. ڕێکیش ئەکەوێ پیاو چاکەو ئەو پەڕی یەکسانی بەرپا ئەکات..

لە کۆتایی‌دا ئەڵێم: ـ چیرۆکی میللی کوردی بە هەموو ئاڵۆزی‌و دژ واری‌یەکیەوە لە هەموو چەرخێك دا جێگەی پێویستی‌ی مرۆڤەو هەرگیز ناتوانێ دەستبەرداری بێ.. با ئەوچەرخەیش چەرخی پیشەسازی‌و پەرە سەندن یێ، چونکە پێشکەوتنی مرۆڤ، نابێتە هۆی پشت هەڵکردنی لە سامانی نەتەوەکەی.

ئەگەر پشت لەو سامانە هەڵبکرێ‌و وازی لێ بهێنرێ ئەبێ هێلێکی ڕاست و چەپ بە سەر مێژووی گەل دا بهێنرێ‌و مۆرك و پێناسەی نەتەوایەتی‌ی بکوژێنەوە



بەهرەیەکی گەش

شێرزاد

لێرەولەوێ، بەهرەی خنجیلانە، سەرهەڵدەدەن،
چرۆی دەمیان بۆ پاشە ڕۆژ دەکەنەوە،
بچووکن، بەڵام ئاوات و خۆزگەیان گەورەیە..

ـ زهیر سعدون ـ یەکێکە لەو بەهرە ناسکانە، کە لە زیاتر بەرهەمێکی شانۆیی‌دا دەرکەوتووە، بەهرەی ئارەزوومەندانەی شانۆی پێویە، سەرباری زیرەکی خۆی، کە لە ژیانی ڕۆژانەو قسەی شیرین ڕەنگ ئەداتەوە..

وونم: کێ توی هێنایە سەرشانۆ؟

ووتی: حەزم لە شانۆ دەکردو، دایك و باوکم، خوشکم، هەموویان هونەرمەندن..

ووتم: حەز لە شانۆ، قوتابخانە دەکەی؟

ووتی: هەردوکیان.. ئەکتەرەکانم بەقەد مامۆستاکانم

حەکایەتێك لە فۆلکلۆری کوردیمانەوە بۆ منداڵان

محمد حمە صالح توفیق

کورە کەچەڵ منداڵێکی بزێوو سەربەدەرەوەبوو دەبێت، ڕۆژ یکیان منداڵانی ئاوایی لە گەڵ خۆی هەڵدەگرێت و دەچن بۆ قارچك دۆزینەوەو جەنجاڵ دەبن و ئاگایان لە خۆیان نامێنی کاتێ بە خۆیان دەزانن شەویان بەسەردا دێت و ڕێگەی گەڕانەوە هەڵە دەکەن. منداڵەکان لە ترساندا سەریان لێ دەشێوی‌و ڕێ بە هیچ لایەکدا دەرناکەن، لە دوورەوە ئاگرێکی کز بەدی دەکەن و هەڵدەسن بەرەو لای ئاگرەکە دەچن، تەماشا دەکەن ئاگرەکە لە کونە ئەشکەوتێکدایە ودەڵە وورچێك کورووشکەی کردووە لە بەری. کورە کەچەڵ بانگ دەکات داپیرە میوان ڕادەگری؟ ئەویش دەڵێ داپیرە بەقوربانتان بێت، میوان بەخێربێت سەرچاوان.

ئەوجامنداڵەکان دەچنە ژوورەوە خۆیان لە بەر ئاگرەکە گەرم دەکەنەوە. لە پاش حەسانەوەو خۆگەرم کردنەوە دەڵێن داپیرە خەومان دێ. داپیرەش جێگەیان بۆ ڕادەخاو دەیانخەوێنێ و دەستیان بە سەردا دەهێنێ. داپیرە مرخی لێ خۆش کردبوون و دەیویست چاویان بچێتە خەو بیانخوات. لە بەر ئەوە دوای یەك دوو سەعات داپیرە دەڵێ ڕۆڵەکانم کێ خەوتووەو کێ نەخەوتووە؟ کورە کەچەڵ ناوی خۆی دەنێ گونمتکەو دەڵێ داپیرە گیان گشتیان خەوتوون بەس بە تەنیا گونمتکە نەخەوتووە. ئەویش دەڵێ گون و منت دارزێ گونمتکە ئەوە بۆچی ناخەوی؟، ئەمیش لە وەڵامدا دەڵێ دایکمان هەموو شەوێ برێشکەی گەنمە شامیی بۆ دەکردین. داپیرە وورچیش هەڵدەستێ برێشکەی گەنمە شامیان بۆ دەکاو وەختێ منداڵەکان دەیخۆن پێیان دەڵێ دە ئێستا بنوون ڕۆڵەکانم وا شەوگار درەنگە ماوەیەکی پێ دەچێت داپیرە دووبار دەڵێ کێ خەوتووەو کێ نەخەوتووە؟ ئەمجارەش گونمتکە دەڵێ داپیرە گیان هەموویان خەوتوون تەنیا گونمتکە نەیێت. ئەویش دەڵێ دەك گون و منت دارزێ گونمتکە ئەوە بۆ خەوتان لێ زڕاوە؟ ئەمیش دەڵێ داپیرە گیان تینوومانە، بچو بیژنگەکە بە بۆ ئەو چەمەو ئاومان بۆ بێنە تێیدا.

داپیرە وورچیش هەڵدەستێ دەچێ بۆ چەمەکەو هەرچەند بیژنگەکە دەکات بە ئاوەکەدا هیچ ئاوی پێوە ناوەستێ. داپیرە ناچار دەگەڕێتەوە. ودەڵێ ئاوی تێ ناچێت. ئەمیش پێی دەڵێ داپیرە بڕۆ بۆ ئەو شاخەو بنێشتی دار قەزوانی بۆبکەو بە کونی بیژنگەکەیدا بلکێنە جا ئاوەکەی بە چاکی تێدا دەوەستێ. داپیرە وورچیش دەڕوا بۆ شاخ و تا داری بنێشت دەدۆزێتەوە ڕۆژ دەبێتەوەو منداڵەکان دەچنە ژوورەوە خۆیان لە بەر ئاگرەکە گەرم دەکەنەوە. لە پاش حەسانەوەو خۆگەرم کردنەوە دەڵێن داپیرە خەومان دێ. داپیرەش جێگەیان بۆ ڕادەخاو دەیانخەوێنێ و دەستیان بە سەردا دەهێنێ. داپیرە مرخی لێ خۆش کردبوون و دەیویست چاویان بچێتە خەو بیانخوات. لە بەر ئەوە دوای یەك دوو سەعات داپیرە دەڵێ ڕۆڵەکانم کێ خەوتووەو کێ نەخەوتووە؟ کورە کەچەڵ ناوی خۆی دەنێ گونمتکەو دەڵێ داپیرە گیان گشتیان خەوتوون بەس بە تەنیا گونمتکە نەخەوتووە. ئەویش دەڵێ گون و منت دارزێ گونمتکە ئەوە بۆچی ناخەوی؟، ئەمیش لە وەڵامدا دەڵێ دایکمان هەموو شەوێ برێشکەی گەنمە شامیی بۆ دەکردین. داپیرە وورچیش هەڵدەستێ برێشکەی گەنمە شامیان بۆ دەکاو وەختێ منداڵەکان دەیخۆن پێیان دەڵێ دە ئێستا بنوون ڕۆڵەکانم وا شەوگار درەنگە ماوەیەکی پێ دەچێت داپیرە دووبار دەڵێ کێ خەوتووەو کێ نەخەوتووە؟ ئەمجارەش گونمتکە دەڵێ داپیرە گیان هەموویان خەوتوون تەنیا گونمتکە نەیێت. ئەویش دەڵێ دەك گون و منت دارزێ گونمتکە ئەوە بۆ خەوتان لێ زڕاوە؟ ئەمیش دەڵێ داپیرە گیان تینوومانە، بچو بیژنگەکە بە بۆ ئەو چەمەو ئاومان بۆ بێنە تێیدا.

داپیرە وورچیش هەڵدەستێ دەچێ بۆ چەمەکەو هەرچەند بیژنگەکە دەکات بە ئاوەکەدا هیچ ئاوی پێوە ناوەستێ. داپیرە ناچار دەگەڕێتەوە. ودەڵێ ئاوی تێ ناچێت. ئەمیش پێی دەڵێ داپیرە بڕۆ بۆ ئەو شاخەو بنێشتی دار قەزوانی بۆبکەو بە کونی بیژنگەکەیدا بلکێنە جا ئاوەکەی بە چاکی تێدا دەوەستێ. داپیرە وورچیش دەڕوا بۆ شاخ و تا داری بنێشت دەدۆزێتەوە ڕۆژ دەبێتەوەو

★ سەرنج: ئەم حەکایەتەم لە بەر خوشکە «نەجیبە حمەئەمین» تۆمار کردووە. تەمەنی سی‌وپێنج ساڵەو خەڵکی کفری‌یە.

هونەرمەند دڵشاد محمد سعید... ژدهوکێ بۆ ناڤ ئینگلیزی

مختار فائق

ئێك ژوان خەلات و دیارێین سەرۆکی قوماندار صدام حسین ـ خودێ ـ بهێلیت ـ بۆ هونەرمەندو ژێهاتیاو وەکورێزگرتن و چافدێریا وی بۆ هەر هۆزانڤانەکێ لێهاتی‌و پێش کەفتی.. ئەو دیاریا سەروکی بۆ بۆ هونەرمەندێ گەنجێ بناف و دەنگ دلشاد محمد سعید دەما بریار دای بۆ هنارتنا وی بۆ وەلاتێ ئینگلستانێ لسەر کیسێ دەولەتێ بۆ خاندنا هونەرێ مۆسیقی«..

هونەرمەند دلشاد ژی..

هەژی ڤێ کەرەمێیەو ب زیرەکی و شارەزاییا خۆشیا بدەمەکێ گەلەك کورت قۆناغەکا درێژ ژ خاندنا خۆ کورت بکەت و چاك فێری زمانێ ئنگلیزی ببیت و فێری گەلەك هونەرێت موسیقی ببیت لزانکۆیا وێلز ل بریتانیا..

هونەرمەندێ گەنج دلشاد شیا کو دەنگێ ڕەسەنێ ئاوازا کوردی ژ دهوکێ بگەهینتە ناڤ ئنگلیزی لباژێرێ ئنگلستانێ‌و تنێ لسالا ١٩٨٥ شەش ئاهەنگێت موسیقێ ل وێلز سازبکەت. وهەر وەسا لسالا ١٩٨٦ یێ شیای ٢٤ ئاهەنگێت موسیقا کوردی‌و ڕۆژ ئاڤایێ ساز بکەت و پشکداری کرد بەریکانیەکا موسیقێ‌دا لباژێری کاردیف ل بریتانیا کو هونەرمەند دلشاد سەرکەفت و خەلاتێ ئێکێ وەرگرت و سەرکەفت لسەر چار زانکۆیێت وێلز و ببۆ جهێ پیتە پێ کرنا گەلەك ڕۆژنامێت ئنگلیزی..

هونەرمەندێ مە یێ کورد دلشاد نهۆ (لیدەر)ێ ئانکو سەر کێشێ ئورکێسترا زانکویا وێلزەو یێ خۆ ئامادەکەت بۆ ئاهانگەکا بەر فرەها ئورکێسترا کونجیرتو چایکۆفسکی کو لهەیڤا کانوینا ئێکێ یا بهێت دێ پێ رابیت..

هونەرمەندێ گەنج ئ لێ هاتی دلشاد هاتنا خۆڤێ هاڤینێ بۆ وەلاتی بدەلیڤە دیت و شیا چەند پارچێت موسیقا کوردی تۆمار بکەت بۆ تلفزیونا بەغدا..

ئەم ژی ڤی دەرافی بدەلیڤە دبینین بۆ پیرۆز بایا هونەرمەند دلشاد بکەین بهاتنا وی بۆ وەلاتی‌و هیڤی دارین هەرێ پێش کەفتی بیت و هەرێ لجهێ ڕێزو قەدرگرتنێ بیت ئەوژی بهونەرێ خۆ یێ کوردی یێ رەسەن.

شیعر بۆ منداڵان / باخچەی منداڵان

ئێمە باخچەی بەنازین
لە باشە ڕۆژ سەربازین
زاناو نەبەردو ژیرین
خاوەن زانست و بیرین
تێ دەکۆشین بۆ وەلات
تاکو دەگەینە ئاوات
بەزانست و بیرمان
پێشی دەخەین نیشتمان
هیوامان گەلێ بەرزە
دوور لەخەو وەنەوزە
لە پۆلی قوتابخانە
بێ دەنگ دەبین لە وانە
ڕێزی مامۆستا دەگرین
لە پێناوی‌دا دەمرین

محمود خسرو کاوانی

بۆ زاخاوی مێشك

بەرهەڤکرنا خالد هاجانی

پەیڤا بەرزەبوی تورڤان جیهانی خورد

پەیڤا بەرزە بوی ٩ تیە

١ ـ هاوکاری	١٤ ـ هەژدە
٢ ـ جەزیری	١٥ ـ کنار
٣ ـ پاکستان	١٦ ـ خانی
٤ ـ کوردستان	١٧ ـ ڕۆژ
٥ ـ ئەڤین	١٨ ـ دل
٦ ـ ژن	١٩ ـ توپ
٧ ـ تل	٢٠ ـ چاڤ
٨ ـ ریزان	٢١ ـ آڤ
٩ ـ بەیان	٢٢ ـ زل
١٠ ـ هەوڵێر	٢٣ ـ کچ
١١ ـ دهوك	٢٤ نان
١٢ ـ کاوە	٢٥ ـ من
١٣ ـ جوان	٢٦ ـ سێ

قوتابی‌یەکی سەرکەوتوو

ئەحمەد سەپان

لە قوتابخانەی ـ سانکۆ ـ ی سەرەتایی تێکەڵ لە چوارقورنە، چاومان بە قوتابی‌یەکی سەرکەوتووکەوت..

لەم چاوپێکەوتنەدا ئەم قوتابی‌یە بۆ خوێنەرانی هاوکاری ووتی:

● ناوم (ڕەنجبەر جەلال ئەحمەد)ـە.

● قوتابیم لە قوتابخانەی (سانکۆ)ی سەرەتایی تێکەڵ.

● پۆلی چوارەمم دەرچووم بۆ پۆلی پێنجەم.

● تاکو ئێستا هەموو نیوە ساڵ و سەرە ساڵم بە پلەی یەکەم بریوە.

● بەڵێنم داوە زیاتر هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی هەموو پلەکانی خوێندن ـ بە پلەی یەکەم تەواو بکەم.

● لەبەر ئەوەی باوکم زۆر یارمەتیمان دەدات من و براکانیشم هەر بەیەکەم دەردەچین.

● پۆلی یەکەم لە بازیان بووم لەبەر ئەوەی باوکم لەوێ فەرمانبەر بوو ـ بەڵام پۆلەکانی تر لە چوارقورنە بووم.

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
وەزیریە
تەنبشت
(المعهد القضائی)
تەلەفون
٤٣٥١٨٤٦
٥ خەت

Institut kurde de Paris